NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

ARAN
FOR THE DEVELOPMENT OF CIVIC CULTURE

## چاودێری کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

# ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

## ژمارە 6

ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی

بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

# 2026

# ناوەڕۆک

تەوەرەی یەکەم:
چوارچێوەی گشتی ڕاپۆرت.................................................................. 1

تەوەرەی دووەم:
شێرپەنجە و بەردەوامی قەیرانی دەرمان.................................................................. 4

تەوەرەی سێیەم:
گرفتی کلاسیکی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان ..................................... 8

تەوەرەی چوارەم:
تەندروستی لە هەرێمی کوردستانەوە لە خزمەتێکی مرۆییەوە بۆ بازاڕی بازرگانی......................15

تەوەرەی پێنجەم:
پەرستاران لە خەونی بوون بە فریشتەی رزگارکەرەوە بۆ بە کۆیلەکردنی مۆدێرن............. 27

تەوەرەی شەشەم:

بە بازرگانیکردنی زانست و دابەزاندنی کوالیتی زانستی پزیشکی، بواری پزیشکی ددان بە نموونە.....................................................................................40

تەوەرەی حەوتەم:

نەخۆشانی دەروونی، لاوازترین توێژی کۆمەڵگا لە بەردەم بازاڕی بێبەزەیی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.............................................................................50

تەوەرەی هەشتەم:

ڕیکخراوی ئاران و پرۆژە چاکسازییەکانی................................................... 59

# تەوەرەی یەکەم:
# چوارچێوەی گشتی ڕاپۆرت

## پێشەکی

ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی، هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاریی لەسەر رەوشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، کە ئەمە ڕاپۆرتێکی ساڵانەیە و بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی بڵاو دەکرێتەوە، ئەم راپۆرتە دەکاتە راپۆرتی ژمارە (٦) چەندین زانیاری گرنگ و بەراودکاری لەسەر رەوشی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەخاتە روو، کە هاوکات بەراوردکراوە بە بنەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، جگە لەمەش راپۆرتەکە راسپاردەو چارەسەری بۆ کێشەکان دیاری کردووەو دوای بڵاوکردنەوەش ریکخراوی ئاران بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەت وەزارەتی تەندروستی و ئەندامانی پەرلەمان و پسپۆرانی تەندروستی لە پێناو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە راپۆرتەکەدا خراونەتە روو.

ئەم راپۆرتە گوزارشت لە ماوەی یەک ساڵی تەواو، واتا لە( ٠١-٠٦-٢٠٢٥ بۆ ٣٠-٠٥-٢٠٢٦) ئامادە کراوە.

تێبینی// لە پێناو کورتبڕی و خۆ لادان لە درێژکرنەوەی راپۆرتەکە، ئەو داتا جێگیرانەی کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتووە لە راپۆرتەکانی ژمارە (٤) و ژمارە (٥) دا هاتوون بە پێویست نەزاندرا لێرە دووبارە بکرێنەوە، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر هەردوو راپۆرتی ئاماژە پێدراو ئەگەر خواستی ئەوەی هەبوو ئەو داتا و ئامارانە ببینێت، بۆ ئەو مەبەستە دەقی هەردوو راپۆرت لەسەر بەرگی ئەم راپۆرتەدا بە بارکۆد دانراون، خوێنەر لەرێگای سکانکردنی بارکۆدەکانەوە دەتوانێت دەقی هەردوو راپۆرتەکە ببینێت.

## ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتە

ئەم ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییە چەند ئامانجێکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:-

**یەکەم:-** خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاستەقینە و پێشکەشکردنی داتا و ئاماری ورد و بابەتییانە لەسەر دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە.

**دووەم:-** ئاشکراکردنی کێشەکان ودەرخستنی کێشە بنەڕەتییەکان وەك گەندەڵی، دەستێوەردانی حیزبی و قۆرغکاری لە بازاڕی دەرمان و گرێبەستە گشتییەکاندا، کە بوونەتە هۆی پاشەکشەی کەرتی گشتی.

**سێیەم:-** بەراوردکاریی و شیکردنەوەی زانستی بۆ سیستەمی تەندروستی هەرێم و بەراوردکردنی لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکانی (WHO) و سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ دیاریکردنی کەلێن و دواکەوتنەکان.

**چوارەم:-** پێوانەکردنی بارگرانی لەسەر هاووڵاتیانودەرخستنی ئەو بارگرانییە داراییە قورسەی کە بەهۆی پاشەکشەی کەرتی گشتی و گەشەی بازاڕی تەندروستییەوە کەوتووەتە سەر شانی هاووڵاتیان.

**پێنجەم:-** وروژاندنی مەترسییەکان و داڕشتنی نەخشەڕێگا لەبارەی مەترسییە شاراوەکانی سەر تەندروستی گشتی وەك دەرمانی بێ کوالێتی و نەخۆشییە گوازراوەکان و لە کۆتاییدا پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کرداری وەك نەخشەڕێگایەك بۆ چاکسازی و باشترکردنی سیستەمەکە.

## میتۆدی ڕاپۆرت

ئەم ڕاپۆرتە پشتی بە میتۆدێکی تێکەڵ بەستووە، کە تێیدا میتۆدی وەسفی شیکاری کرۆکی کارەکەیە و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتای چۆنایەتی و چەندایەتی وێنەیەکی گشتگیر و قووڵ لەسەر کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو.

**میتۆدە بەکارهاتووەکان:-**

### یەکەم:ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

1- **چاوپێکەوتن:-** چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك لایەنی جۆراوجۆردا ئەنجامدراوە، لەوانە:-

- بەرپرسانی باڵا لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.
- پزیشکانی پسپۆڕ، دەرمانسازان و کارمەندانی تەندروستی.
- بازرگانانی دەرمان و خاوەن کۆمپانیاکان.
- قوربانیان و کەسوکاری نەخۆشەکان.
- چالاکوانانی مەدەنی و شارەزایانی بواری تەندروستی.
- خوێندکارانی کۆلێژەکانی پزیشکی ددان

2- **دیداری گفتوگۆیی(چاوپێکەوتن):-** دوو دیداری فراوانی گفتوگۆیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان (بەرپرسان، پەرلەمانتاران، پسپۆڕان، میدیاکاران، و قوربانیان) ڕێکخراوە. ئەم دیدارانە بەکارهاتوون بۆ خستنەڕووی داتا سەرەتاییەکان، وەرگرتنی بۆچوونی جیاواز، پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان، و دارشتنی ڕاسپاردەی کرداری.

3- **تێبینی مەیدانی:-** تیمی ئامادەکار سەردانی مەیدانیی دەیان نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی، دەرمانخانە و سەنتەری تایبەتیان کردووە بۆ تێبینی کردنی ڕاستەوخۆی دۆخەکە و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

**میتۆدی کارکردن:-**

- ڕووپێویی مەیدانی:- **ڕووپێوییەکی گشتگیر بۆ ژماردنی دامەزراوە تەندروستییەکان (نەخۆشخانە، بنکە، مەڵبەند) ئەنجامدراوە** بۆ بەدەستهێنانی ئامارێکی ورد و سەربەخۆ، کە دواتر لەگەڵ ئامارە فەرمییە جیاوازەکاندا بەراورد کراوە.
- **شیکردنەوەی ئامار و داتا:-** کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای ژمارەیی لەسەر چەندین بابەتی گرنگ، وەك بازرگانی دەرمان و ڕێژەی دابینکردنی لە کەرتی گشتی و تایبەت و ژمارەی حاڵەتەکانی کڕینی دەرمان و تێچووی دارایی لەسەر هاووڵاتیان و ژمارەی نەشتەرگەرییەکان، و کارمەندان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و ڕێژەی سەردانیکاران بۆ کلینیك، نۆرینگە، و سەنتەرەکانی جوانکاری.
- **شیکردنەوەی بەراوردکاری:-** سیستەمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سیستەماتیك لەگەڵ ستاندارد و بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو بەراورد کراوە بۆئەوەی بزانرێت سیستەمی تەندروستی هەرێم لە چی ئاستێکدایە.

## ڕەچاوکردنی لایەنە ئاکارییەکان

لە تەواوی قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا، پارێزگاری لە نهێنیی سەرچاوەکان و ئەو کەسانە کراوە کە زانیاریی هەستیاریان داوە، بەتایبەت لە بابەتەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و دەستێوەردانی حیزبی، هەروەها ڕەزامەندیی زارەکی لەو کەسانە وەرگیراوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە.

# تەوەرەی دووەم:

# شێرپەنجە و بەردەوامی قەیرانی دەرمان:-

هەر وەک لە راپۆرتی پێشوو (راپۆرتی ژمارە پێنج) ئاماژەمان پێدابوو، هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی گەورەی پڕ مەترسی دەرماندا تێ دەپەڕێت، حکومەت کەمترین بڕی دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان دابین دەکات، کە لەراپۆرتی ژمارە پێنجدا دوای بەدواداچوونێکی وردی بنکۆڵکاری دەرکەوت تەنیا ٤٪ کۆی ئەو هاووڵاتیانەی سەردانی نەخۆشخانە حکومییەکان و نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت و کلینیکە پزیشکیە تایبەتەکان دەکەن، لە کەرتی گشتی و نەخۆشخانە حکومییەکان دەرمانیان دەستدەکەوێت، بەو پێیە، ٩٦٪ هاووڵاتیان لە کەرتی تایبەت دەرمان دەکڕن، هەروەها تەنیا ٣٪ ئەو هاووڵاتیانەی سەردانی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی دەکەن لە هەمان کەرت دەرمانیان دەست دەکەوێت، کە دەبێت ٩٧٪ یان لە دەرەوە بیکڕن.

## دەرمانی شێرپەنجەیی:-

لە هەرێمی کوردستان چەند ناوەندێکی حکومی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجە هەن، کە لە گرنترینیان نەخۆشخانەکانی هیوا لە سلێمانی و نانەکەلی لە هەولێرن، ئەم دوو نەخۆشخانە گرنگە کە جێی هیوای دەیان هەزار کەسی تووشبوی نەخۆشیی شێرپەنجەن لە قەیرانی دەرمان بەدەرنین، چارەخوازانی ئەم دوو نەخۆشخانەیەش چاویان لە کەرتی تایبەتە تا دەرمان بکڕن و لە چارەسەر کردنی خۆیاندا بەکاری بهێنن، بە پێی بەدواداچونەکانی تیمەکانی رێکخراوی ئاران، سەرچاوەی دابینکردنی دەرمان بۆ ئەم دوو نەخۆشخانەیە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانن، حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام ٨٥٪ بڕی ئەو دەرمانەی لە هەردوو نەخۆشخانەکە بەردەستن دابین دەکات، حکومەتی هەرێمیش ١٥ ٪ دابنین دەکات، لەو کاتانەی بەهۆی رۆتینی کارگێڕی یان ڕودانی هەر ناکۆکی و دواکەوتنێک لە دابینیکردنی دەرمان بۆ هەردوو نەخۆشخانەکە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە ئەوا رێژەی دابینکردنی دەرمان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٠ ٪، بەڵام هێشتا بە هەردوو حکومەت لە باشترین حاڵدا تەنیا ٤٠٪ دەرمانی پێویست بۆ هەردوو نەخۆشخانەکە دابین دەکەن، لەم حاڵەشدا ٦٠ ٪ دەرمان لەلایەن چارەخوازانەوە لە دەرەوەو لە کەرتی تایبەت دەکڕدرێن.

### دەرمانی شێرپەنجەیی لە کەرتی تایبەت:-

**بازرگانییەکی پڕ لە قازانج و سەرچاوەی نادیار.**

لەبەر ئەوەی دەرمانی شێرپەنجەیی لە جیهاندا لە گرانبەهاترین جۆری چارەسەرە، ئەمە وای کردووە چاوی گەورەی لەسەربێت بۆ ساختەکردن و بازرگانی کردن پێوەی، ئەگەرچی دەرمانەکە زۆر هەستیارە، لە دروستکردن و گواستنەوەو فرۆشتن و مامەڵەکردن پێوەی، بەڵام کەرتی تایبەت سڵ ناکاتەوە لەوەی وەک کاڵایەکی بازرگانی هاوردەی بکات و لە بازاڕدا بیفرۆشێت، بە تایبەت لە دۆخێکدا کە خواستێکی یەکجار زۆری لەسەرە، هەروەها بەهۆی دەگمەنی و گرانییەکەی و بەهۆی ئەوەی چارەخواز جگە لە کڕین و زوو بەکارهێنانی هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، بازاڕێکی باشی هەیە، ئەمەش قازانجێکی زۆری بەخشیوە بە بازرگانەکان و فرۆشیارەکان، ئەم بازاڕە کراوەیەو ئەم خواستە زۆرەی لەسەر دەرمانەکە هەیە، هەروەها سنورداری توانای حکومەت لە دابینکردنی ئەم جۆرە گرنگەی دەرمان رێگای خۆشکردووە دەرمانی جۆراوجۆری شێرپەنجەو وڵاتانی جۆراو جۆر سەربکەنە بازارەکانی هەرێمی کوردستان و بازاڕەکانی هەرێم ببنە شوێنی ساغکردنەوەی چەندین جۆر دەرمانی شێرپەنجەیی کە بەشێکیان بە قاچاخ هاوردە دەکرێن یان بەلای کەمەوە بڕوانامەی نێودەوڵتیان نییەو لە لایەن ناوەندە گرنگەکانی پێدانی متمانە بە دەرمان متمانەیان پێ نەدراوە، کە لە خوارەوە وردەکاریەکەی دەخەینە روو:-

لە بەناوبانگترین ناوەندە جیهانییەکان بۆ متمانە بەخشین بە دەرمان کە لە لایەن کارگەو کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی دەرمانەوە دروستدەکرێن بریتین لە دوو ناوەندی گەورەی جیهانی یەکەمیان ناوەندی

ئەمریکی، کارگێڕی گواستنەوەی فیدراڵی کە (FTA) ناسراوە، هەروەها ناوەندنی ئەوروپی، (ئاژانسی دەرمانی ئەوروپا) کە بە(EMA) ناسراوە، هەر دەرمانێک لەسەر ئاستی جیهاندا لەلایەن ئەم دوو ناوەندەوە متانەی پێبدرێت ئیتر بە دەرمانێک دڵنیا دەناسرێت و ترس لە سەرچاوەکەی و پێکهاتە فیزیکی و کیمیایی و بایەلۆژیەکەی نابێت، بەڵام ئەو دەرمانە شێرپەنجەییانەی لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی تایبەت دەفرۆشرێن بەشی هەرە زۆریان متمانەی ئەو دوو ناوەندە گرنگەیان نییە، کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، بەمشێوەیە:-

**یەکەم: وڵاتی بەرهەمهێن لە ژێر سزادایە:** بەشێکی زۆری کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتانەی سزای ئەمریکا یان ئەوروپایان لەسەرە ئەم دوو ناوەندە مامەڵە لەگەڵ کارگەو کۆمپانیاکانی بواری دەرمانیاندا ناکەن، بەم هۆیەوە متمانە بە دەرمانەکانیان نادرێت، کە لە دیارترینیان وڵاتانی روسیا و ئێران و بیلاروسیان، ئەم سێ وڵاتە کۆمپانیاکانیان دەرمانی شێرپەنجەیی رەوانەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەگەر چی بەشێک لە کۆمپانیا ئێرانی و روسیەکان لە ناوخۆی وڵاتەکانی خۆیاندا ناوبانگی خراپیان نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هۆی نەبوونی متمانەدانی هەردوو ناوەندە گەورەکەی جیهان کە لەسەرەوە باسکران بەشێکی زۆری وڵاتان مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانیاندا ناکەن، چونکە گومانیان هەیە لەوەی دەرمانەکانیان ستانداردی جیهانی لە خۆ بگرن، هەرچی بیلاروسیایە، زانیاری ئەوتۆ لەسەر ئەو کۆمپانیاو کارگانە نییە کە دەرمان هەناردەی هەرێمی کوردستان دەکەن، تیمەکانمان نەیانتوانی بگەن بەوەی کە ئایا ئەو کۆمانیا بیلاروسیانەی دەرمانیان لە هەرێمی کوردستان کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت لە ناو بیلاروسیا ناوبانگیان چۆنە و تا چەند هەمان دەرمان بۆ ناوخۆی وڵات بەکار دەهێنرێت، ئەم جۆرە دەرمانەی لەم خاڵەدا باسکران پێی دەوترێت دەرمانی کۆپی، واتا ناتوانرێت بە دەرمانی ساختە دابنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرمانی متمانە پێدراویش نین.

**دووەم: پلەو ئاستی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر لەو ئاستەدا نییە هەردوو ناوەندەکە دان بەدەرمانەکەیدا بنێن:-** بەشێک لەو دەرمانانەی لە هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری شێرپەنجە دەفرۆشرێن، ئەگەرچی وڵاتەکانیان لە ژێر سزای ئەمریکا و ئەوروپادا نین بەڵام هێشتا هەردوو ناوەندەکە ئامادەنین متمانە ببەخشن بە دەرمانەکانیان لە نموونەی کۆمپانیا تورکیەکان، ئەم کۆمپانیایانە بەرهەمەکانیان نەک متمانەی هەردوو ناوەندەکەی نییە، بگرە دەرمانەکە هەر نەخراوەتە بەردەم هەردوو ناوەندەکە بۆ بینین و داوای متمانە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، لەوانە ئەو کۆمپانیایەی بەرهەمی دێنێت مێژوییەکی نادیاری هەیە، ئاستی کارگێڕی و پەڕاوی کۆمپانیاکەو یاسا ناوخۆییەکانی و شیوازی بەرهەم هێنان و چەندین بواری دیکەی تەم و مژاوین و لە پشکنینی هەردوو ناوەندەکەدا دەرناچن، ئەمەش کۆمپانیاکە دەکاتە کۆمپانیایەک کە ستانداردە نێودەوڵتیەکانی تێدا نەبێت، جگە لەمەش ژمارەیەک لەو کۆمپانیایانە تەنیا بۆ هەناردەکردنی دەرمان بۆ هەرێمی کوردستان دامەزروان و هیچ مێژوییەکی ئەوتۆیان لە بواری دەرماندا نییە، چەند پزیشکێکی دەرمانسازیش کە تیمەکانی ئاران قسەیان لەگەڵدا کردوون لە بارەی ئەو دەرمانانەوە ئاماژەیان بەوە کرد، دەرمانەکە کە کێشەی سەرەکی پێدانی متمانەی هەیە لەوە ئەچێت کەڵکی ئەوەی هەر نەبێت بخرێتە بەردەستی دوو ناوەندەکە بۆیە ئەو جۆرە کۆمپانیایانە خۆیان لەو بابەتە نادەن و هاوشیوەی دەرمانی ئاسایی یان کاڵای ئاسایی دەرمانەکە رەوانەی هەرێمی کوردستانی دەکەن، ئەم جۆرە دەرمانانە بە گوماناویترین جۆری دەرمان لە بواری دەرمانی شێرپەنجەییدا دادەنرێن.

**هۆکاری ڕێگەدان بە بوونی ئەو جۆرە دەرمانەی شێرپەنجە لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان:-**
کۆمەڵێک هۆکار هەن کە وایان کردووە ڕێگە بدرێت ئەم جۆرە دەرمانە لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە کەرتی تایبەتدا هەبن کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:-

**یەکەم:-** حکومەت خۆی ناتوانێت دەرمانی پێویست  بە نرخی پاڵپشتی کراو بۆ کەرتی گشتی دابین بکات

**دووەم:** هاوردەکردنی دەرمانی متمانە پێکراو نرخەکەی زۆر بەرزە، دەرمانی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە نرخێکی هەرزانیان هەیە، بۆ نموونە جۆرێک لە دەرزی کیمیایی ئەگەر متمانە پێدراو بێت نرخەکەی دەگاتە (٢٠٠٠) دۆلار، بەڵام لە لای ئەم جۆرە کۆمپانیانە نرخەکەی لە دەوری (٦٠٠) دۆلارە، ئەمەش وایکردووە بە چاوی بازرگانی سەیر بکرێت نەک بە چاوی زانستی.

**سێیەم:** هاوبەشییەکی زۆر و قازانجێکی زۆری هاوبەش لە نێوان کەسانی دەستڕۆیشتوو کۆمپانیاکاندا هەیە، ئەمەش پشتیوانییەکی ئیداری و سیاسی بۆ هاوردەکردنی ئەم جۆرەی دەرمانی شێرپەنجە دابین کردووەو دەرمانەکە بە بێ کێشە هاوردە دەکرێت و ڕێگەی پێ دەدرێت لە بازاڕەکاندا مامەڵەی پێوە بکرێت.

**چوارەم: کەمکردنەوەو کپکردنی دەنگی نارازی چارەخوازان:** کاتێک لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی دەرمان دەست ناکەوێت و لە بازاریشا دەستنەکەوێت یان نرخەکەی زۆر گران بێت، ئەوا دەنگی ناڕەزایی بەرزدەبێتەوە، هەر بۆیە ڕێگە دراوە هەرچۆنێک بێت ئەم جۆرە دەرمانە لە بازارەکاندا بەردەست بن بۆ ئەوەی چارەخوازان دەستیان بکەوێت و نارەزایی گەورەی لێ نەکەوێتەوە.

**زیانگەیشتن بە دارایی گشتی هەرێمی کوردستان بە هۆی دەرمانی کۆپی و سەرچاوە نادیارەوە:-**
بوونی ئەم جۆرە دەرمانە تەنیا زیانی بە تەندروستی و باری دارایی هاووڵاتیان نەگەیاندووە، بەڵکو زیانی گەیاندووە بە دارایی گشتی و پارەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی گشتی تەندروستی بە هەدەر دراوە، ماوەی حەوت ساڵە بڕێکی یەکجار زۆر دەرمانی شێرپەنجە بۆ نەخۆشخانەی هیوا کڕدراوە کە دڵنیایی بەکارهێنانی نەبوەو متمانەی پێ نەدراوە، ئەمەش وایکردووە پزیشکەکان ئامادە نەبن بۆ نەخۆشی بنوسن، هۆکاری نەنووسینی ئەم دەرمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو کاتەی دەرمانەکە بۆ نەخۆشخانەی هیوا دابینکراوە، بڕێکی دیکەی دەرمانی هاوشێوەی متمانە پێدراو لە نەخۆشخانەکەدا بەردەست بوە، بۆیە پزیشکان دەرمانە متمانە پێدراوەکەیان نوسیوە، تا دواتر بە دواداچوون کراوە کە بۆچی پزیشکان ئەم دەرمانەی باس دەکرێت لە ڕەچەتەکانیان بۆ نەخۆش نانوسن، دەرکەوتووە دەرمانەکە کۆپیە و متمانەی پێ نەدراوە، ئەمەش وای کردووە بابەتەکە بچێتە دادگا و تا کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەش کەیسەکە لە دادگا یەکلا نەکراوەتەوە، تیمەکانی ڕێکخراوی ئاران بەدواداچوونیان بۆئەو کەیسە کردو دەرکەوت دەرمانەکە رووسیە و بایی (٦٠٠) ملیۆن دینارەو لە ساڵی ٢٠١٩ وە بۆ نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی دابین کراوەوە تا ئێستا بە کار نەهێنراوەوە ئێستاش وادەی بەکارهێنانی بەسەرچوەو چیتر بە کار ناهێندرێت و دادگاش بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە لەو کەیسە.

# تەوەرەی سێیەم:

# گرفتی کلاسیکی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان و کاریگەری لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان.

سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە بوارە جیاوازەکانی تەکنەلۆژیادا بەدی هاتوون کە بواری تەندروستی لە هەموو بوارەکانی تر زیاتری بەرکەوتووە، بەڵام هەرێمی کوردستان هێشتا پەیڕەوی سیستەمێکی زۆر کلاسیکی دەکات لە ئیدارەدانی کەرتی گشتیدا، هێشتا سیستەمێکی دیجیتاڵی لە کەرتی گشتیدا نیە کە تەواوی داتاکانی نەخۆشی تێدا تۆمار بکرێت، تا ئێستا لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتی تەندروستیدا سیستەمی تەبەڵەو پەڕاو پەیرەو دەکرێت، کە لە کەم شوێنی جیهاندا کاری پێ دەکرێت، ئەمەش وا دەکات نەخۆش بۆ هەر چونە نەخۆشخانەیەک و مانەوەیەک پەڕاوێکی نوێی بۆ بکرێتەوە، لە کاتێکدا بارودۆخی نەخۆشەکە وا دەخوازێت هەر لە سەرەتاوە یان کۆی ژیانی یەک پەڕاوی هەبێت و تەواوی زانیارییەکانی تیادا تۆمارکرابێت بۆ ئەوەی پزیشک لە وردەکاریی تەندروستی نەخۆشەکە تێ بگات و بەرچاوی رون بێت، لە کاتی بەدواداچوونی تیمەکانی ئاراندا چەند کەیسێک تۆمارکران کە نەخۆش هەبووە نەخۆشی شەکرەو فشاری خوێنی هەبووە، بەڵام پزیشک پێی نەزانیوە، جۆرە دەرمانێکی بۆی نوسیووە کە نابێت کەسانێک بەکاربهێنن کە شەکرەو فشاری خوێنیان هەیە، بەڵام لە کاتی پێدانی دەرمانەکە لە دەرمانخانە پزیشکی دەرمانساز بە سودفە ئاگاداری نەخۆشەکەی کردۆتەوە کە ئەم دەرمانە شەکرە و فشاری خوێن بەرزدەکاتەوە، نەخۆشەکە وتویەتی من هەردوو نەخۆشیەکەم هەیە، دواتر جارێکی تر سەردانی پزیشکی پسپۆری کردووەو دەرمانەکەی بۆ گۆڕیوە، هەروەها بۆ نەخۆشانی درێژ خایەن سیستەمێکی ۆر کۆن و کلاسیکی و نەگونجاو لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، زۆرێک لەم نەخۆشە درێژخایانانە دەفتەری وەرگرتنی دەرمانی مانگانەیان هەیە، بە پێی بنەما پزیشکییەکان دەبێت هەر نەخۆشێک مانگانە پێش ئەوەی دەرمانەکە وەربگرێتەوە پزیشکی پسپۆر ببینێت و پشکنینی بۆ بکات و دڵنیا بێت لەوەی دەرمانەکە هێشتا گونجاوە بۆ ئەوەی زیان بە تەندروستی نەخۆشکە نەگەیەنێت و هێشتا نەخۆشەکە باری تەندروستی لەبارە هەمان دەرمان بەکاربهێنێتەوە، بەڵام نەک ئەمە جێبەجێ ناکرێت، بگرە زۆرجار خودی نەخۆشەکە هەر سەردانی نەخۆشخانە ناکات بۆ وەرگرتنی دەرمانەکە، بەڵکو کەسانی نزیکیان مانگانە سەردان دەکەن و لە پەنجەرەیەکەوە دوای پیشاندانی دەفتەرەکە بڕە دەرمانەکە وەردەگرن، ئەم حاڵەتانە پزیشکانی دەرمانسازی نیگەران کردووەو پێیان وایە هەموو دەرمانێک جگە لە لایەنی زانستی پزیشکی پسپۆر لایەنی دەرمانسازیشی هەیە و پێویستە پزیشکانی دەرمانساز رۆڵیان هەبێت لە نووسینی دەرمان بۆ نەخۆش، بۆ ئەوەی نەخۆش لە مەترسییە لاوەکیەکانی بەکارهێنانی دەرمان بە دوور بێت، هاوکات زیانیش نەگات بە دارایی گشتی، چونکە پێیان وایە بێ رۆڵکردنی پزیشکانی دەرمانساز وایکردووە شێواویەکی گەورە بە کەرتی دەرمانەوە دیاربێت لە هەرێمی کوردستان کە ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە بۆسەر تەندروستی گشتی و سودبینینی خراپ زیاد دەکات.

## بێ ڕۆڵکردنی پزیشکانی دەرمانساز، هەوڵێکی سیاسی لە ژێر ناوی قەیرانی دارایی:-

پزیشکانی دەرمانساز لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا، توێژی تایبەتی دۆزینەوەو دروستکردن و سەرپەرشتی کردن و تێکەڵکردن و ئامادەکردن و دابەشکردنی دەرمانن، ئەمان بە پێی پسپۆریەکەیان لایەنی تایبەمەندی هەموو جۆرە مامەڵەیەکن بە دەرمانەوە، بۆیە لە ناو سیستەمی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوودا پێگەیەکی گرنگیان هەیە و قسەی ئەم توێژە دوا قسەیە کە لەبواری دەرماندا بکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە ژێر بیانوی قەیرانی داراییدا ئەم توێژە بە تەواوی فەرامۆش کراون و خەریکە لە سیستەمی تەندروستی دوور دەخرێنەوە، بە پێی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٠ی عێراق، یاسای پلەبەندی

خاوەن پیشە پزیشکی و تەندروستیەکان کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرکارە سێ توێژ سیفەتی پزیشک وەردەگرن کە ئەوانیش بریتین لە دەرچوانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و کۆلێژی دەرمانسازی، بەڵام هەرێمی کوردستان خەریکە سیفەتی پزیشکی لە پزیشکانی دەرمانساز وەردەگرێتەوە، حکومەتی هەرێم لە پەڕاو و نوسراوەکانی خۆیدا کاتێک باسی پزیشکانی دەرمانساز دەکات، وشەی پزیشک لە پێش ناوەکانیانەوە نانوسێت، تەنیا دەنوسێت دەرمانساز، ئەمەش لێسەندنەوەی سیفەتی پزیشکییە لەو توێژە گرنگە، تیمی رێکخراوی ئاران لەم بارەیەوە لەگەڵ چەندین پزیشکی دەرمانسازدا قسەی کرد، ئەوان پێیان وایە ئەمە بە شێوەیەکی رێکخراو دەکرێت، مەبەست لێی دورخستنەوەی ئەم توێژەیە لە ناوەندی بڕیاری تەندروستی بە تایبەت پرسی دەرمان، چونکە پزیشکانی دەرمانساز وردەکاری دەرمان و مەترسی دەرمانی ساختەو کوالیتی نزم باش دەزانن و ئامادەنین پێشێلی بەرپرسیارێتی ئەخلاق خۆیان بکەن لەوەی واژۆ لەسەر وەرگرتنی دەرمانی خراپ بکەن، ئەمەش ترس و نیگەرانی لای ئەو کەسانە دروستکردووە کە بەرژەوەندی گەورەیان لە بازرگانی بێ چاودێری دەرماندا هەیە، ئەم کاریگەریە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی حکومەت بە بێدەنگی لە نوسراوەکانی خۆیدا سیفەتی پزیشک نەداتە پاڵ پزیشکانی دەرمانساز، لە کاتێکدا یاسای عیراق و هەرێمی کوردستان و یاسای هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو، لەسەروی هەموشیانەوە بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی سیفاتی پزیشکی بە پزیشکانی دەرمانساز بەخشیوەوە لە ناوەندەکانی تەندروستی دا رۆڵی پزیشک دەبینن، بە پێی بنەمای یاسایی کاری تایبەت بۆ کەسانی تایبەتمەند، ئەوان تایبەتمەندن بۆ پرسی دەرمان و نابێ قسەی ئەوان رەتبکرێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی حکومەت بە ئاراستەی ئەوەن، ئەم توێژە گرنگە بێ رۆڵ بکرێن کەسانی دیکەی ناپسپۆر، واتا پسپۆریەکانیان لە بواری دیکەدایە شوێنی ئەمان بگرنەوە، کە ئەمەش لادانە لە بنەمای یاسا کە زۆر جەخت لەسەر پاراستنی تایبەتمەندی و پسپۆری دەکاتەوە لە کاروبارەکانی حکومەتدا.

## شیکاریی بۆردی تەندروستیی ڕێکخراوی ئاران

### دۆخی کەرتی دەرمان لە سیستەمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان

بە پشتبەستن بە داتا و بەدواداچوونە مەیدانییەکان، بۆردی تەندروستیی رێکخراوی ئاران شیکارییەکی گشتگیری بۆ قەیرانی دەرمانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە، ئەم شیکارییە چەند ڕەهەندێکی مەترسیدار و پێکهاتەیی دەردەخات کە نیشانەی داڕمانێکی سیستماتیکی کەرتی گشتی و باڵادەستبوونی لۆژیکی بازرگانییە بەسەر مافی تەندروستیدا.

### یەکەم: .پاشەکشەی کەرتی گشتی و دەرئەنجامەکانی لە دابینکردنی ٤٪ەوە بۆ بازاڕی ٩٦٪

داتاکان وێنەیەکی ڕوون و شۆکهێنەر دەخەنە ڕوو، کەرتی گشتی تەندروستیی لە جێبەجێکردنی سەرەکیترین ئەرکیدا، کە دابینکردنی دەرمانە، شکستی هێناوە، دابینکردنی تەنها ٤٪ی پێداویستیی دەرمان لەلایەن کەرتی گشتییەوە، نیشانەی داڕمانی زنجیرەی دابینکردنی حکومییە، ئەمە تەنها کێشەی کەمیی بودجە نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ نەبوونی پلانی ستراتیژی و کارگێڕی و لاوازیی بەڕێوەبردن، کاتێک ٩٧٪ی سەردانکەرانی نەخۆشخانە حکومییەکان ناچار دەکرێن دەرمان لە دەرەوە بکڕن، ئەمە مانای ئەوەیە کە نەخۆشخانەکان لە بنەڕەتدا تەنها بوونەتە ناوەندێکی دەستنیشانکردنی نەخۆشی، نەک چارەسەرکردن

ئەمە دەوڵەت لە بەرپرسیارێتیی سەرەکیی خۆی، کە دڵنیابوونە لە تەواوکردنی سووڕی چارەسەر دادەماڵێت.

### دووەم: دەرمانی شێرپەنجەیی لەنێوان ئەرکی دەوڵەت و بازاڕدا

**کەیسی دەرمانی شێرپەنجەیی بە شێوەیەکی چڕتر و تراژیدیتر قەیرانەکە دەردەخات.**

پشت بەستنی نەخۆشخانە گرنگەکانی وەک هیوا و نانەکەلی بە رێژەی ٨٥٪ بە حکومەتی فیدراڵی، نیشانەی لاوازیی توانای دارایی و کارگێڕیی حکومەتی هەرێمە لە دابینکردنی پێداویستییە ستراتیژییەکاندا، دواکەوتن و ناتەواوی لە دابینکردنی ئەم دەرمانە ژیان ڕزگارکەرانەدا، سیستەمەکە دەخاتە ژێر مەترسییەوە، دابینکردنی تەنها ٤٠٪ی پێداویستیی ئەم نەخۆشخانانە لە باشترین حاڵەتدا، مانای ئەوەیە کە سیستەمی تەندروستیی گشتی تەنها چارەسەرێکی ناتەواو پێشکەش دەکات و نەخۆش ناچار دەکات بۆ تەواوکردنی چارەسەرەکەی پەنا بۆ بازاڕی ئازاد ببات.

### سێیەم: بازاڕی کەرتی تایبەت لەنێوان دەرمانی کۆپی و گوماناویدا

**بازاڕی دەرمانی شێرپەنجەیی لە کەرتی تایبەتدا وێنەیەکی بچووککراوەی بازاڕێکی بێسەروبەر و پڕ مەترسییە.**

1. **کێشەی متمانە:** نەبوونی متمانەی ناوەندە باوەڕپێکراوەکانی وەک FDAی ئەمریکی و EMAی ئەوروپی، کێشەیەکی زانستیی گەورەیە، هەرچەندە دەرمانی کۆپی لە ڕووی یاساییەوە ساختە نییە، بەڵام نەبوونی ئەم متمانەیە مانای ئەوەیە کە هیچ گەرەنتییەکی زانستی نییە لەسەر کاریگەری، سەلامەتی  و کوالێتی دەرمانەکە، لە بوارێکی هەستیاری وەک شێرپەنجەدا، ئەمە قومارکردنە بە ژیانی نەخۆش.
2. **کۆمپانیای تەنیا هەناردەکردن:** دیاردەی بوونی کۆمپانیای تورکی کە تەنها بۆ هەناردەکردن بۆ هەرێمی کوردستان دامەزراون، ئاماژەیەکی زۆر مەترسیدارە، ئەمە پرسیاری گرنگ دروست دەکات، بۆچی ئەم دەرمانانە لە بازاڕی ناوخۆی تورکیادا بەکارناهێنرێن؟ ئەمە گومانی ئەوە دروست دەکات کە ئەم کۆمپانیایانە ستاندارده ناوخۆییەکانی وڵاتی خۆشیان تێناپەڕێنن و هەرێمی کوردستان کراوەتە بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەمە گوماناوییەکانیان.
3. **لاوازیی سیستەمی چاودێری:** هۆکارەکانی ڕێگەدان بەم جۆرە دەرمانانە کەمیی دابینکردنی حکومی، نرخی هەرزانتر، بەرژەوەندیی سیاسی و بازرگانی، هەمووی ئاماژەن بۆ لاوازیی دامەزراوەی چاودێریی دەوڵەت، دەوڵەت لەبری ئەوەی وەک پارێزەری تەندروستیی هاووڵاتی ڕۆڵ ببینێت، بووەتە کارئاسانکەری بازاڕ، تەنانەت ئەگەر بازاڕەکە پڕ مەترسیش بێت.

### چوارەم: زیانی دارایی گشتی:-

کەیسی کڕینی دەرمانی شێرپەنجەیی بە بەهای (٦٠٠) ملیۆن دینار بۆ نەخۆشخانەی هیوا، کە دواتر دەرکەوتووە کۆپییە و بەکارنەهێنراوە، نموونەیەکی بەرجەستەی گرفتی بەڕێوەبردنە لە کەرتی تەندروستی و سیستەمی کڕینی گشتییە، چۆن دەکرێت گرێبەستێک بەم بڕە پارەیە ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی دڵنیایی

تەواو لە کوالێتی و متمانەپێکراویی دەرمانەکە وەرگیرێت؟ ئەمە نیشانەی پرسیار لەسەر لیژنەی پسپۆڕ و بێلایەنە لە پرۆسەی کڕیندا، کە ئایا ئەمە فشاری سیاسیی نیە کە زاڵ بووە بەسەر بڕیاری زانستیدا؟

## پێنجەم: سیستەمی کلاسیک و بێ ڕۆڵکردنی پسپۆڕان

پاشەکشەی سیستەمی تەندروستی تەنها لە دابینکردنی دەرماندا نییە، بەڵکو لە خودی فەلسەفەی بەڕێوەبردنەکەیدایە، لە سەردەمی زیرەکیی دەستکرد و شۆڕشی داتادا، بەکارهێنانی تەبەڵە و پەڕاوکارەساتە، ئەمە نەک هەر کارەکان خاو دەکاتەوە و ئەگەری هەڵە زیاد دەکات، بەڵکو ڕێگری دەکات لە دروستبوونی داتابەیسێکی نیشتمانی کە بتوانرێت بۆ توێژینەوە، پلاندانان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان سوودی لێ وەربگیرێت، نموونەی ئەو نەخۆشەی کە پزیشک ئاگاداری نەخۆشیی شەکرەکەی نەبووە، دەرئەنجامێکی کوشندەی ئەم سیستەمە کلاسیکییەیە.

- **بێ ڕۆڵکردنی دەرمانساز:** فەرامۆشکردنی ڕۆڵی پزیشکی دەرمانساز لە پرۆسەی چارەسەردا، پێشێلکارییەکی زانستیی گەورەیە، دەرمان تەنها نووسین نییە، بەڵکو بەڕێوەبردنیشە، دەرمانساز وەک پسپۆڕی کارلێکی دەرمانەکان کاریگەرییە لاوەکییەکان و گونجاوی دەرمانە بۆ نەخۆش، بێ ڕۆڵکردنیان مانای لابردنی دواین فلتەری سەلامەتییە پێش ئەوەی دەرمانەکە بگاتە نەخۆش.
- **لێسەندنەوەی سیفەتی پزیشکی:** هەوڵی لێسەندنەوەی سیفەتی پزیشک لە دەرمانسازان، هەوڵێکی سیاسی و کارگێڕیی مەترسیدارە، ئەمە نەک هەر سووکایەتییە بە پیشەیەکەیان، بەڵکو هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی پێگە و کاریگەریيان لەناو سیستەمی بڕیارداندا، وەک پزیشکە دەرمانسازەکان ئاماژەیان پێ داوە، ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ کەسانی ناپسپۆڕ و بەرژەوەندیخواز کە بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرتی دەرمان بدەن، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی زانستی و پیشەیی ببنەوە لەلایەن ئەم توێژە گرنگەوە.

قەیرانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان، قەیرانێکی فرەڕەهەندە، ئەمە تەنها کێشەی کەمیی دەرمان نییە، بەڵکو کێشەی دارمانی سیستەمی دابینکردن، لاوازیی چاودێری، بازرگانییکردنی نادروست، و پشتگوێخستنی بنەما زانستی و پیشەییەکانە، سیستەمی تەندروستیی هەرێم لەم بوارەدا تووشی پاشەکشەیەکی مەترسیدار بووە کە تێیدا:

- دەوڵەت لە ئەرکی سەرەکیی خۆی پاشەکشەی کردووە.
- هاووڵاتی بووەتە قوربانی سەرەکی ئەم پاشەکشەیە، چی لە ڕووی داراییەوە و چ لە ڕووی تەندروستییەوە.
- بەرژەوەندیی سیاسی و بازرگانی زاڵ بووە بەسەر بنەما زانستی و پیشەییەکاندا.

چارەسەرکردنی ئەم دۆخە تەنها بە زیادکردنی بودجە ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە چاکسازییەکی بنەڕەتیی سیاسی و کارگێڕی هەیە کە تێیدا شەفافیەت، لێپرسینەوە و گەڕانەوە بۆ بنەما زانستییەکان بکرێتە بنچینەی کارکردن.

## دۆخی دەرمان لە ڕوانگەی دیموکراسیی تەندروستییەوە

شیکاریی قەیرانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان شکستێکی بنەڕەتی لە جێبەجێکردنی پایەکانی دیموکراسیی تەندروستی ئاشکرا دەکات، ئەم سیستەمە لە جیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای ماف، دادپەروەری، شەفافیەت و بەشداری بنیات بنرێت، بووەتە گۆڕەپانێک بۆ نایەکسانی، مامەڵەی بازرگانی و بڕیاری ناشەفاف، کە دەرئەنجامەکانی بەم شێوەیەن:-

1. **پێشێلکردنی مافی دەستڕاگەیشتن:** کاتێک تەنها ٤٪ی هاووڵاتیان دەتوانن سوود لە دەرمانی کەرتی گشتی وەربگرن، ئەمە مانای ئەوەیە کە مافی تەندروستی وەک مافێکی گشتگیر بۆ هەمووان بوونی نییە، سیستەمەکە بە شێوەیەکی کردەیی زۆرینەی هاووڵاتیانی ناچار کردووە کە ئەم مافە بنەڕەتییە بە پارەیەکی زۆر لە بازاڕی رەشدا بکڕن، ئەمەش نایەکسانییەکی قووڵ لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەکات.
2. **لەدەستدانی مافی سەلامەتی و زانین:** بڵاوبوونەوەی دەرمانی کۆپی و گوماناوی لە بازاڕی تایبەتدا، بەتایبەت بۆ نەخۆشییە هەستیارەکانی وەک شێرپەنجە، مافی نەخۆشی بۆ وەرگرتنی چارەسەرێکی سەلامەت و کاریگەر پێشێل دەکات، نەبوونی متمانەی ناوەندە جیهانییەکان و ناشەفافیی سەرچاوەی دەرمانەکان، نەخۆش لە مافی زانینی وردەکاریی چارەسەرەکەی بێبەش دەکات و ناچاری دەکات قومار بە ژیانی خۆیەوە بکات.
3. **نەبوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە:** کەیسی بەهەدەردانی (٦٠٠) ملیۆن دینار لە دەرمانی بەکەڵکنەهاتوو و مانەوەی کەیسەکە لە دادگا بەبێ ئەنجام، نموونەیەکی بەرچاوی نەبوونی شەفافیەت لە گرێبەستە گشتییەکان و لاوازیی میکانیزمەکانی لێپرسینەوەیە، لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، دەبێت دامەزراوەکان بەرپرسیار بن بەرامبەر بە چۆنییەتی خەرجکردنی سامانی گشتی، بەڵام ئەم دۆخە نیشانەی ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی بوونی نییە.
4. **پەراوێزخستنی بەشداریی پیشەیی :** بێ ڕۆڵکردنی سیستماتیکی پزیشکانی دەرمانساز لە پرۆسەی بڕیاردان لەسەر دەرمان، پێشێلکردنی بنەمای بەشداریی پسپۆڕانەیە، دیموکراسی تەندروستی جەختدەکاتەوە کە بڕیارە تەکنیکی و زانستییەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بدرێن، بەڵام لێرەدا، بەرژەوەندیی بازرگانی و کارگێڕی زاڵ بووە بەسەر ڕای زانستیدا، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەلامەتیی نەخۆش و کارایی سیستەمەکە هەبووە.

   قەیرانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان تەنها کێشەیەکی تەکنیکی یان دارایی نییە، بەڵکو قەیرانێکی حوکمڕانی و دیموکراسییە، سیستەمەکە لە خزمەتکردنی مافی هاووڵاتیانەوە لایداوە و بووەتە ئامرازێک بۆ قازانجی بازرگانی و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکان، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی سیستەمێکی تەندروستیی دووفاقی کە تێیدا کەمینەیەک دەستیان بە باشترینەکان دەگات و زۆرینەش لەنێوان خزمەتگوزاریی ناتەواوی گشتی و بازاڕی مەترسیداری تایبەتدا سەرگەردانن.

## بەراوردکردنی پرسی دەرمان لە هەرێمی کوردستان بە بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO

لە ڕوانگەی بنەمای دابینکردنی تەندروستی گشتگیر، کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەختی لێ دەکاتەوە دەبێت دەرمانە بنەڕەتییەکان بە کوالێتی بەرز و نرخی گونجاو بۆ هەمووان بەردەست بن، هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی قووڵدایە، بەپێی ستانداردەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، خەرجییەکانی گیرفانی هاووڵاتی نابێت بگاتە ئاستێک کە ببێتە هۆی هەژارکەوتنی نەخۆش، بەڵام داتاکانی ڕاپۆرتەکە کە دەڵێن ٩٦٪ی هاووڵاتیان دەرمان لە کەرتی تایبەت دەکڕن، نیشانەی شکستی گەورەی دەوڵەتە لە پاراستنی ئاسایشی دەرمان، ئەمە نەک هەر پێشێلکاریی مافی تەندروستییە، بەڵکو دژ بە ئامانجە گەشەپێدانییە نێودەوڵەتییەکانە کە حکومەت پابەند دەکەن بە دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییە دەرمانییەکان لە کەرتی گشتیدا.

سەبارەت بە دەرمانی شێرپەنجە و کوالێتی دەرمان، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەخت لەسەر هەبوونی دەزگای نیشتمانی ڕێکخستنی دەرمان دەکاتەوە کە هاوشێوەی FDA یان EMA چاودێرییەکی توند بخاتە سەر سەرچاوەی دەرمان، بوونی دەرمانی کۆپی و گوماناوی کە متمانەی نێودەوڵەتییان نییە، وەک لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سەلامەتی نەخۆش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕێنمایی دەدات کە دەبێت دەرمانە هەستیارەکانی وەک کیمیاییەکان لە ژێر چاودێرییەکی توندی زنجیرەی دابینکردن و تاقیگەیی بن، بەڵام زاڵبوونی لۆژیکی بازرگانی و سیاسی بەسەر هاوردەکردنی دەرمانی هەرزان و بێ متمانە، هەرێمی کوردستانی کردووەتە ژینگەیەکی ناتەندروست کە تێیدا ژیانی مرۆڤ دەکرێتە قوربانیی قازانجی دارایی، ئەمەش لادانە لە ئەخلاقی پزیشکیی جیهانی.

لە لایەکی دیکەوە، بنەمای دیجیتاڵکردنی تەندروستی یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ کەمکردنەوەی هەڵەی پزیشکی و پاراستنی دارایی گشتی، پەیڕەوکردنی سیستەمی پەڕاو و تەبەڵە لە هەرێم، وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، سیستەمێکی کلاسیک و پڕ مەترسییە کە ڕێگە بۆ کارەساتی تەندروستی خۆش دەکات، ستانداردە جیهانییەکان داوا دەکەن هەر نەخۆشێک خاوەنی کۆدی نیشتمانیی تەندروستی بێت بۆ ئەوەی مێژووی نەخۆشییەکەی پارێزراو بێت، نەبوونی ئەم سیستەمە نەک هەر زیان بە نەخۆش دەگەیەنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهەدەردانی سامانی گشتی و نەمانی شەفافیەت لە دابەشکردنی دەرماندا.

بابەتی ڕۆڵی پزیشکی دەرمانساز خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە لە سیستەمی تەندروستیی مۆدێرندا، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پزیشکی دەرمانساز وەک پزیشکی کلینیکی و پارێزەری کوالێتی دەرمان دەبینێت، نەک تەنها وەک فرۆشیار، هەوڵی حکومەت بۆ لێسەندنەوەی سیفەتی پزیشک لە دەرمانسازان و بێ ڕۆڵکردنیان، وەک ڕاپۆرتەکە دەری دەخات، هەنگاوێکی مەترسیدارە بۆ دوورخستنەوەی چاودێریی زانستی لە پرسی دەرمان، ئەمە ڕێک پێچەوانەی ڕێنماییەکانی تەندروستی جیهانییە کە داوا دەکات پزیشکی دەرمانساز بڕیاردەری سەرەکی بێت لە زنجیرەی چارەسەردا بۆ ڕێگریکردن لە دەرمانی ساختە و کوالێتی نزم، بێ ڕۆڵکردنی پسپۆڕان مانای ڕەخساندنی ژینگەیەکە کە تێیدا گەندەڵی کارگێڕی و بازرگانی جێگەی زانست و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بگرێتەوە.

# تەوەرەی چوارەم:

# تەندروستی لە هەرێمی کوردستانەوە لە خزمەتێکی مرۆییەوە بۆ بازاڕێکی بازرگانی

سەرەڕای ئەوەی ژمارەی نەخۆشخانەو سەنتەرە پسپۆڕیەکان و مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان لە هەرێمی کوردستان وەک ژمارە بەرزە، هەروەها وەک ژمارەی سەردانی نەخۆش بۆ ئەو ناوەندانە بەرزە، بەڵام هێشتا کەرتی تایبەت سەرچاوەی سەرەکی چارەسەرە، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەردەوامن لەوەی لەسەر گیرفانی خۆیان چارەسەری نەخۆشی بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە ساڵانە سەدان هەزار هاووڵاتی وەک نەخۆش سەردانی ناوەندە حکومییەکانی چارەسەر لە چوارچێوەی کەرتی گشتیدا دەکەن، لە ساڵی ٢٠٢٥ دا زیاتر لە (٣٠٠) هەزار نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی شار وەک گەورەترین نەخۆشخانەی سلێمانیان کردووە کە مانگانە بە تێکڕا (٢٥) هەزار کەس سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن، هەرەوەها هەر لە ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٣١٠) هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێریان کردووە وەک یەکێک لە نەخۆشخانە گەورەکانی هەولێر کە مانگانە ئەو نەخۆشخانەیەش زیاتر لە (٢٥) هەزار کەس سەردانی دەکەن، هەر ساڵی رابردوو (٢٠٢) هەزار منداڵ وەک نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد رەشیدی منداڵایان پێکراوە، لە سلێمانی (نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی) لە ساڵی رابردوودا، جگە لەمە لە ساڵی رابردوودا زیاتر لە (١٠٣) هەزار نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر ئاسۆ بۆ نەخۆشیەکانی چاو یان لە سلێمانی کردووە، لە بارەی پشکنینی تاقیگەییەوە، ساڵی رابردوو زیاتر لە دوو ملیۆن پشکنینی تاقیگەیی لە تاقیگە حکومییەکانی پارێزگای سلێمانی کراون، بە تێکڕا ساڵانە لە هەر یەک لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار کەس وەک نەخۆش سەردان دەکەن، لە کەرتی گشتیدا ساڵانە لە هەر یەک لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر نزیکەی (٥٠) هەزار نەشتەرگەری جۆراجۆر ئەنجام دەدرێن، ساڵی رابردوو لە پارێزگای سلێمانی (٤٩) هەزار (٦٢٠) نەشتەرگەری و لە پارێزگای هەولێر (٥١) هەزار (٢٠٣) نەشتەرگەری جۆراو جۆر ئەنجامدراون، بەڵام کۆی ئەم نەشتەرگەریانە بێ بەرامبەر نین، بەشی زۆری ئەم نەشتەرگەریانە لە بەرامبەردا و لە چوارچیوەی سیستەمی سیمی پرایڤدەوە پارە بۆ ئەنجامدانیان وەرگیراون، کە بۆ بەشی هەرە زۆری جۆری نەشتەرگەریەکان بە دەگمەن نەبێت بێ بەرامبەر نەماوە، هەندێکیشیان ١٠٠٪ کراون بە پارە، وەک نەشتەرگەریەکانی دڵ و قەستەرە و باڵۆن و شەبەکە، کە ئەگەرچی ئەم جۆرە نەشتەرگەریە بابەتێکی فریاگوزاری ژیان رزگارکەرن، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بە هیچ جۆرێک لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا بە بێ بەرامبەر یان بە نرخی پشتیوانی کراو ئەنجام نادرێن، بەڵکو نرخیان لە نێوان (٣٠٠) هەزار دینار بۆ سێ ملیۆن دیناردایە، کە قەستەرەیەکی ئاسایی لە نرخەکەی (٣٠٠) هەزار دینارەو زۆربەی پشکنینەکانیشی دەبێت نەخۆش لە دەرەوەی نەخۆشخانە لە کەرتی تایبەت ئەنجامی بدات، کە بەلای کەمەوە (١٠٠) هەزاری تێ دەچێت هەروەها نەشتەرگەری کردنەوەی سینگ نرخەکەی سێ ملیۆن دینارە، لە هەر یەک لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر ساڵانە هەزاران نەشتەرگەری لە بواری دڵ کە خۆی لە قەستەرەو دانانی شەبەکەو باڵۆن کردنەوەی سینگدا دەبێنێتەوە لە نەخۆشخانە حکومییەکان ئەنجام دەدرێن، لە پارێزگای سلێمانی ساڵی رابردوو (٨،١١٢) نەشتەرگەری لە بوارەکانی قەستەرەو دانانی شەبەکەو باڵۆن و کردنەوەی سینگدا لە سەنتەری بوژاندنەوەی دڵ و بەشی قەستەرەی نەخۆشخانەی شار ئەنجام دراون، کە پێک دێن لە (٤٥١) نەشتەرگەری کردنەوەی سینگ لەگەڵ (٢،٨٧٠) قەستەرەو(١،٦٨٣) دانانی باڵۆن و شەبەکە کە لە سەنتەری بوژاندنەوەی دڵ ئەنجامدراون، هەروەها (٢،٣٥٢) قەستەرەو (٧٥٦) دانانی باڵۆن و شەبەکە لە نەخۆشخانەی شار ئەنجامدراون، لە پارێزگای هەولێریش لە ٢٠٢٥دا لە سەنتەری نەخۆشیەکانی دڵ و دامەزراوە تەندروستییە حکومییەکانی دیکە، زیاتر لە (١٠) هەزار نەشتەرگەری جۆراو جۆری دڵ ئەنجامدراون.

## بەرزیی ژمارەی نەخۆشخانەو سەنتەرە پسپۆریەکانی حکومەت و گەرمیی بازاڕی کەرتی تایبەت

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا ژمارەی نەخۆشخانە حکومییەکان و سەنتەرە پسپۆریەکانی حکومەت کەم نین، لە هەرێمی کوردستان (٨٣) نەخۆشخانەی حکومی و (٨٦) سەنتەری پسپۆری هەن، هاوکات (٣٨١) مەڵبەندی سەرەکی تەندروستی هەن، هەروەها کەرتی حکومی خاوەنی (٦،٧٠٨) بێدی مانەوەی نەخۆشە کە(٨٦١) بێدی کورت خایەن واتا بەشی فریاگوزارین و ئەوەکانی دیکە بێدی مانەوەی درێژ خایەنن واتا لە (٢٤) کاتژمێر مانەوە زیاتر، لە کەرتی حکومیدا (٢٨١) هۆڵی نەشتەرگەری هەن. لە هەرێمی کوردستان کۆی گشتی (٢٠،٥٠٠) پزیشک هەن، بەڵام تەنیا (٨،١٠٠) پزیشک لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٧٩،٠٠٠) کارمەندی تەندروستی هەن، بەڵام (١٧،٠٠٠) یان لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن و دامەزراون. لە هەرێمی کوردستان و لە کەرتی گشتیدا (٧،٢١٢) ئامێری پزیشکی ستراتیژی هەن، کە ٨٠٪ یان کاردەکەن و لە خزمەتدان و ٢٠٪ کە دەکاتە ((١،٤٤٢) ئامێر بەشێوەیەکی بەردەوام دەوری گرفتیان هەیە و لە چاککردنەوەدان.

**لە گرنگترین نەخۆشخانەو سەنتەرە پسپۆریە حکومییەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی:**

پارێزگای هەولێر:-  لە پارێزگای هەولێر (٣٤) نەخۆشخانەوسەنتەری پسپۆری حکومی هەن، لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین نەخۆشخانەکانی هەولێر کراوە

1- نەخۆشخانەی رزگاری
2- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوا ( ساڵانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار نەخۆش سەردانی دەکەن)
3- نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری
4- نەخۆشخانەی لە دایکبوون
5- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ناوەند
6- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵات
7- نەخۆشخانەی راپەڕین
8- نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی (سوتاوی)
9- نەخۆشخانەی نانەکەلی بۆ چارەسەری شێرپەنجە
10- سەنتەری نەخۆشیەکانی دڵ

پارێزگای سلێمانی: لە پارێزگای سلێمانی (٢٩) نەخۆشخانەو سەنتەری پسپۆری حکومی هەن، لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترینیان کراوە:-

1- نە خۆشخانەی سووتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری
2- نەخۆشخانەی نەشتەرگەری فێرکاری
3- نەخۆشخانەی پسپۆریەکانی دڵ
4- نەخۆشخانەی گشتی شەهید غریب هەڵەدنی / دوکان
5- نەخۆشخانەی شار (ساڵانە زیاد لە ٣٠٠ هەزار نەخۆش سەردانی دەکەن)
6- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی
7- نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هێمن
8- نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد رەشیدی منداڵان (ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار نەخۆش سەردانی دەکات)
9- نەخۆشخانەی سۆزی دەروونی

10 -نەخۆسخانەی شەهید دکتۆر ئاسۆ بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی چاو (ساڵانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار نەخۆش سەردانی دەکات)
11 -نەخۆشخانەی هیوا بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجە
12 -سەنتەری ژیانەوە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی شێرپەنجە بە تیشک.

سەرەڕای ئەم ژێرخانە گەورەیە لە کەرتی گشتیدا بەڵام هێشتا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە لێشاو روو لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت و کلینیکە پزیشکییە تایبەتەکان دەکەن بۆ نەشتەرگەری و جۆرەکانی دیکەی چارەسەر، لە هەرێمی کوردستاندا (٧٩) نەخۆشخانەی تایبەت هەن کە سەر بە کەرتی تایبەتن کە (٣٢) نەخۆشخانەیان لە پارێزگای هەولێر و (٢٠) نەخۆشخانە لە پارێزگای سلێمانین، هاوکات لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (٥،٨٥٩) کلینیکی پزیشکی هەن کە (٢،٦٩٩) کلینیک لەوانە کلینیکی ددانە.

**ناوی نەخۆشخانە تایبەتەکانی هەولێر:-**

١.نەخۆشخانەی پار
٢.نەخۆشخانەی ژین
٣.نەخۆشخانەی سی ئێم سی
٤.نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت
٥.نەخۆشخانەی بەلسەم
٦.نەخۆشخانەی شار
٧.نەخۆشخانەی پاکی
٨.نەخۆشخانەی هەولێر ئینتەرناشناڵ
٩.نەخۆشخانەی رسولی تایبەت
١٠.نەخۆشخانەی دایک
١١.نەخۆشخانەی نەورۆز
١٢.نەخۆشخانەی سەردەم
١٣.نەخۆشخانەی مێدیکانۆ
١٤.نەخۆشخانەی ویلفەر
١٥.نەخۆشخانەی مێدی ستیت
١٦.نەخۆشخانەی زانکۆ
١٧.نەخۆشخانەی مەریەمانا
١٨.نەخۆشخانەی تاران
١٩.نەخۆشخانەی رەحمە
٢٠.نەخۆشخانەی سانتیلایف
٢١.نەخۆشخانەی ڤالیا
٢٢.نەخۆشخانەی نەشتەرگەریی دڵ
٢٣.نەخۆشخانەی سیما
٢٤.نەخۆشخانەی سۆران
٢٥.نەخۆشخانەی ڕۆژی کوردستان
٢٦.نەخۆشخانەی ئارژین
٢٧.نەخۆشخانەی سەلامەتی
٢٨.نەخۆشخانەی سویدی

٢٩.نەخۆشخانەی شیفا
٣٠.نەخۆشخانەی هەوار
٣١.نەخۆشخانەی وێست ئای
٣٢. نەخۆشخانەی میهرەبانی

**ناوی نەخۆشخانە تایبەتەکانی سلێمانی:-**

1- نەخۆشخانەی ئەزمەڕ
2- نەخۆشخانەی ڕۆیاڵ
3- نەخۆشخانەی نەوا
4- نەخۆشخانەی بەرزی
5- شاری پزیشکی فاروق
6- شاری پزیشکی ئەنوەر شێخە
7- نەخۆشخانەی بێست لایف
8- نەخۆشخانەی چەمچەماڵ
9- نەخۆسشخانەی ژیانی تایبەت
10- نەخۆشخانەی ئاسیا
11- نەخۆشخانەی ئاسودە
12- نەخۆشخانەی سۆما
13- نەخۆشخانەی هەرێم
14- نەخۆشخانەی سەفین
15- نەخۆشخانەی مێرسی
16- نەخۆشخانەی زاد
17- نەخۆشخانەی بەخشین
18- نەخۆشخانەی سمارت تاوەر
19- نەخۆشخانەی وێستئای
20- نەخۆشخانەی ڕەسەن

نەخۆشخانە تایبەتەکان ئەگەرچی لە دروشم و ڕوکەشدا وەک ناوەندی مرۆیی و رزگارکەر نیشاندەدرێن بەڵام لە ناوەرۆک و راستیدا لە مارکێتێکی بازرگانی دەچن، لەم ناوەندانە هەموو شت بە پارەیە و بە نرخی بازرگانییە، لیرەدا چارەسەر یەکسانە بە پارەو هەمووخزمەتگوزاریەکی نرخێکی لەسەرە، سەرەڕای ئەو گرانییە زۆرەی لە نرخی خزمەتگوزاریەکانی ئەم شوێنانەدا هەیە، بەڵام لێشاوی خەڵک رۆژ لە دوای رۆژ بۆ سەردانی کردنیان زیاد دەکات و ئەم جێگایانە لە بیرکردنەوەی خەڵکدا وەک یەکەم شوێنی چارەسەر بیریان لێ دەکرێتەوە، خەریکە کەرتی گشتی لە یادەوەری خەڵدا ون دەبێت و کەرتی تایبەت شوێنی دەگرێتەوە، ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان دەکرێن بێ شومارن، ئامارەکان دەری دەخەن سالآنە هەزاران نەشتەرگەری لەم نەخۆشخانانە ئەنجام دەدرێن، کە تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە کاری بنکۆلکاری وردی کردووە بۆ ئەوەی بگات بە ژمارەی راستەقینەی ئەو نەشتەرگەریانەی ساڵانە لە کۆی نەخۆشخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستاندا دەکرێن، ساڵانە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان (١٠٢) هەزار نەشتەرگەری جۆراوجۆر دەکرێن، کە هەر هەموویان بە پارەو بەنرخی بازرگانین، ئەم ژمارەیەش نزیکە لە کۆی ئەو نەشتەرگەریانەی ساڵانە لە تەواوی دامەزراوە تەندروستیە حکومییەکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی دەکرێن، کە

ئەوانیش نزیکەی (١٠٠) هەزار نەشتەرگەرین، ئەمەش پێمان دەڵێت کە ساڵانە بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە لە هەرێمی کوردستان زیاد لە (٢٠٠) هەزار نەشتەرگەری جۆراوجۆر دەکرێن، کە نەشتەرگەریەکانی کەرتی تایبەت ١٠٠٪ بە پارەن و نەشتەرگەریەکانی کەرتی گشتی زیاتر ٦٠٪ یان بە پارەن.

جگە لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت لێشاوی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ سەردانی کلینیکە پزیشکییە تایبەتان بەردەوامە، ئەم کلینیکانەش پێگەی گەورەیان لە بازاڕی کەرتی تایبەتی تەندروستی هەیە لە هەرێمی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان ساڵانە (٥،٨٩٥) کلینیکی پزیشکیی جۆراوجۆر پێشوازی لە زیاتر لە (١١) ملیۆن سەردانیکەر دەکەن، زۆرێک لەوانەی سەردان دەکەن لە ناو ساڵەکەدا سەردانەکەیان دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش زیاتر لە دوو هێندەی سەردانی کردنی نەخۆشە بۆ کەرتی گشتی کە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا ساڵانە نزیکەی چوار ملیۆن کەس سەردانی نەخۆشخانەو دامەزراوەکانی کەرتی گشتی دەکەن.

## نەهێشتنی رۆڵی مەڵبەندە تەندروستییەکان و دروستبوونی فشار لەسەر نەخۆشخانە حکومییەکان:-

ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستاندا (٣٨١) مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی هەن، کە بەپێی سیستەمی تەندروستی عێراق و بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی یەکەم شوێنی سەردانی کردنی نەخۆشن زۆرێک لە نەخۆش هەر لەو شوێنە چارەسەری دەستدەکەوێت و پێویست ناکا سەردانی نەخۆشخانەکان بکات، مەڵبەندە تەندروستیەکان جاران بە پاڵ بابەتی خوێندنگا و هۆشیاری و پێدانی ڤاکسینەوە، شوێنی سەرەتایی بینین و چارەسەرکردنی نەخۆشبوون، بەشێک لەوانە کرابوون بە (٢٤) کاتژمێری فشارێکی زۆریان لەسەر نەخۆشخانەکان بە تایبەت بەشی فریاگوزاری کەمکردبۆوەوە، لەوێوە نەخۆش رەوانەی فریاگوزاری دەکرا، لە هەموو مەڵبەندێک پزیشکی پسپۆر دا ئەنیشت و ئەگەر پێویستی بکردایە دوای ئەوە نەخۆشی ئاراستەی نەخۆشخانەکان دەکرد، بەڵام لە ئێستادا کاتی کاری ئەو مەڵبەندانە تەنیا لە کاتی دەوامی حکومیدایە، واتا تا تۆزێک دوای نیوەرۆ کار دەکەن و دوای ئەوە دا دەخرێن، هاوکات زۆربەی زۆریان پزیشکیان تێدا نییە و لە لایەن کارمەدنی تەندروستیەو بەرێوە دەبرێن، ئەمەش وایکردووە بێ رۆل بن و هاوشێوەی بنکەیەکی سەرەتایی تەندروستیان لێبێت، ئەم بێ رۆڵکردن و کەم کارکردنە بە بڕیاری وەزارەتی تەندروستی کراوە، وایکردووە فشار لەسەر نەخۆشخانەکان زیاد بکات، کە نەخۆش بۆ هەر گرفت و ئازارێک یان روداوێک ئەگەر زۆر سادەش بێت سەردانی بەشی فریاگوزاری نەخۆشخانە گەورەکان دەکات، ئەمەش فشار و قەرەباڵغی و ژاوەژاوێکی زۆری دروستکردەوەو پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بە ئەستەم دەتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

بۆردی راوێژکاری خۆبەخشی تەندروستی رێکخراوی ئاران هەوڵدەدات شیکاریەک بۆ ئەوە بکات کە هۆکار چیە ئامارەکانی نەشتەرگەری و سەردانی کردنی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کلینیکە پزیشکییە تایبەتاکان ئاوا بەرزن، دەیەوێت بگات بەو راستیەی کە ئایا بۆچی ساڵانە سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە (١٠٠) هەزار نەشتەرگەری لە کەرتی گشتی دەکرێن و نزیکەی چوار ملیۆن هاوولاتی هەرێم سەردانی دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی گشتی دەکەن، بەڵام هێشتا ئەمە بەس نییە و لە بەرامبەردا ساڵانە زیاتر لە (١٠٠) هەزار نەشتەرگەری لە کەرتی تایبەت دەکرێن و ساڵانە یازدە ملیۆن سەردان بۆ کلینیکە پزیشکیە تایبەتەکان تۆماردەکرێت.

## شیکاریی بۆردی تەندروستیی ڕێکخراوی ئاران

### پارادۆکسی کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، ژێرخانێکی گەورە، دەرئەنجامێکی لاواز

شیکاریی ئەو داتایانەی لەبەردەستدان، وێنەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ناکۆکی سیستەمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دەخەنە ڕوو، لە لایەک ژێرخانێکی فراوان لە نەخۆشخانە، سەنتەری پسپۆڕی و بنکەی تەندروستی بوونی هەیە، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە سەردانی هاووڵاتیان بۆ کەرتی گشتی، لە لایەکی دیکەشەوە، بازاڕێکی گەورە و گەشەکردووی کەرتی تایبەت هەیە کە بە شێوەیەکی فراوان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات و باوەڕی زۆرینەی هاووڵاتیانی بەدەست هێناوە، ئەم دۆخە نیشانەی قەیرانێکی بنەڕەتییە لە کارایی و متمانەی کەرتی گشتیدا، نەک تەنها کەمیی ژێرخان.

### ١ .پارادۆکسی ژمارەکان: بوونی گەورە بەرامبەر بە کاریگەریی کەم

داتاکان نیشانی دەدەن کە کەرتی گشتی لە ڕووی ژمارەوە لاواز نییە

- **ژمارەی دامەزراوەکان:** بوونی (٨٣) نەخۆشخانەی حکومی، (٨٦) سەنتەری پسپۆڕی، و (٣٨١) مەڵبەندی تەندروستی، ژێرخانێکی فراوانە کە لەسەر کاغەز دەبوو بتوانێت بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی هاووڵاتیان دابین بکات.
- **ژمارەی سەردانیکاران** :سەردانیکردنی نزیکەی ٢.٥ ملیۆن کەس ساڵانە لە هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بۆ کەرتی گشتی، نیشانەی ئەوەیە کە هاووڵاتیان هێشتا وەک بژاردەی یەکەم ڕوو لەم دامەزراوانە دەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەی ئایا ئەو خزمەتگوزارییەی چاوەڕێی دەکەن، بەدەستی دەهێنن؟

**شیکاریی زانستی:** ئەم پارادۆکسە ئاماژە بە دیاردەی بۆشایی کوالێتی و متمانە دەکات، هاووڵاتیان بەهۆی نەبوونی بژاردەی دیکەوە ڕوو لە کەرتی گشتی دەکەن، بەڵام بەهۆی ئەزموونی نەرێنی وەک لیستی چاوەڕوانیی درێژ، کەمیی دەرمان، خراپیی مامەڵە، متمانەیان بە توانای چارەسەری سیستەمەکە نەماوە، بۆیە هەرچەندە سەردانی یەکەم بۆ کەرتی گشتییە، بەڵام سووڕی چارەسەرەکە لە کەرتی تایبەتدا تەواو دەکرێت. ئەمە وادەکات ژمارەکان بەرز بن، بەڵام دەرئەنجام کە چارەسەری کۆتاییە لاواز بێت.

### ٢ . بە بازرگانییکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان کەیسی نەشتەرگەرییەکانی دڵ بە نموونە

گۆڕینی نەشتەرگەرییە ژیان ڕزگارکەرەکانی وەک قەستەرە و کردنەوەی سنگ بۆ خزمەتگوزارییەکی بە پارە لەناو نەخۆشخانەی حکومیدا، پێشێلکارییەکی ڕوونی بنەماکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیی گشتگیرە.

- **بۆچی حکومەت پارە وەردەگرێت؟** وەڵامی ئەم پرسیارە دوو ڕەهەندی هەیە:

1. **ڕەهەندی ئابووری:** حکومەت بە بیانووی کەمیی بودجە، تێچووی خزمەتگوزارییەکە دەخاتە سەر شانی هاووڵاتی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو پارەیەی وەردەگیرێت تەنها تێچووی ڕاستەقینەی کەرەستەکانە یان قازانجیشی تێدایە؟ زانیارییەکان دەریدەخەن کە نرخەکان زۆرجار لە تێچووی ڕاستەقینە زیاترن و بەشێک لەم داهاتە وەک قازانج بۆ تیمی پزیشکی و نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە، ئەمە لە بنەڕەتدا پرۆسەی بازرگانییکردنی ناوخۆییە لەناو کەرتی گشتیدا.

2. **ڕەهەندی سیاسی-فەلسەفی:** ئەم هەنگاوە پاشەکشەیەکی مەترسیدارە لە ئەرکی دەوڵەت، دەوڵەت لەبری ئەوەی چارەسەری کێشەی بودجە بکات لە ڕێگەی سیاسەتی داراییی گشتییەوە، ئاسانترین ڕێگە هەڵدەبژێرێت کە بریتییە لە فرۆشتنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان، ئەمە وردە چەمکی ماف دەسڕێتەوە و چەمکی کڕین و فرۆشتن جێگیر دەکات.

### ٣ .ژێرخانی مرۆیی و تەکنیکی- توانای بەکارهێنراو و بەهەدەردراو

داتاکان دەریدەخەن کە کێشەکە تەنها نەبوونی کەرەستە نییە، بەڵکو خراپ بەکارهێنان و دابەشنەکردنی دروستی سەرچاوە مرۆیی و تەکنیکییەکانیشە.

**شیکاریی زانستی:**

- **کەمیی کارمەند لە کەرتی گشتیدا:** کارکردنی تەنها **کەمتر لە نیوەی** پزیشکان (٨،١٠٠) پزیشک لە کۆی (٢٠,٥٠٠) و نزیکەی ٢١٪ کارمەندانی تەندروستی (١٧,٠٠٠) کارمەند لە کۆی (٧٩،٠٠٠) کارمەندی تەندروستی لە کەرتی گشتیدا، نیشانەی خاڵی کردنەوەی ئەقڵی ناوخۆییە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت.
- **ئامێری لەکارکەوتوو:** لەکارکەوتنی ٢٠٪ی ئامێرە ستراتیژییەکان (١,٤٤٢ ئامێر) بەفیڕۆدانێکی گەورەی سامانی گشتییە، ئەمە نیشانەی لاوازیی سیستەمی چاککردنەوە و پاراستنە.

### ٤ .بێ ڕۆڵکردنی مەڵبەندە تەندروستییەکان وەک تێکدانی بنەمای سیستەمەکە

سیستەمی تەندروستی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای خزمەتگوزاریی سەرەتایی (Primary Healthcare)بنیات نراوە، کە مەڵبەندە تەندروستییەکان پایەی ئەم سیستەمەن، بێ ڕۆڵکردنیان، وەک لابردنی بناغەی سیستەمەکە وایە.

- **شیکاریی زانستی:** کەمکردنەوەی کاتی کارکردن و نەهێشتنی پزیشکی پسپۆڕ لە مەڵبەندەکاندا، سیستەمی ڕەوانەکردنی تێکداوە، لە سیستەمێکی دروستدا، دەبێت ٨٠-٩٠٪ی کێشە تەندروستییەکان لە ئاستی مەڵبەندەکاندا چارەسەر بکرێن و تەنها حاڵەتە ئاڵۆزەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێن، بەڵام ئێستا، نەخۆش بۆ سادەترین کێشەش ڕاستەوخۆ ڕوو لە فریاکەوتنی نەخۆشخانە گەورەکان دەکات.

ئەمە بووەتە هۆی دروستبوونی فشاری ناپێویست لەسەر نەخۆشخانەکان، کەمبوونەوەی کوالێتیی خزمەتگوزاری لە فریاکەوتنەکاندا چونکە پزیشک کاتی نییە بۆ حاڵەتە مەترسیدارەکان و زیادبوونی تێچووی سیستەمەکە چونکە چارەسەر لە نەخۆشخانە گرانترە.

## ٥ .شیکاریی کۆتایی: بۆچی بازاڕی هەردوو کەرتەکە گەرمە؟

ئەم دیاردەیە کە تێیدا هەم کەرتی گشتی لە ڕووی ژمارەی سەردانەوە و هەم کەرتی تایبەت لە ڕووی قەبارەی بازاڕەوە گەورەن، لە ڕوانگەی ئابووریی تەندروستییەوە، نیشانەی سیستەمێکی ناتەندروست و ناکارایە.

## شیکاریی بۆردی ڕاوێژکاریی:

- **کەرتی گشتی وەک دەروازە:** کەرتی گشتی لە زۆر حاڵەتدا بووەتە تەنها دەروازەیەک بۆ ناو سیستەمەکە، هاووڵاتی سەردانی دەکات بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتایی چونکە خۆڕاییە، بەڵام بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە واتە پشکنینی ورد، وەرگرتنی دەرمان، و نەشتەرگەری ناچار دەبێت ڕوو لە کەرتی تایبەت بکات، ئەمە ژمارەی سەردانەکانی کەرتی گشتی بەرز دەکاتەوە، بەڵام قەبارەی خەرجییەکانی هاووڵاتیان لە کەرتی تایبەتدا زۆر زیاتر دەکات.
- **کەرتی تایبەت وەک تەواوکەری ناچاری:** کەرتی تایبەت لەبری ئەوەی بژاردەیەک بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت، بووەتە تەواوکەرێکی ناچاری بۆ کەموکورییەکانی کەرتی گشتی، لێشاوی هاووڵاتیان بۆ کلینیک و نەخۆشخانە تایبەتەکان نیشانەی گەشەی ئابووری نییە، بەڵکو نیشانەی بێهیواییە لە کەرتی گشتی.
- **سیستەمێکی دووسەرە:** لە ئەنجامدا سیستەمێکی دووسەرە دروست بووە کە تێیدا کەرتی گشتی ژێرخانەکەی هەیە بەڵام توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی تەواوی نییە، و کەرتی تایبەت تواناکەی هەیە بەڵام لەسەر گیرفانی هاووڵاتیان دەژی.

## دەرئەنجامی کۆتایی بۆردی تەندروستی:

دۆخی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بازرگانیکردنی نارێکخراودایە، کەرتی گشتی لەبری ئەوەی ببێتە پارێزەری مافی تەندروستی، بووەتە بەشێک لە پرۆسەی پاڵنانی هاووڵاتیان بەرەو بازاڕی تایبەت، ئەمە سیستەمێکی شکستخواردووە کە تێیدا سامانی گشتی ژێرخان، ئامێر، کارمەند بە شێوەیەکی ناکارا بەکاردەهێنرێن و باری دارایی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی هاووڵاتی، چارەسەر تەنها بە زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانە ناکرێت، بەڵکو بە گێڕانەوەی ڕۆڵ و متمانە بۆ کەرتی گشتی دەکرێت، لە ڕێگەی دابینکردنی بودجەی شایستە، بەڕێوەبردنی کارا، و ڕێگریکردن لە بازرگانیکردن بە ژیانی خەڵکەوە.

## ئەم دۆخە لە ڕوانگەی دیموکراسیی تەندروستییەوە لەنێوان مافی گشتی و بازاڕی تایبەتدا

داتاکانی کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کاتێک لەژێر رۆشنایی بنەماکانی دیموکراسیی تەندروستیدا هەڵدەسەنگێنرێن، شکستێکی قووڵ لە جێبەجێکردنی پایەکانی ماف، دادپەروەری، شەفافیەت و بەشداری ئاشکرا دەکەن و سیستەمەکە لەبری ئەوەی وەک دامەزراوەیەکی گشتی بۆ هەمووان کار بکات، بووەتە ئاوێنەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

**پێشێلکردنی مافی گشتگیر بۆ تەندروستی**

دیموکراسیی تەندروستی لەسەر بنەمای ئەوە بنیات نراوە کە تەندروستی مافێکی بنەڕەتیی هەموو مرۆڤێکە، نەک کاڵایەک کە تەنها ئەوانە بتوانن بیکڕن کە توانای داراییان هەیە، کاتێک ٩٦٪ی هاووڵاتیان ناچارن دەرمان لە کەرتی تایبەت بکڕن و نەشتەرگەرییە ژیان رزگارکەرەکانی وەک قەستەرەی دڵ لە کەرتی گشتیدا ١٠٠٪ بە پارەن، ئەمە مانای ئەوەیە کە مافی تەندروستی بە شێوەیەکی کردەیی هەڵوەشاوەتەوە و گۆڕدراوە بۆ توانای کڕینی تەندروستی، سیستەمەکە لەبری ئەوەی پارێزەری هاووڵاتی بێت لە بەرامبەر باری داراپی نەخۆشیدا، بووەتە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی ئەو بارگرانییە.

**نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا**

دادپەروەری یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی دیموکراسیی تەندروستی، کە مانای ئەوەیە هەموو کەسێک بەبێ جیاوازیی جوگرافی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی، دەستی بە خزمەتگوزاریی کوالێتی بەرز بگات، بێ رۆڵکردنی مەڵبەندە تەندروستییەکان و کۆکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان لە نەخۆشخانە گەورەکاندا، نادادپەروەرییەکی جوگرافی دروست کردووە، هاووڵاتیانی ناوچە دوورەدەستەکان بێبەش دەبن لە خزمەتگوزاریی سەرەتایی، هەروەها بازرگانییکردنی نەشتەرگەرییەکانی دڵ نادادپەروەرییەکی ئابووریی رِوونە، چونکە نەخۆشێکی هەژار و نەخۆشێکی دەوڵەمەند، کە هەردووکیان هەمان کێشەی دڵیان هەیە، چارەنووسی جیاوازیان دەبێت تەنها لەبەر ئەوەی یەکێکیان توانای دابینکردنی سێ ملیۆن دیناری نییە.

**نەبوونی شەفافیەت و لێپرسینەوە**

هاووڵاتی لە سیستەمێکی دیموکراسیدا مافی ئەوەی هەیە بزانێت سامانی گشتی چۆن خەرج دەکرێت و کێ بەرپرسە لە کەموکورییەکان، سەرەڕای بوونی ژێرخانێکی گەورە لە کەرتی گشتیدا، سیستەمەکە کارا نییە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هۆکاری لەکارکەوتنی ٢٠٪ی ئامێرە ستراتیژییەکان چییە و کێ لێی بەرپرسە؟ بۆچی مووچەی پزیشک و کارمەندانی کەرتی گشتی لە ئاستێکدا نییە کە هانیان بدات لە سیستەمەکەدا بمێننەوە؟ نەبوونی وەڵامی شەفاف بۆ ئەم پرسیارانە و نەبوونی میکانیزمێکی کاریگەر بۆ لێپرسینەوە لە بەرپرسان، ستوونەکانی دیموکراسیی تەندروستی لەقدەکات.

### لاوازیی بەشداریی هاووڵاتی و پیشەیی

دیموکراسیی تەندروستی پێویستی بەوەیە کە هاووڵاتیان، کۆمەڵگەی مەدەنی و پسپۆڕان ڕۆڵیان لە داڕشتنی سیاسەت و چاودێریکردنی سیستەمەکەدا هەبێت، زانیارییەکان دەریدەخەن کە بڕیارەکان وەک بڕیاری پارە وەرگرتن لە نەشتەرگەرییەکانی دڵ یان بێ ڕۆڵکردنی مەڵبەندەکان لە سەرەوە و بە شێوەیەکی ناشەفاف دەدرێن، بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ هاووڵاتیان یان تەنانەت خودی پسپۆڕانی ناو کەرتەکە وەک پزیشکانی دەرمانساز، ئەمە دەنگ و ڕای هاووڵاتی پەراوێز دەخات و سیستەمەکە دەکاتە سیستەمێکی داخراو کە تەنها نوخبەیەکی دیاریکراو بڕیاری تێدا دەدات.

دۆخی ئێستای کەرتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، دیموکراسیی تەندروستیی خستووەتە قەیرانێکی قووڵەوە، ماف گۆڕدراوە بۆ کاڵا، دادپەروەری شوێنی خۆی داوە بە نایەکسانی، شەفافیەت لەناو تەمومژی بڕیارە کارگێڕییەکاندا ون بووەو بەشداری لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، ژمارە بەرزەکانی سەردانیکردن بۆ کەرتی گشتی، نیشانەی متمانە نین، بەڵکو نیشانەی ناچاری و بێ بژاردەیی هاووڵاتیانن، لە هەمان کاتدا، گەشەکردنی گەورەی کەرتی تایبەت، نیشانەی سەرکەوتنی بازاڕی ئازاد نییە، بەڵکو دەرئەنجامی شکستی دەوڵەتە لە جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی، بۆ گێڕانەوەی دیموکراسی بۆ کەرتی تەندروستی، پێویستە فەلسەفەی حوکمڕانی بگۆڕدرێت و مافی تەندروستیی هاووڵاتی بکرێتەوە بە چەقی بایەخی سیستەمەکە، نەک قازانجی بازرگانی.

## بەراوردکردنی دۆخی کەرتەکانی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO

لە ڕوانگەی بنەمای دابینکردنی تەندروستی گشتگیر، کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە، دۆخی هەرێمی کوردستان وەک لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لە پاشەکشەیەکی مەترسیداردایە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەخت دەکاتەوە کە نابێت هیچ مرۆڤێک بەهۆی وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە تووشی کارەساتی دارایی یان هەژاری ببێت، بەڵام بوونی سیستەمی سیمی پرایڤد و ناچارکردنی هاووڵاتیان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییە ژیان ڕزگارکەرەکانی وەک دڵ بە بڕە پارەیەکی زۆر ، پێشێلکارییەکی ڕاستەوخۆی ئەم بنەمایەیە، ئەم دۆخە نیشان دەدات کە مافی تەندروستی لە هەرێمدا لە مافێکی مرۆییەوە گۆڕدراوە بۆ کاڵایەکی بازرگانی، کە تەنها ئەوانەی توانای داراییان هەیە دەستیان پێی دەگات، ئەمەش نایەکسانییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی دروست دەکات کە لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا ناتەبایە.

سەبارەت بە بنەمای خزمەتگوزارییە تەندروستییە سەرەتاییەکان، کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە بەردی بناغەی هەر سیستەمێکی تەندروستی سەرکەوتووی دادەنێت، ڕاپۆرتەکە شکستێکی سیستەماتیک ئاشکرا دەکات، بەپێی بنەماکانی تەندروستی جیهانی، دەبێت ٨٠٪ بۆ ٩٠٪ی کێشە تەندروستییەکان لە مەڵبەندە تەندروستییەکاندا چارەسەر بکرێن، بەڵام بێ ڕۆڵکردنی ئەم مەڵبەندانە و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ تێیاندا و کەمکردنەوەی کاتی دەوامەکەیان لە هەرێمی کوردستان، وای کردووە فشارێکی ناپێویست و بێزارکەر بکەوێتە سەر بەشەکانی فریاکەوتن لە نەخۆشخانە گەورەکان، ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر کوالێتی چارەسەر دادەبەزێنێت، بەڵکو تێچووی گشتی لەسەر سیستەمەکە زیاد دەکات و متمانەی هاووڵاتی بە دامەزراوە حکومییەکان لەق دەکات، کە ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە بۆ بەهێزکردنی کەرتی گشتی.

له لایەکی دیکەوە، بنەمای دادپەروەری له دابەشکردنی سەرچاوە تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە مەترسیدایە، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە تەنها نزیکەی ٣٩٪ی پزیشکان و ٢١٪ی کارمەندانی تەندروستی لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، ئەمەش نیشانەی دیاردەی خاڵیکردنەوەی مێشکەکانە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت،ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەخت دەکاتەوە کە حکومەت بەرپرسە لە پاراستنی هێزی مرۆیی لە کەرتی گشتیدا، بەڵام گەشەکردنی بێشوومارى کەرتی تایبەت (٧٩ نەخۆشخانە و نزیکەی ٦ هەزار کلینیک) لە بەرامبەر لاوازیی کەرتی گشتیدا، دەری دەخات کە دەوڵەت ئەرکی خۆی وەک ڕێکخەر و چاودێر لەدەست داوە، تێکچوونی ئەم هاوسەنگییە دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی نەک وەک بژاردە، بەڵکو لەبەر بێ هیوایی ڕوو لە کەرتی تایبەت بکات، کە ئەمەش بەپێی پێوەرە جیهانییەکان نیشانەی شکستخواردوویی سیاسەتی تەندروستی وڵاتە.

دواین خاڵ کە لەگەڵ بنەماکانی شەفافیەت و لێپرسینەوەی تەندروستی جیهانیدا بەراورد دەکرێت، بابەتی بەڕێوەبردن و پاراستنی سامانی گشتییە، بوونی ٢٠٪ی ئامێرە پزیشکییە ستراتیژییەکان لە دۆخی لەکارکەوتوودا، بەهەدەردانێکی گەورەی دارایی و مرۆییە کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ژیانی نەخۆش، بەپێی بنەماکانی دیموکراسیی تەندروستی، هاووڵاتی مافی هەیە بزانێت داهاتی گشتی چۆن بۆ تەندروستیی ئەو خەرج دەکرێت، کاتێک حکومەت نەخۆش ناچار دەکات بۆ پشکنینەکان پەنا بۆ دەرەوەی نەخۆشخانە ببات، ئەمە جۆرێکە لە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەخلاقی، بە کورتی، سیستەمی تەندروستی هەرێم لەبری ئەوەی تەندروستی وەک ماف بپارێزێت، ژینگەیەکی ڕەخساندووە کە تێیدا تەندروستی وەک کاڵا مامەڵەی پێوە دەکرێت، ئەمەش گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و تەندروستیی کۆمەڵگە.

# تەوەرەی پێنجەم:

## پەرستاران لە خەونی بوون بە فریشتەی رزگارکەرەوە بۆ بە کۆیلەکردنی مۆدێرن

## هاواری توێژێک لە قوڵایی چەوساندنەوەدا

پەرستاران لە هەرێمی کوردستان ئەو توێژەن کە لەناو سیستەمی تەندروستیدا زیاتر لە هەمووان پێشێلی مافەکانیان دەکرێت، ئەوان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەک فریشتەو کەسانی ژیان رزگارکەر سەیر دەکرێن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان توێژێکن زیاتر یادگاریان لەگەڵ چەوساندنەوەو دەردەسەری ژیاندا هەیە، لەو وڵاتانەی کە رێز لە پیشە دەگیرێت، پەرستاربوون وەک خەونێک دەبینترێت، کە ئەوەی پەرستار بێت یان بگات بەوەی ببێتە خاوەن بڕوانامەی پەرستاری و مافی پیادەکردنی پیشەکەی هەبێت، ئیتر واتا کەسێکە دەتوانێت خزمەت بکات و ژیانی پڕ بکات لە شانازی بە هاناوەچوونی خەڵک و رزگارکردنی ژیان و گەڕاندنەوەی هیوا، هاوکات لە ژیانی تایبەتی خۆشی بێخەم دەبێت، چونکە لەبەرامبەر ئەو خزمەتە گەورەیەدا گرەنتی ژیانێکی شکۆمەندانەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەمە لە هەرێمی کوردستان پێچەوانەیە، بوون بە پەرستان ئەگەر چی ئاسان نییە و تەمەنێک هەوڵدانی دەوێت، بەڵام کۆتاییەکەی گەیشتن نییە بەو خەونەی باس دەکرێت، پەرستارەکان بە خەونێکی گەورەوە قۆناغەکانی خوێندنیان بڕیوە، بەڵام بە نائومێدیەکی گەورەشەوە لێی دەرچوون، چونکە هیچ کام لەو ئاوات و خەونەی هەیانە بەدی نایات، پەرستاران لە هەرێمی کوردستان کاتێک خوێندن تەواو دەکەن دەبێت ڕوبەڕووی دێوزمەی سێ چارەنووسی جیاواز ببنەوە، کە هەرکامێکیان هەڵبژێرن لەوی تر خراپترە، ئەوانیش کارکردن وەک خۆبەخش لە کەرتی گشتی، کارکردنی قورس و تاقەت پڕوکێنی کەرتی تایبەت، یان بێکاری، ئەم سێ رێگایە هیچی لەوی تر باشتر نییە، بەڵام نەهامەتی ژیان و سەرگەردان بوون وا لە پەرستاران دەکات بێ ویستی خۆیان یەکێک لەو سێ رێگایە هەڵبژێرن، کە رەنگە کارکردن وەک خۆبەخش لە کەرتی گشتی یان کارکردن بۆ کەرتی تایبەت بە بڕیاری خۆیان بێت، بەڵام رێگای سێیەم کە بێکاریە، ناچاریە و ئەگەر لەو دوو کەرتە هیچیان دەست نەکەوێت ئەوا بێکاریەکی نا ئومێدکەر چاوەڕێیان دەکات.

ئەم راپۆرتە بە وردی دەچێتە ناو وردەکاری نەهامەتی و ژیانی پەرستارانەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەرستاران دابەشی سەر سێ گروپی جیاواز دەکات، ئەوانیش ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، ئەوانەی لە کەرتی گشتی خۆبەخشن و ئەوانەی بێکارن.

## ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن:-

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (١٣،٢٠٠) پەرستار لە نزیکەی (٨،٠٠٠) دامەزراوەی کەرتی تایبەتی تەندروستی کاردەکەن، کە بریتین لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، کلینیکە پزیشکیەکان، تاقیگەکان، دەرمانخانەکان، نۆرینگەکان و جۆرەکانی دیکەی دامەزراوەی کەرتی تایبەتی تەندروستی، ئەم دامەزراوانە بە روکەش مۆدێرنن بەڵام بۆ پەرستاران بەو جۆرە نین، بەڵکو زیاتر شوێنێکن بۆ پێشێلکردنی ماف و ناچارکردن و بێ هیواکردن و هێشتنەوە لە دڵەراوکێدا، لەم شوێنانەدا کارکردن لەسەردەمی جیهانگیری و پاراستنی مافی کارمەند ناچێت، بەڵکو لە سەردەمی کۆن دەچێت و خاوەن کار چۆن بیەوێت ئاوا مەرج دەسەپێنێت کە چەندین پێشێلکاری قورس بەرامبەر پەرستاران دەکرێت و تا ئێستا بۆیان چوەتە سەر، ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر پەرستاران دەکرێت لە کەرتی تایبەتی تەندروستیدا دەچێتە خانەی پێشێلکارتی قورسی مافی مرۆڤەوە، بەڵام تا ئێستا بێدەنگی لێکراوە، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی وەک تەنیا لایەن هەوڵی داوە ڕوبەڕووی ئەو پێشێلکاریانە ببێتەوە، بەڵام وا دیارە هێز و دەسەڵاتی خاوەن پرۆژەکانی کەرتی تایبەتی تەندروستی لە هەوڵەکانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی زیاترە، لێردا بە ریزبەندی جۆری دامەزراوەکان و جۆری پێشێلکاریەکان دەخەینە روو:-

**یەکەم: نەخۆشخانە تایبەتەکان:-** لە هەرێمی کوردستان (٧٩) نەخۆشخانەی تایبەت هەن، کە نزیکەی (١٠٠٠) پەرستار کاریان تێدا دەکەن، ئەگەرچی هەندێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکان پاش ناوی نێودەوڵتیان خستۆتە دوای ناوەکانیانەوە، بەڵام لە روی دابینکردنی مافەکانی پەرستارانەوە پابەندی هیچ یاسا و بنەمایەکی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی نابن، کە هەزاران یاسا و رێنمایی و رێککەوتن و توێژینەوە لەسەر پاراستنی مافی کارمەندان لە ناوخۆ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەن، لە نەخۆشخانە تایبەتەکان چەندین پێشێلکاریی زەق بەرامبەر مافەکانی پەرستاران دەکرێت کە هەندێک لەوانە دەچنە چوارچێوەی دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتی و دروستکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە.

**تۆمارکردنی ڤیدیۆی ریکلام بە بێ خواستی کچانی پەرستار:-** تیمەکانی ئەم راپۆرتە کەیسێکیان تۆمارکرد، کە پەرستارێکی ئافرەت لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە هەرێمی کوردستان کە لە قۆناغی مارەبریدا بوە، لە لایەن نەخۆشخانەکەوە ناچار کراوە ریکلامی ڤیدیۆیی بۆ نەخۆشخانەکە تۆمار بکات و بڵاو بکرێتەوە، دوای بڵاوبونەوەی ریکلامەکە ڕوبەڕووی کێشەی خێزانی بوەتەوەو بەو هۆیەوە دەستگیرانەکەی لێی جیابوەتەوە، تیمەکانی راپۆرتەکە گەیشتوون بەو راستیەی کە پەرستارەکە بە ناچاری ئەو کارەی کردووە، چونکە لە حاڵی رەتکردنەوەدا روبەری هەڕەشەی دەرکردن دەبوەوە، لە کاتێکدا ئەو لە قۆناغی هاوسەرگیریدا بوەو پێویستی بە موچەکەی بوە، تیمی ئەم راپۆرتە ئەوەشی زانیوە کە پەرستارەکە پێش تۆمارکردنی ڤیدیۆی ریکلامەکە کارگێڕی نەخۆشخانە تایبەتەکەی ئاگادارکردۆتەوە کە ئەو گونجاو نییە بۆ ئەو کارە و کاری ئەویش نییە، بەڵام کارگێڕی نەخۆشخانەکە بە بیانوی ئەوەی ئەو روخساری گونجاوە بۆ ئەو ریکلامە ناچاریان کردووە ریکلامەکە بکات، سەرەتا پەرستارەکە پێی وانەبوە کە ئەو کارە دەبێتە هۆی لەبارچوونی پرۆسەی هاوسەرگیریەکەی، بەڵکو تەنیا خودی خۆی حەزی بە کارەکە نەبوە بۆیە رەزامەند نەبوە، بەڵام دوای ئەوەی هەستی بەوە کردووە کە ئەگەربێت و ریکلامەکە نەکات ئەوا بە ئەگەری زۆرەوە ڕوبەڕووی دەرکردن دەبێتەوە بۆیە بە ناچاری قبوڵی کردووە، چونکە ئەو پێویستی بە موچەکەی بوەو نەیویستوە کارەکەی لە دەست بدات، بەڵام کاتێک ریکلامەکە بڵاو دەبێتەوە، ئەمە دەستگیرانەکەی تورەدەکات و کێشە لەنێوانیاندا دروست دەبێت، دواتر بە جیا بونەوە کۆتایی پێ دێت .

**کارکردن بە بێ بەرامبەر لە ژێر ناوی تێست:-** تیمەکانی ئەم راپۆرتە چەندین حاڵەتی سەیریان تۆمارکرد، کە نەخۆشخانە تایبەتەکان لە ژێر ناوی تێست بۆ ماوەی سێ مانگ یان (٩٠) رۆژ بە بێ موچە کاریان بە پەرستاران کردووەو دواتر ئێزنیان داون کە گوایە توانایان باش نییە، دوای کاری بنکۆڵکاریی تیمی راپۆرتەکە بۆی دەرکەوت بابەتەکە شتێکی جیاوازە، دەرکەوت ئەمە فێڵێکە لە لایەن خاوەن و کارگێڕی هەندێک لە نەخۆشخانە تایبەتەکانەوە دەکرێت بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بێ بەرامبەر پەرستاران کاریان بۆ بکەن، تیمی راپۆرتەکە گەیشتە ئەو راستیەی کە چەندین گروپی پەرستاران لەکاتی جیاوازو دوا بە دوای یەک بۆ ماوەی سێ مانگ یان (٩٠) رۆژ کاریان پێکراوە بە تێست و بە بێ موچە، دواتر ئێزندراون ئەمەش وایکردووە نەخۆشخانەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێ موچە کار بە پەرستاران بکات، ئەم دیاردەیە چەندین پەرستاری توشی گرفتی دەروونی کردووەو تەنانەت هێزی ئەوەشیان نییە ڕوبەڕووی نەخۆشخانەکە ببنەوە، چونکە ئەگەر گلەیی بکەن یان رەخنە بگرن ئەوا ڕوبەڕووی چەندین شکاندنەوەو بە کەم سەیرکردنی توانا دەبنەوەو و پێیان دەوترێت کە هیچ نازانن و توانای کاردنتان نییە و هیچ لە بوارەکە نازانن، ئەمەش بوە بە گرێی دەرونی لە لایان و بێدەنگ بونیان پێ باشترە لەوەی ئاوایان پێ بوترێ، بۆیە بەشێکی زۆری ئەو پەرستارانە بێدەنگیان لێکردووەو پەنایان بۆ هیچ شوێنێک نەبردوە تا ئەو پێشێلکاریانە تێنەپەڕن و مافەکانیان وەربگرنەوە، تیمەکانی راپۆرتەکە توانیان بۆچونی چەند پەرستارێک وەربگرن کە ئەو پێشێلکاریانەیان بەرامبەر کراوە، بڕیاریان داوە بەیەکجاری دەست لە پیشەکەیان هەڵبگرن سەرقاڵی کاری دیکە ببن کە دورە لە پیشەکەی خۆیانەوە، وەک خۆیان دەڵێن خەونی پیادە کردنی پیشەیەکی پیرۆز کە ساڵانێک هەوڵیان بۆ داوە ناوەتە چاڵ و ئەو خەونەشیان نەویست کە هەزار منەت و فێڵیان لێدەکرێت و

ناشتوانن مافەکانیان وەربگرنەوە، ئەم پێشێلکاریە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بێدەنگی لێکراوە کە گرێی دەروونی لای چەندین پەرستار دروست کردووە .

**خستنە ژێرچاودێری و هەڕەشەی دەرکردن، وەک کابوسی هەمیشەیی پەرستاران:-** بە ناوی پاراستنی کوالیتی کار و بەرزکردنەوەی ئەدای کاری پەرستاران نەخۆشخانە تایبەتەکان چاودێریەکی هەمیشەییان خستۆتە سەر پەرستاران، بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵسەنگاندنی نا زانستی بۆ ئەدایان دەکرێت، دەبێت پەرستار بە درێژایی کات بیری لای ئەوە بێت خاوەن کار لێی رازیە، چونکە لە ئەگەری لێ رازی نەبوون ئیزندان و کۆتایی هێنانە بە راژەی کارکردن، ئەمە بوەتە کابوسێکی گەورە بۆ ژیانی پەرستاران، بە دەگمەن پەرستارێک هەیە دڵنیابێت لەوەی لە کارەکەی بەردەوام دەبێت، ئەمەش وایکردووە پەرستاران نەتوانن پلانی ژیانی خۆیان دابنێن، چونکە دڵنیانین لەوەی سبەی لەسەر کار دەمێننەوە یان نا، تیمەکانی راپۆرتەکە قسەیان لەگەڵ چەندین پەرستار کردووە کە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کار دەکەن باسیان لەوە کردووە، ئەوان رۆژانە چاودێری دەکرێن، هەموو هەڵسوکەوتێک قسەیەکی بچوک جوڵەیەکی بچوک لەسەریان حسابە، وای لێهاتوە گومانیان لە هەموو جوڵەو قسەیەکی خۆیان هەیە، کە هەندێک جار رۆژێک یان هەفتەیەک بە دڵەراوکێوە دەژین نەک قسەیەکی دیاری کراو جوڵەیەکی دیاری کراو بە دڵی کارگێڕی نەخۆشخانەکە یان خاوەن کار نەبێت و ئیزن بدرێن، پەرستارێک بە تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتەی وت رۆژێک لە شوێنی کارەکەی بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر بە پێوە وەستاوە، بەوهۆیەوە توشی ئازاری پێیەکانی هاتوە، بۆ ماوەی یەک خولەک پێیەکانی درێژ کردووە، کارگێڕی نەخۆشخانەکە لە کامێرای چاودێرییەوە بینیویان و بانگیان کردووە و سەرزەنشتیان کردووە، سەرەتا هەڕەشەی دەرکردنیان لێکردووە، بەڵام دوای چەندین رونکردەوەو سەلماندن کە بەدرێژایی حەوت کاتژمێر دانەنیشتوەو توشی ئازاری پێیەکانی هاتوە، لە کۆتاییدا بڕی (٢٥،٠٠٠) دینار لە موچەکەی وەک سزایەک بڕدراوە، ئەو پەرستارە بە تیمەکەی وت، کارگێڕی نەخۆشخانەکە لەوە دلنیابوون کە پێم ئازاری هەیە، بەڵام هەر سزایان دام، وەک ئەوەی ئێمە مرۆڤ نەبین و رۆبۆت بین و بۆمان نەبێت ئازارمان هەبێت. ئەو پەرستارانەی لە کەرتی تایبەتدا کار دەکەن زیاتر ئەو توێژەن کە تەمەنیان لە نێوان (٢٠) بۆ (٣٠) ساڵاندایە، ئەمەش ئەو توێژەیە یان لە قۆناغی هەوڵدان بۆ ژیانی هاوسەرگیریدان یان تازە هاوسەرگیریان کردووە، بەڵام چاودێری بەردەوامی سەریان و هەڕەشەی دەرکردن لێیان وای کردووە هیچ دڵنیا نەبن لە بەردەوامیی کارەکەیان، کە ئەمش جێگیریی ژیانی نەهێشتوون و ناتوانن پلانی ژیانی خۆیان دابنێن، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە درێژەی قسەکردنەکانیدا لەگەڵ پەرستاران، گەیشت بەوەی پەرستاران لە ژیان و بارێکی دەروونی نا جێگیردا دەژین، کە بواری ئەوەیان نادا بتوانن پلانی ژیانی خۆیان دابنێن، چونکە دڵنیا نین لەوەی کە لەسەر کارەکەیان دەمێننەوە یان نا، ئەوەش وایکردووە، نەتوانن هاوسەرگیری بکەن، چونکە ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر بێت و لەسەر کارەکەیان دەربکرێن ئەوان ڕوبەڕووی سەختی ژیان و کێشەی خێزانی دەبنەوە، بۆیە وا باشتر دەبینن ئاوا بمێننەوە تا ئەو کاتەی بارودۆخ دەگۆڕێت و دەگەن بە ژیانێکی جێگیر .

**کەمی موچە و کارپێکردنی تاقەت پروکێن:-** ئەگەرچی یاسای کار لە هەرێمی کوردستان هەموو خاوەن کارێکی پابەند کردووە بەوەی نابێت هیچ موچەیەک ئەگەر بێت و دابەشی رۆژانە بکرێت رۆژی لە (١٥،٠٠٠) کەمتر بێت، لە بەرامبەر هەشت کاتژمێر کارکردندا، بەڵام ئەمە لەخۆشخانە تایبەتەکان حسابی بۆ نەکراوە، تیمەکانی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لەگەڵ چەندین پەرستاردا قسەیان کردووە کە لەنەخۆشخانە تایبەتەکان کار دەکەن، ئەوەیان بۆ تیمەکە خستە روو، کە ئەوان مانگانە لەبەرامبەر (١٢) کاتژمێر کارکردن بڕی (٣٧٥،٠٠٠) دینار وەک موچە وەردەگرن، کە ئەمەش دوو جار پێشێلکردنی یاساکەیە، جارێک موچەکەیان کەمترە لەوەی یاساکە دیاری کردووە جارێکیش کاتژمێری کارکردنیان زیاترە لەوەی یاساکە دیاری کردووە، کە هەشت کاتژمێرە، جگە لەوەی یاسا دیاری کردووە هاوکات رەهەندێکی نێودەوڵەتیشی هەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ماوەی کارکردن لە رۆژێکدا هەشت کاتژمێرە، بەڵام لە

نەخۆشخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان نە کار بە یاساکە دەکرێت نە بە پێوەر و بنەما نێودەوڵەتیەکە، بەڵکو زیاتر سەیری بەرژەوەندی و قازانجی نەخۆشخانەکە دەکرێت، کە تەنیا پەرستارەکە باجەکەی دەدا و هەموو قورساییەکە لەسەر شانی پەرستارانە، پەرستاران کە قسەیان بۆ تیمەکانی ئەم راپۆرتە دەکرد باسیان لە کارکردنی بەردەوام و تاقەت پڕوکێنی ناو نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکرد، کە بواری پشودان زۆر کەمە و پەرستاران مافی ئەوەیان نییە باس لە ماندووبونی خۆیان بکەن، چونکە کابوسی دەرکردن هەمیشە ئامادەیە، خاون کار زو زو گورزەیەکی گەورە سیڤی دەردەهێنێت و نیشانی پەرستارانی دەدات کە ئەگەر ئێوە ناتوانن ئەوا سەدان سیڤی لێرە کەوتوون و کەسانی تر ئامادەن لە شوێنی ئێوە کاربکەن، هاوکات لەبەر ئەوەی وەک ئاماژەی پێدرا تەمەنی پەرستاران سەرەتای ژیانەو خەونی گەورەیان هەیە، بۆیە زۆر پێویستیان بە موچە هەیە، ئەوەش وایکردووە هەموو پێشێلکاریەکان قبوڵ بکەن لە پێناو ئەوەی دەر نەکرێن، پەرستارێک لە کاتی قسە کردنی بۆ تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە باسی لە جیاوازی قسە و ویژدانی خاون ئەو نەخۆشخانە تایبەتە دەکرد کە کاری تێدا دەکات، پەرستارەکە دەیوت زۆر جار بەوە تۆمەتبارمان دەکات کە پشودانی ئێمە مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆش دروست دەکات و دەبێت گیانی نەخۆش بپارێزین و باس لە گرنگی ژیانی مرۆڤ دەکات کە لەهەموو شتەکانی دیکەی دەوروبەرمان گرنگترە، بەڵام بیری ئەوەی نەبوە ئێمەش مرۆڤین ژیانمان هەر هیچ نەبێت بەهایەکی هەر هەیە و پێویستمان بەوەیە دەروونمان ئاسودە بێت و بە پێی توانای خۆمان کارمان پێبکرێت یان بەلای کەمەوە رەچاوی ئەو بنەمایانە بکرێت کە بۆ کارکردن دیاری کراون.

**دەستەبەر نەکردنی کاری پەرستاران و پێشێلکردنی یاسای کار:-** بە پێی یاسای کار دەبێت هەموو کرێکارێک کە بۆ خاوەن کارێک لە کەرتی تایبەتدا کاردەکات دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ بکرێت، ئەوەش لە پێناو ئەوەی دوای بەسەربردنی تەمەنی یاسایی بتوانێت خانەنشین بێت، بەپێی یاساکە ١٧٪ کۆی موچەی کرێکارەکە دەبێت مانگانە بدرێت بە فەرمانگەی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، کە ٥٪ لەسەر کرێکارەکەو ١٢٪ لەسەر خاوەن کارە، تیمەکانی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە توانییان بگەن بەوەی لە ناو نەخۆشخانە تایبەتەکاندا چەندین نەخۆشخانە هەن کە دەستەبەری کۆمەڵایەتیان بۆ کارمەندەکانیان بەتایبەت پەرستارەکان نەکردووە، هەروەها ژمارەیەکیش لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بە نهێنی کارمەندەکانیان بە تایبەت پەرستارەکان کە زۆرینەی کارمەندانی هەر نەخۆشخانەیەکی تایبەت پێکدەهێنن ناچار کردووە کۆی پارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆیان بیدەن و خاوەن کار بەشی خۆی نەدات کە ١٢٪ یە، ئەمەش پێشێلکردنی زەقی یاسای کارە، پەرستاران موچەیەکی کەم وەردەگرن، کە بەهیچ جۆرێک لە رۆژگاری ئەمرۆدا بەشی پێداویستیەکانی ژیانیان ناکات، لەبەرامبەر کارێکی قورسدا، بەڵام دەبێت کۆی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆیان بیدەن ئەوەش وایکردووە هیچی وایان بۆ نەمێنێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناتوانن واز لە کارەکەیان بهێنن، چونکە هیچ چارەیەکیان نییە، پەرستارێک بە تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتەی وت پێویست بەوە ناکات لێکۆڵینەوەی قوڵ لەو پێشێلکاریانە بکرێت کە بەرامبەر ئێمە دەکرێت تا پێشێلکاریەکە دەربکەوێت، بەڵکو هەر ئەوە بەسە کە پرسیار بکرێت بۆچی ئێمە بەو موچە کەمە کاردەکەین و کارێکی قورس دەکەین و رازین بەوەی تەواوی پارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی خۆمان بیدەین لە کاتێکدا تەنیا ٥٪ لەسەر ئێمەیە، پەرستارەکە خۆی وەڵامی خۆی دایەوەو وتی ئەوە دەری دەخات کە ئێمە زۆر ناچارین و پێویستمان بەو کار و موچەیە هەیە، ئەگەرنا کێ هەیە ئەو هەموو ناحەقیە قبوڵ بکات و ئەوەش دەردەخات کە ئێمە نازانین چی بکەین و نازانین بە پشتیوانی کێ داوای مافی خۆمان بکەین .

**دوەم: کلینیکە پزیشکی و دەرمانخانەو تاقیگەو نۆرینگەو شوێنە تایبەتەکانی دیکەی تەندروستی:-** زیاتر لە (١٢،٠٠٠) پەرستار لە نزیکەی (٨،٠٠٠) شوینی وەک کلینیکی پزیشکی و دەرمانخانەو تاقیگەو نۆرینگەو شوێنی دیکەی کەرتی تایبەتی تەندروستی کاردەکەن، ئەم ژمارەیە ١٥٪ کۆی پەرستارانی هەرێمی

کوردستان پێکدەهێنێت، کە دەکاتە زۆرترین هێزی کاری کارمەندانی تەندروستی لە دەرەوەی وەزارەتی تەندروستی، ئەم کارمەندانە لەو شوێنانەی ئاماژەی پێدرا زیاتر بۆ کەس کاردەکەن، نەک کۆمپانیا ئەمەش وای کردووە پێشێل کاری بەرامبەر ئەمانیش هەبێت و لەو پێشێل کاریانە کەمتر نەبێت کە لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بەرامبەر هاوتاکانیان دەکرێت، لێردە وردەکاری ئەو پیشێلکاریانە دەخەینە روو-:

**کارکردن بە بێ گرێبەست:-** پەرستاران لێرەدە بە بێ گرێبەست و تەنیا بە شێوەی زارەکی کاردەکەن، تەنیا هەندێک رێکاری کارگێڕییان بۆ دەگیرێتە بەر وەک تۆمارکردنیان لە لایەن بەشی چاودێری و خۆپاراستنی تەندروستیەوە یان لیژنە پشکنینەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی دەربکەوێت کە پەرستارن و بۆ کارکردن لە شوێنەکە گونجاون، نەبوونی گرێبەست وا دەکات مافەکانی پەرستاران لەم شوێنانەدا پارێزراو نەبێت، چونکە هەر بە زارەکی و بە بێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی نوسراو کار دەکەن، ئەوەش بواری بۆ سەپاندنی کاری زیادە و نەبوونی پێوەر بۆ کاتەکانی کرکردن و سەپاندنی میزاجی خاوەنکار و چەندین شتی دیکە کە دژ بە بەرژەوەندی پەرستارانن رەخساندوە، بەشێکی زۆری پەرستاران لەم شوێنانە لە بوارەکانی خۆیاندا کار ناکەن، بەشێکیان لە کلینیکەکان ناوی نەخۆش و کاروباری نۆرەگرتن رێک دەخەن کە ئەمانە لە ژێر فشارێکی قورسی کارکردندان و هیچ پشتیوانییەکی یاسایی و کارگێڕی بۆ کارکردنی ئەو پەرستارانە نییە، چونکە لە بنەرەتدا بۆ کەسی تایبەت کار دەکەن و هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی کارگێڕی نییە کە کاری ئەوان رێکبخات و مافەکانیان دابین بکات.

**موچەی کەم و کارکردنی زۆر:-** بەشی هەرە زۆری ئەو پەرستارانەی لەو شوێنانە کار دەکەن موچەکانیان لە نێوان (٢٥٠،٠٠٠) بۆ (٣٥٠،٠٠٠) دیناردایە لەبەرامبەر زیاتر لە ١٠ کاتژمێر کارکردن، هەندێکیان لە کاتژمێر ١٠:٠٠ پێشنیوەڕۆوە دەست بە کارکردن دەکەن تا کاتژمێر ١٠:٠٠ شەو کە ئەمە دەکاتە (١٢) کاتژمێر کارکردن، ئەمەش لە بەرامبەر موچەیەکی کەم کە بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ ناتوانرێت هیچی وای پێ بکرێت، تیمەکانی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە قسەیان لەگەڵ چەندین پەرستاردا کردووە کە لەو شوێنانە کار دەکەن، ئەوان ئەوە ناشارنەوە کە بە هۆی کاتی زۆری کارکردن لە هەموو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان دابڕاون، بەڵام لەبەرامبەردا موچەیەکی زۆر کەم وەردەگرن کە ناتوانن هیچی وای پێ بکەن، ئەو پەرستارانە باس لەوە دەکەن هۆکاری رازیبونیان بەو بارودۆخە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە جگە لەوە هیچ دەرفەتێکی دیکەیان نییە، چونکە ناتوانن لە کەرتی گشتی دا بمەزرێن، هیچ ئومێدێکیان بەوە نەماوە ببنە خۆبەخش لە وەزارەتی تەنردوستی چونکە چەندین هاورێ و هاوتایان هەیە ساڵانێکە لە وەزارەتی تەندروستی خۆبەخشن تا ئێستاش بە بێ موچەو بە بێ رەچاوکردنی هیچ مافێک بەردەوامن، بۆیە ئەمان نایانەوێت هەمان چارەنوسیان هەبێت، هاوکات باس لەوە دەکەن کە ئەوان لە نێوان بێکاری و دانیشتن لە ماڵەوە لەگەڵ ئەم کارە قورسەدا ناچارن ئەم کارە هەڵبژێرن چونکە هەرچۆنێک بێت لە بێکاری باشترە ئەگەر چی زۆر شەکەت ئەبن و موچەیەکی کەمیش وەردەگرن.

**رەوشی پەرستاران بە رێژەو داتا:-** رێکخراوی ئاران بۆ دەرخستنی راستی پێشێلکاریی بەرامبەر پەرستاران لە کەرتی تایبەت، روپێویەکی وردی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، کە تیایدا قسە لەگەڵ (١،٦٠٠) پەرستار لە هەردوو رەگەز و بەشە جیاوازەکانی کەرتی تایبەت کراوە، ئەو پەرساتارانەی قسەیان لەگەڵدا کراوە ٪٤٩ یان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، ٪٤ لە سەنتەرە پزیشکی/تەندروستیەکان، ٪٤ تاوەری تەندروستی/پزیشکی، ٪٢١ لە کلینیکی پزیشکی تایبەت، ٪١٣ لە دەرمانخانە، ٪٩ لە بەشەکانی دیکەی کەرتی تایبەت کار دەکەن، بە پێی ئەنجامی لە رووپێویەکەو لە ئەنجامی ئەو پرسیارانەی ئاراستەیان کراوە، ٪٧٢ پەرستارن دەڵێن پیشێل کاریمان بەرامبەر کراوە، بەم جۆرە:-

- ١٦٪ پەرستاران ناچار کراون لە دەرەوەی پسپۆری خۆیان کار بکەن، ریکلام کردن بۆ شوێنی کارکردن وەک نموونە.
- ١٠٪ پەرستاران بەبێ بەرامبەر کاریان پێکراوە، کارکردن بە تێست بێ بەرامبەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراو دواتر ئیزندانیان کە هەندێکیان بۆ ماوەی (٩٠) رۆژ کاریان پێ کراوەوە هیچ موچەیەکیان پێ نەدراوە.
- ٣٩٪ پەرستاران کاری زیادە، واتا زیاد لەو کاتەی بۆیان دیاری کراوە کاریان پێکراوەو دەکرێت و کرێی زیادە (Over time) یان بۆ هەژمار ناکرێت.
- ٢٪ پەرستاران روبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، چی لە لایەن خاوەن کارەوە یان لە لایەن کەسوکاری نەخۆشەوە.
- ٣٪ پەرساتارنی ئافرەت دەڵێن توشی هەراسان کردوون هاتوون لە لایەن خاوەن کار یان کەسانی دەستڕۆیشتووی شوێنی کارەوە.
- ٥٧٪ پەرستاران گرێبەستیان لەگەڵدا نەکراوە بۆ کارکردن و بە بێ گرێبەست کار دەکەن.
- ٨٤٪ ئەو پەرستارانەی گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکەدا هیچ مەرجێکی پەرستارەکە جێگیر نەکراوە.
- ٦٤٪ پەرستارانی ئافرەت لە کاتی منداڵبووندا مۆڵەتی دایکایەتیان پێ نەدراوە.
- ٨٨٪ پەرستاران بە موچەی نزم کار دەکەن، کە لە (١٥٠،٠٠٠) دینارەوە دەست پێدەکات و بەشێکیان مانگانە ٢٨ رۆژ کار دەکەن.
- ٧٥٪ پەرستاران دەستەبەری کۆمەڵایەتیان بۆ نەکراوەو هەندێکیان هەر نازانن چی یە.

**سییەم: پەرستاران وەک خۆبەخش لە کەرتی گشتی:-** ژمارەی پەرستارانی خۆبەخش لە کەرتی گشتی تەندروستی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا (٣٥،٠٠٠) پەرستار تێپەڕ دەکات، کە ئەمە بەتەنیا زیاترە لە ٨٠٪ کۆی کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی کە (٤٨،٠٠٠) کارمەندی هەیە، بۆیە ئەمە ئەو قسەیە پشت راستدەکاتەوە کە لە ئێستادا کارەکانی نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی لەسەر شانی خۆبەخشەکان بەڕێوە دەچن، ئەم ژمارە زۆرە کە بە خۆبەخشی و بە بێ بەرامبەر کار دەکەن، نەبۆتە خاڵێکی ئەرێنی و پێزانین لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە، بەڵکو هاوشێوەی کەرتی تایبەت چەندین پێشێلکاری بەرامبەر پەرستارانی خۆبەخش لە کەرتی گشتیش دەکرێت، کە ئەوەش تا ئێستا بێدەنگی لێکراوەو تێپەڕیوەو هیچ هەنگاوێک بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان نەنراوە، لێرەدا وردەکاری ئەو پێشێلکاریانە دەخەیەن روو کە لە کەرتی گشتی بەرامبەر خۆبەخشان دەکرێن -:

کارکردن بە بێ موچە بۆ ساڵانێکی زۆر:- لەبەر ئەوەی بە خواستی خۆیان وەک خۆبەخش چونەتە دامودەزگاکانی کەرتی گشتی تەندروستی، حکومەت بێ باکە لەوەی بەبێ موچە کاریان پێ بکات، ژمارەیەکی زۆر لە پەرستاران لە ساڵی ٢٠١٤ وە واتا بۆ ماوەی ١٢ ساڵە بە بێ هیچ موچەیەک لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن، کە ئەمەش رەنگە درێژترین ماوەی کاری خۆبەخشی بێت بە بێ موچە لە جیهاندا، حکومەت هەوڵی نەداوە هیچ هەنگاوێک بۆ قەرەبوکردنەوە یان بەلای کەمەوە پێدانی جەژنانەو هەر دیاریەک بنێت کە وا بکات هانیان بدات و هەست بکەن لەبەرامبەر ئەو کارە زۆرەی دەیکەن شتێکیان دەستکەوتووە، بەڵکو هەمیشە حکومەت بێ باک بوە لەوەی هیچ مافێکیان بۆ دابین بکات و زۆر بێمنەتانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، تیمەکانی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە کاتی سەردانی کردنی بۆ دامودەزگاکانی کەرتی گشتی تەندروستی چەند حاڵەتێکیان بینی کە ژمارەیەک پەرستار داواکاریان هێنابوو بۆ ئەوەی وەک خۆبەخش دەستبەکار بن، بەڵام لێپرساوی بەشەکە رەتی کردەوە داواکەیان وەربگرێت، چونکە لە ساڵی ٢٠١٨ وە دانانی خۆبەخش لە دەسەڵاتی وەزیری تەندروستیدایە و ئەو دەسەڵاتە لە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان وەرگیراوەتەوە، بۆیە ئەو لێپرساوە رەتی کردەوە داواکەیان

وەربگرێت و پێی وتن کە پێیان وتراوە چیتر داوای خۆبەخش وەرنەگرن و ئەگەریش هەر سورن لەسەر ئەوەی ببن بە خۆبەخش ئەوا خۆیان دەتوانن سەردانی وەزیری تەندروستی بکەن و رازی بکەن کە بە خۆبەخش دابنرێن، ئەو پەرستارانە ئەگەرچی بۆ کارێکی خۆبەخشی ناچاری چارەنوس نادیاری بێ موچە هاتبوون و ئەوەشیان دەستنەکەوت، بەڵام هێشتا هەستیان پێ دەکرا کە پێیان ناخۆشە ناکرێن بە خۆبەخش، تیمەکانمان لەگەڵ ئەواندا قسەیان کرد کەئایا بۆچی ئاوا هەوڵ بۆ کارێکی بێ موچە دەدەن، ئەوان دەیان وت کە جگە لەمە هیچ چارەیەکی تریان نییە و ئەوەتا ئەمەشیان پێ رەوا نابینن. لە دوای ئەم دیمەنە بە بێ ئەوەی تیمەکانمان پرسیار بکەن ئەو لێپرسراوە وتی ئەمانە زۆر سەیرن لە لایەکەوە رەخنە لە حکومەت دەگرن و لە لایەکی تریشەوە بە پێی خۆیان دێنە ئێرە کە بە بەلاش کاربۆ حکومەت بکەن بەڵام حکومەت رازی نییە. هاوکات لە ناو کارمەندانی دامەزراوی کەرتی گشتیدا بە چاوی تورەییەوە سەیری خۆبەخشەکان دەکرێت، کارمەندانی دامەزراو پێیان وایە لەبەر ئەم ژمارە زۆرەی خۆبەخش حکومەت لەمان بێ منەتەو لە کاتی دواکەوتنی موچە مانگرتنی کارمەندانی دامەزراو هیچ کاریگەری لەسەر نەخۆشخانەکان ناکات و خۆبەخشان بەرێوەی دەبەن، بۆیە سەرەڕای ئەوەی خۆبەخشان کاری کارمەندانی دامەزراویان ئاسانکردووە، بەڵام کارمەندانی دامەزراو خۆشحاڵنین بە بوونی ئەوان لەوێ و پێیان وایە لەبەر ئەوانە وەزارەتی تەندرستی زۆر گوێ بە هەڕەشەی مانگرتن نادا چونکە دڵنیایە لەوەی ئەگەر کارمەندانی دامەزراو مانیش بگرن ئەوا خۆبەخشان دەتوانن سیستەمەکە رابگرن و نەخۆشخانەکان پەکیان نەکەوێت و بەردەوام بن لە کارکردن.

پێنەدانی ماف و گرتنەبەری رێکاری سزایی:- ئەگەرچی خۆبەخشان لە کەرتی گشتیدا هیچ مافێکیان بۆ دابین نەکراوە، کە تەنانەت ئامادە نین خواردنیشیان پێ بدەن و لەسەر ئەرکی خۆیان هاتووچۆ دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێکاری کارگێری و سزاییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر، ئەگەر بێت و خۆبەخشێک شانسی ئەوەی هەبێت وەزیری تەندروستی رەزامەند بێ بەوەی بە خۆبەخش کار بکات، ئەوا پێش رەزامەندیەکە دەبێت بەڵێننامەیەک لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگا یان ئیدارەسەربەخۆکان پڕ بکاتەوە کە بە هیچ جۆرێک بە هۆی ئەم خۆبەخشیەوە داوای دامەزراندن نەکات و پابەندی ئەو کاتە بێت کە بۆ دەوام بۆی دیاری کراوەو بە پیچەوانەوە رازی بێت بەو رێکارا یاسایانەی بەرامبەری دەگیرێنە بەر، خۆبەخشان خشتەی کارکردن و کاتی دەوامیان بۆ دا ئەنرێت و لەگەڵ کارمەندانی دامەزراودا تێکەڵ دەکرێن و دەبێت وەک ئەوان دەوام بکەن، نابێت دوا بکەون، نابێت بێ پرس کارەکانیان جێ بهێڵن، ئەگەر هەر کارێکیان هەبوو ئەوا دەبێت مۆڵەت وەربگرن ئەگەرنا رێکاری کارگێری و یاساییان لە بەرامبەردا دەگیرێتە بەرو ئەگەر خۆبەخشێک سێ جار لەسەر یەکە سزای کەمتەرخەمی کارگێری بدرێت ئەوا لە خۆبەخشی لا دەدرێت، ئەم هەموو سزا و رێکارە کارگێرییە لە کاتێکدایە خۆبەخشەکان بە بێ موچە دەوام دەکەن، بەڵام هەمان رێکاری ئەو کارمەندە دامەزراوانەیان بەرامبەر دەگیرێتە بەر کە کە موچە وەردەگرن، بەڵام هێشتا خۆبەخشان بەردەوامن لە کارەکانیان و بە دڵسۆزانە ئەرکی خۆیان رادەپەرێنن.

**چوارەم: پەرستارانی بێکار و دانەمەزراو:-** لە دەرەوەی سیستەمتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان (٣٧،٠٠٠) پەرستار هەن، ئەمانە ئەوانەن کە ساڵانێکە خوێندنیان تەواو کردووەو دا نەمەزراون، ئەم پەرستارانە نە لە کەرتی گشتی کار دەکەن و نە لە کەرتی تایبەت کاریان دەست کەوتووە، ئەم پەرستارانە لە هاوتاکانیان کە یان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن یان لە کەرتی گشتی خۆبەخشن زیاتر سەرگەردانن، هەندێکیان وازیان لە خەونی پیادە کردنی پیشەکانیان هێناوەوە سەرقاڵی کاروکەسابەتی دیکەن، هەندێکی دیکەشیان هێشتا خەون بەوەوە دەبینن رۆژێک لە رۆژان لە ئایندەدا کاریان دەست بکەوێت، گەورەترین پێشێلکاری کە بەرامبەر ئەم هێزە گرنگەی کار کرابێت ئەوەیە بواریان بۆ نەرەخسێندراوە پیادەی پیشەکەی خۆیان بکەن، پەرستاری لە هەموو وڵاتانی جیهان وەک پیشەیەکی گرنگ و پیرۆز سەیر دەکرێت، وڵاتان

پارەیەکەی زۆر خەرج دەکەن تا کەسێک دەکەن بە پەرستار، بۆیە هەمیشە وەک هێزێکی گرنگی کار سەیریان دەکەن و لە کاتی پێوانە کردنی توانای ئابوری و پێشکەوتویی هەر وڵاتێك ژمارەی پەرستارانی کارا یەکێکە لەو بوارانەی دەخوێندرێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئاوڕیان لێ نادرێتەوەو هیچ وەبەرهێنانێک لە توانای ئەواندا نەکراوە.

دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی پەرستارانی بێکار:- بەم دوایانە لێکتێگەیشتنێک لە نێوان نەخۆشخانەیەکی تایبەتی شاری بەسرا و سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کرا کە لە هەرێمی کوردستانەوە پەرستاران بڕۆن لەو نەخوشخانەیەی شاری بەسرا کار بکەن، دوای ئەوەش هەرێمی کوردستان پەرستار بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکانی دیکەی شارەکانی دیکەی عێراق و بگرە وڵاتانی دیکەش دابین بکات، ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە وەک بیرۆکەیەکی هەناردەی دەستی کار لێک دەدرێتەوە بەڵآم لە هەمان کاتدا دروستکردنی مەترسی راستەقینەیە لەسەر ژیانیان، چونکە هیچ گرەنتیەک نییە لەوەی ئەم پەرستارانە لەو شارانەی عێراق ڕوبەڕووی پێشێلکاری نەبنەوە، ناردنی پەرستار بۆ کار بۆ شوێنی دیکە مێژویەکی دورودرێژی هەیە، بەڵام هەمیشە ڕوبەڕووی چەوساندنەوەو پێشێلکاری بونەتەوە، زۆر جار ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان وڵاتان کاریگەری لەسەر کار و ژیانی پەرستاران هەبووە، بەتایبەت لە عێراق و وڵاتە عەرەبیەکان، ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەیەک پەرستاری بولگاری لە وڵاتی لیبیا کاریان دەکرد بەڵام لە ناکاو لە لایەن دەسەڵاتی موعەمەر قەزافیەوە تۆمەتبار کران بەوەی ڤایرۆسی ئایدزیان کردۆتە ناو لەشی منداڵەوەو سزای توندیان بۆ دەرچوو، ئەمەش ناکۆکیەکی سیاسی گەورەی لێکەوتەوەو ژیانی پەرستارەکانیش کەوتە مەترسیەوە، چونکە نزیک بوو لەوەی سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێندرێت، هەروەها عێراق و وڵاتانی کەنداو ناوبانگێکی باشیان نییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەستی کاری دەرەکی، ئەگەرچی بۆ شارێکی وەک بەسرا پەرستارانی هەرێمی کوردستان دەرەکی نین، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت وەک دەرەکی مامەڵەیان لەگەڵد ابکرێت ئەوەش بە هۆی جیاوازی زمان و کلتورەوە، هەروەها پێشتر عێراق سەرکەوتوو نەبوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەرستارانی دەرەکیدا، ساڵانی نێوان ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٤ ژمارەیەک پەرستاری هندی هێنرانە عێراق بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانە حکومیەکانی کەرتی گشتی کار بکەن، بەڵام ئەوانیش بە گلەیی و نیگەرانییەوە کۆتاییان بە کارەکانیان هێنا چونکە رەخنەیان لە مامەڵەی عێراقیەکان هەبوو لەگەڵیاندا، ئەمە جگە لەوەی چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافی دەستی کاری دەرەکی لە وڵاتانی کەنداو بە پەرستارانیشەوە مێژویەکی دوورو درێژی هەیە و چەندان کەیسی زۆر مەترسیدار تۆمار کراون، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ناردنی پەرستار لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ شارەکانی عێراق هەنگاوێکی ئاشکرایە بۆ دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیانی پەرستاران و پێویستە زیاتر بیری لێ بکرێتەوە ئەوکات بڕیاری لەسەر بدرێت .

## شیکاری و هەڵسەنگاندنی بۆردی تەندروستیی ڕێکخراوی ئاران

داتاکانی بەردەست لەبارەی دۆخی پەرستاران لە هەرێمی کوردستان، وێنەیەکی تاریک و نیگەرانکەری توێژێکی سەرەکیی سیستەمی تەندروستی دەخاتە ڕوو، ئەم توێژە کە لەسەر ئاستی جیهان وەک پایەی نەخۆشخانە و پایەی چاودێریی تەندروستی سەیر دەکرێت، لە هەرێمدا ڕووبەڕووی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافەکانیان و چەوساندنەوەیەکی پیشەیی و دەروونیی قووڵ بوونەتەوە، بۆردی تەندروستیی ئاران ئەم دۆخە لە چوار ڕەهەندی سەرەکییەوە شیکار دەکات

### یەک: شیکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی:-

دەرچوویەکی کۆلێژی پەرستاری لە هەرێمی کوردستان، لەبری ئەوەی ڕووبەڕووی دەرفەتی خزمەت و ژیانێکی شایستە ببێتەوە، دەکەوێتە بەردەم سێڕیانێکی تاڵەوە کە ئەوانیش خۆبەخشی لە کەرتی گشتی،

چەوساندنەوە لە کەرتی تایبەت، یان بێکاری، ئەم سێ بژاردەیە، هەر کامێکیان بێت نیشانەی شکستێکی گەورەی پلاندانانی ستراتیژی و سیاسەتی کارگێڕیی حکومەتە.

ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ ناهاوسەنگیی قووڵ لەنێوان دابینکردن و خواست لە بازاڕی کاردا لە لایەک، سیستەمی خوێندن کە بەردەوام ژمارەیەکی زۆر پەرستار بەرهەم دەهێنێت لە لایەکی دیکەوە، سیستەمی ئابووری و کارگێڕی حکومەت و کەرتی تایبەت توانای لە خۆگرتنی ئەم ژمارەیەیان نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هێزی کاری هەرزان و بێ ماف، کە تێیدا خاوەنکاران بەتایبەت لە کەرتی تایبەت دەتوانن بە ئاسانی مەرجی نادادپەروەرانە بسەپێنن، چونکە دەزانن سەدان کەسی دیکە لە دەرەوە چاوەڕێی هەمان هەلی کارن.

ئەمە پێشێلکردنی مافی کارکردنی شایستەیە، لە سیستەمی دیموکراسیدا دەوڵەت بەرپرسە لە ڕەخساندنی هەلی کاری گونجاو بۆ دەرچووانی زانکۆ، بەتایبەت لە کەرتێکی گرنگی وەک تەندروستیدا، بێبەشکردنی ئەم توێژە لەم مافە، نەک هەر زیان بە خودی پەرستاران دەگەیەنێت، بەڵکو زیان بە تەواوی سیستەمی تەندروستی دەگەیەنێت، چونکە وادەکات باشترین تواناکان یان بێکار بن یان لە ژینگەیەکی ناتەندروستدا کار بکەن.

## دوو: شێکاریی یاسایی و مافی مرۆڤ، کەرتی تایبەت وەک ناوچەیەکی دەرەوەی یاسا:-

پێشێلکارییەکانی ناو کەرتی تایبەت، لە تەنها کێشەی کارگێڕییەوە تێپەڕیوە و گەیشتووەتە ئاستی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسای کار، کەیسی ناچارکردنی پەرستارێک بە تۆمارکردنی ڤیدیۆی ڕیکلام، کە بووەتە هۆی تێکچوونی ژیانی تایبەتی، نموونەیەکی زەق چەوساندنەوەو هەراسانکردنە لە شوێنی کار و بەکارهێنانی دەسەڵات بە شێوەیەکی نادروستە، ئەمە لە یاساکانی کار و مافی مرۆڤدا قەدەغەکراوە و دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژیی دەروونییەوە.

فێڵی تێست و کاری بێبەرامبەر:- بەکارهێنانی کارمەند بۆ ماوەی سێ مانگ بەبێ مووچە لەژێر ناوی تێستدا، فێڵێکی یاسایی ئاشکرایە و دەچێتە خانەی کاری بەزۆرەوە، یاسای کار بە ڕوونی باس لە ماوەی تاقیکردنەوە دەکات و مەرجی بۆ داناوە، بەڵام ئەم شێوازە بەکارهێنانێکی نادروستە بۆ چەوساندنەوە.

**پێشێلکردنی یاسای کار:-** کارکردنی (١٢) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، مووچەی کەمتر لە ئاستی دیاریکراو، نەبوونی پارەی کاری زیادە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەمووی پێشێلکاریی ڕاستەوخۆ و زەقی یاسای کاری هەرێمی کوردستانن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دامەزراوەکانی چاودێریی حکومەت وەک وەزارەتی کار لاوازن و ناتوانن یاسا بسەپێنن.

**کوالیەتی مۆدێرن:-** ئەم دۆخە سیستەمێکی کوالیەتیی مۆدێرن لەناو کەرتی تەندروستیدا دروست دەکات، کاتێک کارمەندانی تەندروستی خۆیان لەژێر فشار و چەوساندنەوەی دەروونی و جەستەییدا بن، ناتوانن خزمەتێکی مرۆیی و کوالێتی بەرز پێشکەش بە نەخۆش بکەن، دیموکراسیی تەندروستی تەنها مافی نەخۆش ناگرێتەوە، بەڵکو مافی کارمەندیش دەگرێتەوە، چونکە تەندروستیی کارمەند مەرجی سەرەکییە بۆ تەندروستیی نەخۆش.

## سێ: شیکاریی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کوشتنی خەون و دروستکردنی گرێی دەروونی:-

دەرئەنجامە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دۆخە لەسەر پەرستاران، لە خودی پێشێلکارییە یاساییەکان مەترسیدارترن، کابوسی دەرکردن و ناجێگیری، ژیان لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی دەرکردندا دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێی درێژخایەن، ئەمە وادەکات کارمەند نەتوانێت پلان بۆ داهاتووی خۆی دابنێت وەک هاوسەرگیری یان دروستکردنی ماڵ کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستیی دەروونی و جێگیریی کۆمەڵایەتی هەیە.

**لەدەستدانی بەهای پیشەیی:-** کاتێک پەرستارێک ناچار دەکرێت کارێک بکات کە لە دەرەوەی ئێتیکی پیشەکەیەتی یان بە مووچەیەک کار دەکات کە شایستەی نییە، تووشی دیاردەی لەخۆنامۆبوون دەبێت

بەرامبەر بە پیشەکەی، وازهێنانی هەندێک پەرستار لە پیشەکەیان و ڕووکردنیان لە کاری دیکە، بەڵگەی ئەم لەخۆنامۆبوونەیە.

**گرێی دەروونی و بێدەنگی:-** تۆمەتبارکردنی پەرستاران بە کەمتوانا و نەزان کاتێک داوای مافی خۆیان دەکەن، میکانیزمێکی دەروونیی باوە بۆ شکاندنی کەسایەتی و ناچارکردنیان بە بێدەنگی، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێی دەروونی و لەدەستدانی متمانە بەخۆبوون، لە کاتیکدا سیستەمێکی تەندروستیی باش، پێویستی بە کارمەندێکی خاوەن کەرامەت، متمانەبەخۆ و دڵنیا هەیە، کارمەندێک کە بەردەوام لە دڵەڕاوکێی دەرکردندا بژی و هەست بکات بەهای نییە، ناتوانێت بە شێوەیەکی مرۆیی و سۆزدارانە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشدا بکات، ئەمە کوالێتیی چاودێریی تەندروستی دادەبەزێنێت و پەیوەندیی نێوان نەخۆش و سیستەمەکە لاواز دەکات.

## چوار: شیکاریی ستراتیژی و نێودەوڵەتی، هەناردەکردنی قەیران:-

بیرۆکەی ناردنی پەرستاران بۆ کارکردن لە شارەکانی دیکەی عێراق، لە ڕواڵەتدا وەک چارەسەرێک بۆ بێکاری دێتە بەرچاو، بەڵام لە بنەڕەتدا هەناردەکردنی قەیران و هەڵاتنە لە بەرپرسیارێتی، نموونەی پەرستارە بولگارییەکان لە لیبیا و ئەزموونی تاڵی کارمەندانی بیانی لە وڵاتانی کەنداو، هۆشدارییەکی ڕاستین، ناردنی گەنجان بۆ ژینگەیەکی کارکردنی نائاشنا، بەبێ بوونی هیچ گرەنتییەکی یاسایی و دیپلۆماسیی بەهێز بۆ پاراستنی مافەکانیان، کارێکی پڕ لە مەترسییە، ئەم پەرستارانە لەوانەیە ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی زیاتر، جیاکاریی کولتووری و تەنانەت تۆمەتی نادروست ببنەوە.

ئەم هەنگاوە دانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆیە بە شکستی حکومەت لە دروستکردنی هەلی کار و بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی خۆی، لەبری ئەوەی سوود لە توانای ئەم گەنجانە وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی کەرتی تەندروستیی ناوخۆ، وەک کاڵایەکی زیادە هەناردەیان دەکات.

## دۆخی پەرستارانی هەرێم لە ڕوانگەی دیموکراسیی تەندروستییەوە:-

دۆخی پەرستاران لە هەرێمی کوردستان، پێشێلکارییەکی قووڵ و فرەڕەهەندی بنەماکانی دیموکراسیی تەندروستییە، سیستەمەکە لەبری ئەوەی وەک چەترێک بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی هەموو بەشداربووانی پرۆسەی تەندروستی نەخۆش و کارمەند کار بکات، بووەتە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی سیستماتیکی ئەو توێژەی کە دەبوو بە کۆڵەکەی سیستەمەکە دابنرێت، ئەمەش لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:-

**یەکەم:** پێشێلکردنی مافی کاری شایستە و دادپەروەری:- دیموکراسیی تەندروستی تەنها مافی نەخۆش ناگرێتەوە، بەڵکو مافی کارمەندانیش دەگرێتەوە، کاتێک پەرستاران ڕووبەڕووی گرێبەستی نادادپەروەرانە، کاتژمێری کاری درێژ، مووچەی کەم، نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و هەڕەشەی بەردەوامی دەرکردن دەبنەوە، ئەمە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی مافی کاری شایستەیە، سیستەمێکی تەندروستیی دیموکراسی نابێت لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی کارمەندەکانی بنیات بنرێت.

**دووەم:** لاوازکردنی مافی نەخۆش بۆ خزمەتگوزاریی سەلامەت:- دیموکراسیی تەندروستی جەخت لەسەر سەلامەتیی نەخۆش دەکاتەوە، پەرستارێکی ماندوو، لەژێر فشاری دەروونی و بێ مافیدا، ناتوانێت بە شێوەیەکی سەلامەت و کوالێتی بەرز خزمەتی نەخۆش بکات، کەواتە، پێشێلکردنی مافی پەرستار، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشێلکردنی مافی نەخۆشە بۆ وەرگرتنی چاودێرییەکی سەلامەت و بێ هەڵە.

**سێیەم:** نەبوونی لێپرسینەوە و سەروەریی یاسا:- بڵاوبوونەوەی پێشێلکارییەکانی یاسای کار لە کەرتی تایبەتدا وەک کاری بێبەرامبەر لەژێر ناوی تێست و نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و نەبوونی هیچ

میکانیزمێکی کاریگەر بۆ سزادانی سەرپێچیکاران، نیشانەی لاوازی یان نەبوونی سەروەریی یاسایە لەم کەرتەدا، لە سیستەمی دیموکراسیدا دەبێت هەمووان خاوەنکار و کارمەند لەبەردەم یاسادا یەکسان بن، بەڵام واقیعەکە دەری دەخات کە خاوەنکاران زۆرجار لە سەرووی یاساوەن.

**چوارەم:** پەراوێزخستنی دەنگی کارمەندان و لاوازکردنی بەشداری:- دیموکراسی پێویستی بە بەشداریی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانە، بێ رۆڵکردنی سەندیکاکان ودروستکردنی ژینگەیەکی پڕ لە ترس کە تێیدا پەرستاران ناوێرن سکاڵا بکەن یان داوای مافی خۆیان بکەن، دەنگی ئەم توێژە گرنگەی کپ کردووە، کاتێک کارمەندان نەتوانن بە ئازادی لەبارەی کێشەکانی شوێنی کارەکانیان بدوێن، سیستەمەکە لە میکانیزمێکی گرنگی چاکسازی و خۆڕاستکردنەوە بێبەش دەبێت. دۆخی پەرستاران لە هەرێمی کوردستان، ئاوێنەی شکستێکی گەورەتری دیموکراسیی تەندروستییە، سیستەمەکە نەک هەر نەیتوانیوە ژینگەیەکی دادپەروەرانە و شایستە بۆ کارمەندەکانی دابین بکات، بەڵکو بووەتە هۆکارێک بۆ چەوساندنەوەیان و لەدەستدانی کەرامەتی پیشەییان، ئەمەش وەک زنجیرەیەک کاریگەریی نەرێنی، لە کۆتاییدا زیان بە کوالێتیی خزمەتگوزاری و سەلامەتیی نەخۆش دەگەیەنێت، کە خودی ئامانجی سەرەکیی سیستەمی تەندروستییە، گەڕاندنەوەی ماف و کەرامەت بۆ پەرستاران، هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانەوەی سیستەمێکی تەندروستیی دیموکراسی و جێی متمانە.

## بۆچوونی کۆتایی بۆردی تەندروستی

دۆخی پەرستاران لە هەرێمی کوردستان، وێنەی قەیرانێکی قووڵتری حوکمڕانییە، ئەم توێژە لەنێوان فەرامۆشکردنی کەرتی گشتی و چەوساندنەوەی کەرتی تایبەتدا گیریان خواردووە، لە کەرتی گشتی، بەهۆی سیاسەتی هەڵەی دامەزراندنەوە، وزە و تواناکانیان بە خۆبەخشی و بەبێ هیچ مافێک بەهەدەر دەدرێت، لە کەرتی تایبەت، دەکرێنە قوربانیی لۆژیکی بازاڕ و قازانج، کە تێیدا کەرامەتی مرۆیی و مافی یاساییان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێت.

ئەم دۆخە نەک هەرنادادپەروەرییە بەرامبەر بە خودی پەرستاران، بەڵکو هەڕەشەیەکی ستراتیژییە بۆ داهاتووی تەواوی سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، سیستەمێک کە نەتوانێت ڕێز لە کارمەندەکانی خۆی بگرێت و مافەکانیان دابین بکات، هەرگیز ناتوانێت خزمەتگوزارییەکی شایستە و سەلامەت پێشکەش بە هاووڵاتیانی بکات، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویستی بە هەنگاوی بوێرانە هەیە، لەوانە جێبەجێکردنی تەواوەتی یاسای کار، کاراکردنی ڕۆڵی سەندیکاکان و دانانی پلانی نیشتمانی بۆ بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی لە کەرتی تەندروستیدا.

## بەراوردکردنی دۆخی پەرستارانی هەرێمی کوردستان بە بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO

لە ڕوانگەی بنەمای کاری شایستە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار جەختی لێ دەکەنەوە، دۆخی پەرستاران لە هەرێمی کوردستان وەک کۆیلایەتی مۆدێرن وەسف دەکرێت و لەگەڵ هیچ کام لە ستانداردەکان ناگونجێت، بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، پەرستاران دەبێت لە ژینگەیەکی کارکردنی سەلامەت، دادپەروەرانە و دوور لە هەراسانکردن بن، بەڵام ناچارکردنی پەرستاران بە ئەنجامدانی کاری دەرەوەی پسپۆڕی خۆیان وەک تۆمارکردنی ڤیدیۆی ڕیکلامی و بێبەشکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و مووچەی گونجاو، پێشێلکارییەکی ڕاستەوخۆی کەرامەتی پیشەیی و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە لە شوێنی کاردا, ئەم جۆرە چەوساندنەوەیەی کەرتی تایبەت، نیشانەی شکستی حکومەتە لە چاودێریکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی کار کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەک ئەرکێکی سەرەکی دەوڵەتانی دەبینێت.

سەبارەت بە وەبەرهێنان لە هێزی مرۆیی، کە یەکێکە لە چوار پایە سەرەکییەکەی ستراتیژی جیهانیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ پەرستاری (٢٠٢١-٢٠٢٥)، هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی قووڵدایە, بوونی (٣٥،٠٠٠) پەرستاری خۆبەخش کە بۆ ماوەی (١٢) ساڵ بەبێ مووچە کار دەکەن، دیاردەیەکی دەگمەن و ناتەندروستە لەسەر ئاستی جیهان، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەخت دەکاتەوە کە دەبێت کارمەندانی تەندروستی پاداشتی دارایی و مەعنەوی شایستە وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن، بەڵام پشتبەستنی سیستەمی تەندروستی هەرێم بە هێزی کاری بێبەرامبەر، نەک هەر نادادییە بەڵکو مەترسییە بۆ سەر دابینکردنی تەندروستی گشتگیر، چونکە کارمەندێکی بێ ئومێد و چەوساوە ناتوانێت خزمەتگوزارییەکی کوالێتی بەرز پێشکەش بکات.

لە لایەکی دیکەوە، بنەمای سەلامەتی نەخۆش کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دۆخی دەروونی و جەستەیی پەرستار، لە هەرێمی کوردستان کەوتووەتە مەترسییەوە، ستانداردە نێودەوڵەتییەکان کارکردنی پەرستار بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر بەبێ پشووی تەواو و لەژێر فشار و هەڕەشەی دەرکردندا بە مەترسی گەورە دەبینن، چونکە ماندوێتی پەرستار ڕێژەی هەڵەی پزیشکی زیاد دەکات و ژیانی نەخۆش دەخاتە مەترسییەوە، ئەو چاودێرییە توندە و کابوسەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، ژینگەیەکی پڕ لە ترس دروست دەکات کە دژ بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەیی و سەلامەتی کلینیکییە، کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەمیشە وەک مەرجی سەرەکی بۆ هەر نەخۆشخانەیەک دایدەنێت.

بابەتی هەناردەکردنی دەستی کار بەبێ گرەنتی یاسایی بۆ شارەکانی تری عێراق، وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، پێچەوانەی ڕێنماییەکانی پاراستنی هێزی مرۆییە .ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی داوا دەکات کە دەبێت حکومەتەکان پەرستاران وەک سەرمایەیەکی نیشتمانی بپارێزن و ڕێگری لە چەوساندنەوەیان لە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان بکەن، دۆخی پەرستاران لە هەرێم نموونەی شکستی دیموکراسیی تەندروستییە، کاتێک پەرستار کە فریشتەی ڕزگارکەرە خۆی دەبێتە قوربانی و پێویستی بە ڕزگارکردن دەبێت، تەواوی سیستەمە تەندروستییەکە شەرعییەت و متمانەی خۆی لەدەست دەدات.

# تەوەرەی شەشەم:

## بە بازرگانیکردنی زانست و دابەزاندنی کوالیتی زانستی پزیشکی، بواری پزیشکی ددان بە نموونە.

پزیشکی ددان کە لە جیهاندا بە یەکێک لە لقە هەرە گرنگەکانی بواری زانستی پزیشکی هەژمار دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان وەک بازرگانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەگەرچی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کەمترە لە حەوت ملیۆن کەسە، بەڵام (١٢) کۆلێژی پزیشکی ددان ساڵانە دەرچوو دەخەنە ناو کۆمەڵگای هەرێمەوە، کە بریتین لە سێ کۆلێژی حکومی لە هەرێمی کوردستان، حەوت کۆلێژی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، دوو کۆلێژی زانکۆی تایبەت لە پارێزگای کەرکوک، کە ئەوانیش کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و ساڵانە دەیان خوێندکاری هەرێم لەو دوو زانکۆیە دەخوێنن .

بوونی ژمارەیەک زۆر لە کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆ تایبەتەکان، وایکردووە ململانێکە ببێت بە ململانێیەکی بازاڕی و لە جیاتی ئەوەی لەسەر کوالیتی خوێندن و بەرزی ئاستی زانست بێت، لەسەر وەرگرتنی زۆرترین ژمارەی خوێندکارە، هاوکات لە روی کۆنمرەی قبوڵکردنەوە جیاوازیەکی یەکجار زۆر لە نێوان زانکۆ حکومی و تایبەتکاندا هەیە، بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ کەمترین کۆ نمرەی وەرگیراو لە کۆلێژەکانی پزیشکی ددان لە خوێندنی حکومی بێبەرامبەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان (٩٧) بوو، لە پارالێلی حکومی (٩٦.٨) بوو، بەڵام لە زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم (٨٧) بوو، ئەمەش واتا (١٠) نمرەی کۆ نمرە جیاوازیان هەیە، هاوکات لە هەردوو زانکۆی قەڵەم و کیتاب لە پارێزگای کەرکوک، کەمترین کۆ نمرەی وەرگرتن لە کۆلێژەکانی پزیشکی ددان بریتی بوو (٨٥) کە ئەمەش (١٢) نمرە جیاوازی هەیە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان .

لە جیهاندا ستانداردێکی نوسراو نییە بۆ ئەوەی تێکرای نمرەی وەرگرتن لە زانکۆ تایبەتەکان دیاری بکات، بەڵام بەو پێیەی زۆربەی زانکۆ تایبەتەکانی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان مەرجەکانایان لێکەوە نزیکە وەک ستانداردێکی لێهاتوە، زانکۆ تایبەتەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهاندا هەرگیز دەرفەتێک نین بۆ ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی قۆناغی ئامادەیی و دوا ناوەندیدا نمرەیەکی کەم دەهێنن، بەڵکو زانکۆ تایبەتەکان لە زۆرێک لە وڵاتاندا مەرج و داواکاریەکانیان بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆ حکومییەکان زیاترە، لە وڵاتاندا خوێندکار لەبەر ئەوە ناچێتە زانکۆی تایبەت کە لە زانکۆی حکومی دەرفەتیان نەبوە یان کۆ نمرەیان کەمە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، خوێندکار لەبەر بەرزی نمرەو لە خۆ رابینین و لێهاتووی دەچێتە زانکۆی تایبەت، چونکە مەرجی زانکۆ تایبەتەکان لە روی کۆ نمرەوە لە زانکۆ حکومییەکان زیاترە، تێست و پرسیارکردن و هەڵسەنگاندنی زانکۆ تایبەتەکان قورسترە لە زانکۆ حکومییەکان، کاتێک خوێندکار لە کۆنمرەیەکی بەرزی هەیە، لە خۆی رادەبینێت کە بەشداریی تێست و هەڵسەنگاندنێکی قورس بکات و پرسیاری ئاڵۆزی ئاراستە بکرێت، ئەو کات روو لە زانکۆ تایبەتەکان دەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات لە جیهاندا زانکۆ تایبەتەکان زیاتر پارێزگارییان لە کوالیتی زانست و خوێندن کردووە، جگە لەمەش بۆ بەشە هەستیارەکانی وەک پزیشکی زانکۆ تایبەتەکان لە وڵاتانی جیهاندا مەرجەکانیان هاوشیوەی زانکۆ حکومییەکانە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەو وڵاتانە زانستی پزیشکی وەک زانست دەبینرێت، بیر لە دەرئەنجامەکەی دەکرێتەوە، بۆیە یەک ستاندارد پەیرەو دەکرێت و بابەتەکە پەیوەندی بە حکومی و ئەهلیەوە نییە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی زیرەکی بە پارە بکڕدرێت خوێندکارێک لەبەر ئەوەی پارە دەدات دەتوانێت بە (١٠ بۆ ١٢ ) نمرەی کەمتر لە هاوتاکەی بچێتە هەمان بەش کە لە خوێندنی حکومی بێبەرامبەر وەرگیراوە، کە ئەمش کاریگەری زۆری لەسەر ناوبانگ و کوالیتی زانست هەبووە بەتایبەت بۆ بەشێکی هەستیار و گرنگی وەک پزیشکی ددان کە یەکێکە لە لقە هەرە گرنگەکانی زانستی پزیشکی. زۆری ژمارەی کۆلێژەکانی پزیشکی ددان و کەمی و ئاسانی مەرجەکان وای کردووە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار لە زانکۆ تایبەتەکان ئەم بەشانە هەڵبژێرن، ئەمەش وایکردووە ژمارەی دەرچوان زیاتر بن لەوەی کۆمەڵگاکە پێویستێتی، تەنانەت لە کەرتی تایبەتیش وەک پێویست کاریان دەست نەکەوێت، حکومەت کە بەپێی یاسا دەبێت دەرچوانی بەشە پزیشکیەکان لە کەرتی گشتی دابمەزرێنێت تا پلەبەندی پزیشکان دوا نەکەوێت، لە ساڵی ٢٠١٤ وە دەرچوانی کۆلێژی پزیشکی ددانی دانەمەزراندوە، بە بیانوی

ئەوەی ژمارەی پێویست لە کەرتی گشتیدا هەیە، لە ئەنجامی ئەمە  چاوەڕێ دەکرا سنورێک بۆ کردنەوەو نوێکردنەوەی بەشی پزیشکی ددان لە زانکۆ حکومییەکان دابنرێت، بەڵام نەک کەمنەکراوەتەوە چەندەها کۆلێژی دیکە لە زانکۆ تایبەتەکان کراونەتەوە کە لە خوارەوە لیستی ئەو زانکۆ حکومی و تایبەتانە خراونەتە روو کە کۆلێژی پزیشکی ددانیان هەیە .

ئەو زانکۆ حکومییانەی کۆلێژی پزیشکی ددانیان هەیە

1. زانکۆی پزیشکی هەولێر
2. زانکۆی سلێمانی
3. زانکۆی دهۆک

کۆلێژەکانی پزیشکی ددان لە زانکۆ تایبەتەکان

ئەو زانکۆ تایبەتانەی کۆلێژی پزیشکی ددان یان هەیە-:

1. زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی عێراق
2. زانکۆی نەورۆز
3. زانکۆی ناوڵج
4. زانکۆی جیهان  - هەولێر
5. زانکۆی کۆمار
6. زانکۆی تیشک
7. زانکۆی قەیوان

ئەو زانکۆ تایبەتانەی لە پارێزگای کەرکوک کۆلێژی پزیشکی ددانیان هەیە

1. زانکۆی کیتاب
2. زانکۆی قەڵەم

هەردوو زانکۆی قەڵەم و کیتاب، کە دوو زانکۆی تایبەتن لە پارێزگای کەرکوک و لە حکومەتی عێراق مۆڵەتیان هەیە، کۆلێژی پزیشکی ددانیان هەیە، کۆلێژەکانی ئەم دوو زانکۆیە خوێندکارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرن و دەیان خوێندکاری هەرێمی کوردستان لەم دوو زانکۆیە دەخوێنن، کە لە کۆتاییدا ئەوانیش بە دەرچووی بەشی پزیشکی ددان لە هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێن .

## پێدانی ناوبانگ و ئایندەی بێ هیوا

کاتێک کۆلێژەکانی پزیشکی ددان لە زانکۆ تایبەتەکان ئامادەن بە مەرجی سادە ساڵانە سەدان خوێندکار وەربگرن، ئەمە بۆتە هیوایەکی گەورە لای خوێندکاران، کە ناونیشانێکی گرنگ بە دەست دەهێنن، بەڵام ئەنجامەکەی بێهیواییەکی گەورەی لێکەوتۆتەوە، چونکە ئەم خوێندکارانە کاتێک دەگەنە قۆناغی کۆتایی و خوێندن تەواو دەکەن، نە لە کەرتی گشتی دەتوانن دا بمەزرێن نە بە ئاسانیش لە کەرتی تایبەت کاریان دەست بکەوێت، هەر بۆیە کاتێک کەسێک ناونیشانی پزیشک وەردەگرێت و کاری دەستناکەوێت، کۆی سیستەمە کارگێڕی و ئابوریەکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، چونکە وڵاتان هەمشە شانازی بەوەوە دەکەن کە لەبەرامبەر کەمترین ژمارەی هاووڵاتی زۆرترین ژمارەی پزیشکیان هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێک لەبەرامبەر پێنج هەزار هاووڵاتی یەک پزیشکی هەبێت، بە پێشکەوتووتر دا ئەنرێت لە وڵاتێک لە بەرامبەر دە هەزار هاووڵاتی یەک پزیشکی هەبێت، بەڵام ئەم پێوەرە وەک مۆدێلەکەی هەرێمی کوردستان نییە، کە زۆریی ژمارەی پزیشکەکان لەبەر ئەوە بوبێت بە مەرجی ئاسان و لە یەک بواردا خوێندنیان لە زانکۆی تایبەت تەواو کردبێت، بەڵکو ئەو وڵاتانە پزیشکەکانیان فرە بوارن و بێکاریش نین .

تا ئێستا داتایەکی ورد لەبارەی ژمارەی دەرچوانی کۆلێژی پزیشکی ددان لە هەرێمی کوردستان نییە کە دانەمەزراون، بە پێی ئەو داتایەنەی رێکخراوی ئاران دەستی کەوتووە لەسەرانسەری عێراقدا (٢٩) هەزار

دەرچوی کۆلێژی پزیشکی ددان هەن، کە (٨،٥٠٠) یان لە هەرێمی کوردستانن، ئەم ژمارەیش زیاترە لەوەی هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی، وەزارەتی تەندروستی عێراق بە روونی ئەوەی وتوە کە ژمارەکە نیوەی زیاترە لەوەی عێراق پێویستی پێیەتی، ئەمەش بێهیوابیەکی زۆری دروستکردووە، هەرچی هەرێمی کوردستانیشە لە ئێستادا (٢،٦٩٩) کلینیکی پزیشکیی ددان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا هەیە و هیچ گرفتێک لە دەستنەکەوتنی پزیشکی ددان لە کەرتەکانی گشتی و تایبەت نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ژمارە کلینیکە کە هەر یەکەو زیاد لە پزیشکێکی ددان کاری تێدا دەکەن، تەواوی پێداویستەکانی هەرێمی کوردستانیان داپۆشیوە، بەڵام نازاندرێت پلانی حکومەت چیە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەو هەزاران دەرچوەی بەشەکە کە ساڵانە خوێندن تەواو دەکەن لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ژمارەی پێویستی لە پزیشکی ددان هەیە .

### ئایا ئەو ژمارە کۆلێژەی هەیە زۆرە یان گونجاوە بۆ هەرێمی کوردستان؟

تا ئێستا توێژینەوەیەک لەبەردەستدا نییە کە ئەوە بسەلمێنێت ژمارەی کۆلێژی پزیشکی ددان لە هەرێمی کوردستان زۆرە یان هێشتا بە پێی پێداویستی هەرێمی کوردستانە، بەڵام دەکرێت بەراوردکاریەک بکەین لە نێوانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکە لە روی ژمارەی کۆلێژەکان و ژمارەی دانیشتوان، بۆ ئەوەی دەربکەوێت لەم رووەوە هەرێمی کوردستان لە چی بارو دۆخێکدایە.

### یەکەم: هەرێمی کوردستان:-

ژمارەی دانیشتوان کەمتر لە حەوت ملیۆن کەس، سێ کۆلێژی حکومی، حەوت کۆلێژی زانکۆ تایبەتەکانی ناو هەرێمی کوردستان و دوو کۆلێژی زانکۆ تایبەتەکانی کەرکوک کە کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، کۆی گشتی (١٢) کۆلێژی پزیشکی ددان، بۆ هەر (٥٠٠ تا ٦٠٠) هەزار کەس یەک کۆلێژ .

### دووەم: وڵاتانی دیکە:-

1 - **بەریتانیا:-**

ژمارەی دانیشتوان (٦٧) ملیۆن کەس، ژمارەی کۆلێژی پزیشکی ددان (١٨) کۆلێژ، بۆ هەر (٣ تا ٤) ملیۆن کەس یەک کۆلێژ .

2 - ئەڵمانیا :-

ژمارەی دانیشتوان (٨٣) ملیۆن کەس، ژمارەی کۆلێژی پزیشکی ددان (٣٥) کۆلێژ، بۆ هەر (٢ تا ٣) ملیۆن کەس یەک کۆلێژ .

3 - ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا :-

ژمارەی دانیشتوان (٣٣٠) ملیۆن کەس، ژمارەی کۆلێژی پزیشکی ددان (٧٠) کۆلێژ، بۆ هەر (٤ تا٥) ملیۆن کەس یەک کۆلێژ .

لە هیوای بەرزەوە بۆ نائومێدی، خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی ددانی حکومی هەست بە نائومێدییەکی زۆر ئەکەن

بەمەبەستی زانینی بۆچون و هەستی خوێندکارانی کۆلێژەکانی پزیشکی ددان لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، رێکخراوی ئاران لە رێگای فۆرمێکی ئۆنلاینەوە، لە زانکۆکانی هەولێری پزیشکی، زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک، بۆچوونی (٥٥٦) خوێندکاری بە شێوەی هەرەمەکی وەرگرتوە، کە ئەم پرسیارانەی ئاراستە کردوون :-

*** پێت وایە زۆربوونی کۆلێژە ئەهلیەکانی پزیشکی ددان لە هەرێم کام کاریگەری باشی هەبووەو دەرفەتێکە بۆ خوێندکاران؟**

- کامە لەم لێکەوتانەی خوارەوەی هەبووە؟
- کاریگەری نەرێنی هەبووەو کوالێتی و ئاستی زانستیی پزیشکی ددانی دابەزاندوە؟

*** پێت وایە هۆکاری زیادبوونی کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆ ئەهلیەکان کام لەمانەی خوارەوەیە؟**

- دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ پێشکەوتنی ئاستی زانستی
- لە پێناو بازرگانی و بە دەستهێنانی قازانج

*** ئایا کاتێک دەبینی ژمارەی کۆلێژە ئەهلیەکان زۆرن و ژمارەی دەرچوانیش ساڵانە زیاد دەکەن، کامە هەستت لەمانەی لای خوارەوە لا دروست دەبێت؟**

- زۆرم پێخۆشە و بە زەروری دەزانم
- هەست بە بێ هیوایی دەکەم و پێم وایە ناوبانگی زانستەکە و ئاستی کوالیتیەکەی دابەزیوە

***هەربۆچونێکی تایبەتیت لەم باریەوە هەیە دەتوانی لە خوارەوە بینووسی**

## ئەنجامەکان :-

(95.5%) ی ئەو خوێندکارانەی فۆرمەکانیان پڕکردۆتەوە، ئەڵێن بوونی ژمارەیەکی زۆر کۆلێژی تایبەتی ناحکومی ئەنجامی نەرێنی هەبووەو کوالیتی خوێندنی پزیشکی ددانی دابەزاندوە.

(٤.٥ ٪) ئەڵێن کاریگەری باشی هەبووەو دەرفەتێکە بۆ خوێندکاران .

لە وەڵامی پرسیاری پێت وایە هۆکاری زیادبوونی کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆ ئەهلیەکان کام لەمانەی خوارەوەیە؟

(٩٨.٢ ٪) خوێنداکارانی بەشدار لە راپرسیەکە ئەڵێن لە پێناو بازرگانی و بە دەستهێنانی قازانجە

(١.٨ ٪) ئەڵێن دڵسۆزی و خەمخۆریە بۆ پێشکەوتنی ئاستی زانستی .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دڵێت ئایا کاتێک دەبینی ژمارەی کۆلێژە ئەهلیەکان زۆرن و ژمارەی دەرچوانیش ساڵانە زیاد دەکەن، کامە هەستت لەمانەی لای خوارەوە لا دروست دەبێت؟

(٩٨.٢ ٪) خوێندکاران دەڵێن هەست بە بێ هیوایی دەکەم و پێم وایە ناوبانگی زانستەکە و ئاستی کوالیتیەکەی دابەزیوە .

(١.٨ ٪) دەڵێن زۆرم پێخۆشە و بە زەروری دەزانم .

## بۆچونە تایبەتەکان وەک خۆی :-

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بۆچونانەیە کە خوێندکاران لە خانەی بۆچوونی تایبەتی فۆرمەکە نوسیویانە، لێرە وەک خۆی دایدەنێینەوە:

- بواری پزیشکی ددان پێویستی بە وردی و لێهاتوویەکی زۆر هەیە، بەڕاستی ناکرێت هەموو کەس بیکات. وەرگرتنی خوێندکار بە نمرەیەکی زۆر کەم لە زانکۆ ئەهلییەکان تەنها بۆ قازانجی مادی مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان دروست دەکات. کاتێی سنوورێک بۆ ئەم بێسەروبەرییە دابنرێت و ئاستی وەرگرتن بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی چیتر شکۆی ئەم پیشەیە تانەدار نەکرێت .
- زۆر گرنگە پێداچوونەوە بە مەرجەکانی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆ ئەهلییەکاندا بکرێت. نمرە تەنها ژمارە نییە، بەڵکو پێوەرێکە بۆ توانای مێشکی و زانستی خوێندکار. کاتێک جیاوازیی نمرەی

وەرگرتن لەنێوان حکومی و ئەهلی دەگاتە زیاتر لە دە نمرە، ئەمە سووکایەتییە بە ماندووبوونی خوێندکارە زیرەکەکان و لێدانە لە ناوبانگی پزیشکانی دادن. نابێت متمانەی خەڵک بە کەرتی تەندروستی بکرێتە قوربانی بەرژەوەندیی بازرگانی.

- دادپەروەری لە کوێدایە کە خوێندکارێک بە نمرەی ٩٧ لە حکومی وەربگیرێت و یەکێکی تر بە نمرەیەکی زۆر کەمتر لە ئەهلی هەمان بڕوانامە بەدەستبهێنێت؟! ئێمە دژی زانکۆی ئەهلی نین ئەگەر جیاوازییەکە چەند نمرەیەکی کەم بێت، بەڵام جیاوازییەکی ئەوەندە گەورە کارەساتە!! ئەم بازرگانیکردنە بە خوێندنەوە تەنها ناوی پزیشکی ددانی لەکەدار کردووە. دەبێت وەزارەت ڕێگری لەم سووکایەتییە بکات! هەموو ماڵێک ئێستا خوێندکارێکیان هەیە لە پزیشکی ددانی ئەهلی، بەڕاستی گەڵتەپێکردن و سووکایەتی کردنە بە ئێمە!!
- زۆرێک لە خوێندکاران هەیە لە زانکۆی ئەهلی تەواوی کردووە و زۆر لەوانە باشتر دەرەچن کە لە حوکومی خوێندویەتی بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە سودی زۆرتربێ لە قازانج تەلەبە لە 12 چەنێ خۆی ماندو دەکات یەکێکیش لەولاوە بە 87 بچێتە ئەسنان ڕەوا نییە و زۆرێک لەمانە کەم ئاست ئەبن.
- ڕێژەی دەرچوان هێندە زۆرە هەلی کار بۆ دەرچوانی حکومییەکان هەر سفرە بە بۆنەی زانکۆ ئەهلیەکانەوە و ناسینی کەسە گەورەکان بە واستە هەلی کاری دەرچوانی زانکۆ ئەهلیەکان زیاترە .
- کۆلێژە بزیشکیەکان ناکرێت بکرێت بە بزنس و خوێندکار بە نمرەی کەمتر بتوانێت لەوێ بخوێنێت تەنها لەبەر ئەوەی پارەی پێیە !!! چونکە دەبێتە هۆی خواردنی مافی ئەوانی هیلاک بوون و کۆششیان کردووە .
- وا هەست ئەکەم داهاتووم هیچ گەش نییە والله أعلم هەربۆیە زۆرجار بێهیوام لە کارەکەم و هاتوومەتە ئەم بەشە ئەگەر زانکۆ ئەهلیەکان نەبوایە ئەوا کاری ئێمە باشتر دەبوو وەک لە توب عامەکان.
- پێویستە ژمارەی زانکۆ ئەهلییەکان و ژمارەی وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆ ئەهلییەکان سنورداربکرێت و زیاتر برەو بە زانکۆ حکومییەکان بدرێت.
- بە بۆچوونی من پێمخۆشە کەسێک کە لەبەر یەک دوو پۆینت وەرنەگیراوە لە زانکۆی حکومی ئەو دەرفەتەی هەبێت بەڵام کەسێک بە نمرەیەکی زۆر نزم شایەنی نییە و دەبێت یان نمرەی پۆلی ١٢ ئەوەندە گرنگی نەبێت بۆ وەرگیران بۆ هەمووان لە حکومیش کە ئەمە بوونی نییە بەداخەوە یاخود بۆ هەمووان نزیک بێت و ئەوەندە جیاوازی نمرەی وەرگرتنمان نەبێت.
- غەدرێکی زۆر گەورەیە هەم لە ئێمە کە بە هەوڵێکی زۆر ئەم کۆلێژەمان بەدەست هێناوە هەم لەوانەشی کە بە پارەیەکی زۆر لە ئەهلی ئەخوێنن بەڵام داهاتوویان نییە بۆیە زەرەرێکی زۆر بەر هەردوو لامان کەوتووە تەنها بۆ بە بازرگانی کردنە و هیچیتر، کە تەنها خوێندکار زەرەرمەندی یەکەم ئەبێت.
- جێی داخە لەپێناو بازرگانییدا یاری بە زانست و خوێندن دەکرێت!
- من وەک خوێندکارێک بە جدی نائومێدم ماڵەوە بە زۆر ئەمنێرنەوە چونکە لەهاوڕێکانی خۆمم پرسیووە ئەوانەی ئەمساڵ تەخەڕوجیان کردووە داماوانە ئەڵێن هیچ کلینیکێک ئێمەی ناوێ و ناچارن ئێشی دەرەوەی بەشەکەی خۆیان بکەن، یەکیان عارەبانەی داناوە پاستا ئەفرۆشێ ئەزانم ئیش عەیب نییە بەس، من پێنج ساڵ بخوێنم گوناح نییە؟ وە یەکێکی تر چووەتە ئەڵمانیا وەک خۆی وتی لە بێ کاریدا چووم منیش ئەمانەم بینی زیاتر نائومێد بووم دڵنیا بووم پارەت هەبێت هەموو شتت ئەبێت پارەت نەبێ هیچ ئەمە بۆچوون نییە زیاتر بڵێم دەردەدڵییە بۆ پێشکەوتنی ئەم بابەتەش لەگەڵتانام بە هەموو شێوەیەک .

- پێموایە زیادبوونی ژمارەی زانکۆ ئەهلییەکان شکۆ و بەهای بەشە زانستییەکانی کەمکردووەتەوە، بەتایبەتی بەشە پزیشکییەکان. داخستنی زانکۆ ئەهلییەکان بژاردەیەکی بەردەست نییە، چونکە بازرگانان و دەسەڵاتداران سوودی لێ دەبینن، بەڵام لانیکەم بۆ ڕێزگرتن لە ماندووبوونی ئەو خوێندکارانەی کە نمرەی بەرزیان هێناوە، پێویستە مەرجی وەرگرتنی خوێندکار لەو زانکۆیانە توندتر بکرێت. بەشی پزیشکی ددان نمرەی ٩٧ و بەرەو سەر وەردەگرێت، ئەگەر زانکۆ ئەهلییەکان بە ١ یان ٢ نمرە کەمتر خوێندکاریان وەربگرتایە، کێشە نەدەبوو. من هیچ مەترسییەک نابینم لەوەی خوێندکارێک بە نمرەی ٩٥ یان ٩٦ ببێتە پزیشکی ددان، بەڵام جیاوازیی ١٠ نمرە بەڕاستی گاڵتەجارییە. ئەمە مەترسی بۆ سەر خەڵکیش دروست دەکات، چونکە بوارە پزیشکییەکان پێویستیان بە کارامەیی و توانای تایبەت هەیە، کە نمرەی خوێندکار یەکێکە لەو ڕێگایانەی ئەو تواناییانەی پێ دەناسینەوە. ئەگەر خوێندکارێک ئەو توانایانەی نەبێت کە وای لێ بکات نمرەی پێویست بەدەست بهێنێت، کەواتە شیاو نییە ببێتە پزیشکی ددان، چونکە پزیشکی ددان پێویستی بە لەبەرکردنی زۆر، بیرکردنەوەی لۆژیکی و لێهاتوویی پراکتیکی هەیە. زانکۆ ئەهلییەکان ناوی ئێمەیان وەک پزیشکی ددان زڕاندووە بێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێت، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کارێکی لەبارەوە بکەین.
- کاتێک بە کۆنمرەیەکی زۆر بەرزەوە لە کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆی حوکمی وەردەگیرێین ، خوێندکارێکی دیکە بە کۆنمرەیەکی زۆر کەمتر لە ئێمە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنی کە ئەمەش وامان لێدەکات بێ ئومێد بین لەو هەموو ماندووبەنەی لە قۆناغی ١٢ بینیمان، هیچ قیمەتێکیان بۆ نمرەکانمان نەهێشتۆتەوە، هەلی کاریان زۆر کەمتر کردۆتەوە، ئێمە زۆر پەستانمان ئەخرێتە سەر تاوەکو ببینە دکتۆرێکی زۆر باش لە داهاتوودا بەپرسیاری قورس و فکری و وامان لێ ئەکرێ لە دەرسە پراکتیکیەکان زۆر باش بین، بەڵام هێشتان کەسانێک هەن پێیان وایە کوالێتی زانکۆ ئەهلییەکان باشترە، لەکۆتاییدا شانازی ئەکەم لەزانکۆی دایکم زانکۆی سلێمانی باشترینی هەموو جیهانە .
- ئێمە وەک خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆی سلێمانی کە هەموومان بە دەرەجەی زۆر بەرز وەرگیراوین و بە حەقی خۆمان وەرگیراوین لە کاتێکدا هەمان کۆلێژی ئێمە لە زانکۆ ئەهلیەکان بە دەرەجەیەک کە لە ئاستی ئەو کۆلێژەدا نییە وەرگیراون و بەداخەوە ئەمەش لە داهاتوودا کێشە بۆ ئێمە دروست ئەکات، چونکە بەبۆنەی ژمارەیەکی زۆری دەرچووان دامەزراندنیش ناکرێت کە ئێمەش زەرەرمەندی یەکەمین و مافی ئێمە ئەخورێت بۆیە هەست بە بێ هیوایی ئەکەین لەو دۆخەی کە هەیە.

## شیکاریی بۆردی تەندروستیی ڕێکخراوی ئاران

بازرگانییکردنی زانست و دارمانی کوالێتی، خوێندنی پزیشکی ددان لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە-:

داتاکانی بەردەست لەبارەی خوێندنی پزیشکیی ددان لە هەرێمی کوردستان، وێنەیەکی نیگەرانکەری دیاردەی بازرگانییکردنی خوێندن دەخەنە ڕوو، ئەم دیاردەیە لە بوارێکی هەستیار و گرنگی وەک پزیشکیدا، دەرئەنجامی کارەساتباری بۆ سەر کوالێتیی زانست، دادپەروەریی خوێندن و داهاتووی پیشەیی دەرچووان دەبێت، بۆردی تەندروستی ئاران ئەم دۆخە لە سێ ڕەهەندی سەرەکییەوە شیکار دەکات:-

### ١ .شیکاریی پێکهاتەیی و بازاڕ، هەڵاوسانی ژمارەکان و دارمانی کوالێتی:-

بوونی (١٢) کۆلێژی پزیشکیی ددان بۆ ژمارەی دانیشتووانی کەمتر لە حەوت ملیۆن کەس، نیشانەی هەڵاوسانێکی نارێکخراوە لە ژمارەی دامەزراوەکانی خوێندندا، ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی زاڵبوونی لۆژیکی بازاڕ بەسەر پلانی زانستیدا دروست بووە.

شیکاریی زانستی:- لە سیستەمێکی خوێندنی باڵای تەندروستدا، دەبێت کردنەوەی هەر کۆلێژێک لەسەر بنەمای پێداویستیی کۆمەڵگە و توانای دابینکردنی کوالێتی بێت، بەڵام زۆربوونی ژمارەی کۆلێژە تایبەتەکان نیشانەی ئەوەیە کە بڕیارەکان لەسەر بنەمای خواست و قازانجی بازاڕ دەدرێن، نەک پلانی نیشتمانی، بەراوردکاری لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو (وەک بەریتانیا و ئەڵمانیا) دەریدەخات کە ڕێژەی کۆلێژەکان بە ژمارەی دانیشتووان لە هەرێم چەندین هێندەی ستاندارده جیهانییەکانە، ئەمە مانای ئەوەیە کە بازاڕی خوێندن تێر بووە و کوالێتی بووەتە قوربانی.

## ٢ .شیکاریی ئەکادیمی و پیشەیی، کوالێتی لە بەرامبەر چەندایەتی:-

جیاوازیی گەورەی کۆنمرەی وەرگرتن لەنێوان زانکۆ حکومی و تایبەتەکاندا، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر دابەزینی ستانداردەکان.

شیکاریی زانستی:- لە زانستی پزیشکیدا، کۆنمرەی قۆناغی ئامادەیی تەنها ژمارەیەک نییە، بەڵکو پێوەرێکی سەرەتاییە بۆ توانای شیکاری، تێگەیشتنی زانستی و پابەندبوونی خوێندکار، کاتێک ڕێگە بە خوێندکارێک دەدرێت بە کۆنمرەی (٨٥) بچێتە کۆلێژێک کە هاوتاکەی لە کەرتی گشتی بە (٩٧) وەردەگیرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە سیستەمەکە دان بەوەدا دەنێت کە کوالێتیی خوێندکارە وەرگیراوەکان جیاوازە، ئەمە پرسیاری جددی لەسەر کوالێتیی پرۆسەی خوێندن و توانای زانستیی دەرچووانی داهاتوو دروست دەکات، وەک لە لێدوانەکاندا هاتووە، ئەمە سووکایەتییە بە ماندووبوونی خوێندکارە زیرەکەکان و کەمکردنەوەی بەهای زانستە.

## ٣ .شیکاریی ئابووری کۆمەڵایەتی، دروستکردنی بێهیوایی:-

سیستەمەکە هیوا دەفرۆشێت و بێهیوایی بەرهەم دەهێنێت، بازاڕی خوێندن هیوا دەدات بە خوێندکاران کە دەتوانن ببنە پزیشک، بەڵام بازاڕی کار ناتوانێت ئەم ژمارە زۆرەی دەرچووان هەڵبمژێت.

**شیکاریی زانستی:-** زیادبوونی ژمارەی دەرچووان بەبێ پلانی هاوتەریب بۆ هەلی کار، دەبێتە هۆی دیاردەی بێکاریی شاراوە و ئاشکرا لەنێوان پزیشکاندا، بوونی (٨،٥٠٠) پزیشکی ددان لە هەرێمێکدا کە پێویستی بە کەمترە، مانای ئەوەیە کە کێبڕکێیەکی ناتەندروست لەسەر ژمارەیەکی کەمی نەخۆش دروست دەبێت، ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزاری بە شێوەیەک کە کاریگەری لەسەر کوالێتی هەبێت، ئەنجامدانی چارەسەری ناپێویست تەنها بۆ مەبەستی بازرگانی، بێهیوابوونی پزیشکانی گەنج و بیرکردنەوەیان لە جێهێشتنی پیشەکە یان وڵات.

دۆخی خوێندنی پزیشکیی ددان لە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی کلاسیکییە بۆ چۆنییەتیی زاڵبوونی لۆژیکی بازاڕ بەسەر پلانی زانستی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیدا، ئەم پرۆسەیە بووەتە هۆی دارمانی کوالێتیی زانستی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ستانداردەکانی وەرگرتن، دروستکردنی نادادپەروەری لە ڕێگەی جیاکاری کردن لەنێوان خوێندکاران لەسەر بنەمای توانای دارایی، بەرهەمهێنانی بێکاری لە ڕێگەی دەرچوواندنی ژمارەیەک پزیشک کە زیاترە لە پێداویستیی بازاڕ، دروستکردنی مەترسی بۆ داهاتوو لە ڕێگەی خستنە بازاڕی پزیشکانێک کە لەوانەیە ئاستی پێویستیان نەبێت، کە ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەلامەتیی نەخۆش.

ئەم دۆخە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی هەیە بە سیاسەتی خوێندنی باڵا لە کەرتی تەندروستیدا، پێویستە ستانداردەکان یەکبخرێن، چاودێریی کوالێتی توندتر بکرێت و کردنەوەی هەر کۆلێژێکی نوێ لەسەر بنەمای توێژینەوەی ورد و پێداویستیی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە بێت، نەک لەسەر بنەمای قازانجی بازرگانی.

## دەرئەنجامی گشتی لە ڕوانگەی دیموکراسیی تەندروستییەوە

دۆخی خوێندنی پزیشکیی ددان لە هەرێمی کوردستان، پێشێلکارییەکی سیستەماتیکی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیی تەندروستییە، لەبری ئەوەی سیستەمی خوێندنی باڵا وەک دەروازەیەک بۆ دابینکردنی کادری لێهاتوو و یەکسان بۆ خزمەتکردنی هەموو هاووڵاتیان کار بکات، بووەتە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و بازرگانییکردن بە زانستەوە، کە دەرئەنجامەکانی بریتین لە پێشێلکردنی یەکسانیی دەرفەت، جیاوازیی گەورەی کۆنمرەی وەرگرتن لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا (کە دەگاتە ١٢ نمرە)، بنەمای یەکسانیی دەرفەت لەبەردەم خوێندکاراندا دەڕووخێنێت، ئەمە سیستەمێک دروست دەکات کە تێیدا توانای دارایی، نەک لێهاتوویی زانستی، دەبێتە پێوەری سەرەکی بۆ بوون بە پزیشک، ئەمە دژ بە ڕۆحی دیموکراسییە کە دەبێت دەرفەتەکان بۆ هەمووان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە فەراهەم بن.

- **لاوازکردنی مافی هاووڵاتی بۆ خزمەتگوزاریی سەلامەت:-** ئامانجی کۆتایی هەر سیستەمێکی خوێندنی پزیشکی، دابینکردنی پزیشکی لێهاتووە بۆ پاراستنی تەندروستیی گشتی، کاتێک کوالێتیی خوێندن دەکرێتە قوربانیی قازانجی بازرگانی، متمانە بە توانای زانستیی دەرچووان کەم دەبێتەوە، ئەمە لە داهاتوودا مەترسییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر مافی هاووڵاتی بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکی سەلامەت و کوالێتی بەرز دروست دەکات، کە یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی دیموکراسیی تەندروستی.
- **نەبوونی لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:-**

دەرچوواندنی ژمارەیەکی زۆر پزیشک کە زیاترە لە پێداویستیی کۆمەڵگە، بەبێ دابینکردنی هەلی کاری شایستە، نیشانەی نەبوونی بەرپرسیارێتیی دەوڵەتە بەرامبەر بە داهاتووی دەرچووان و سامانی مرۆیی وڵات، لە سیستەمێکی دیموکراسیدا، دەبێت دامەزراوەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت لەسەر سیاسەتەکانیان و دەرئەنجامەکانی، هەستی بێهیوایی لەنێو ٩٨.٢٪ی خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکاندا، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەو شکستەی کە سیستەمەکە لە دروستکردنی متمانە و دابینکردنی داهاتوویەکی گەشدا هەیەتی.

بازرگانییکردن بە خوێندنی پزیشکیی ددان، دیموکراسیی تەندروستی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەم پرۆسەیە لەبری ئەوەی سیستەمێکی دادپەروەرانە بۆ هەڵبژاردنی باشترینەکان دابمەزرێنێت، سیستەمێکی چینایەتی دروست کردووە کە دەرفەتەکان دەفرۆشێت، لەبری ئەوەی ببێتە مایەی دڵنیایی بۆ هاووڵاتیان، بووەتە سەرچاوەی نیگەرانی لەسەر کوالێتیی خزمەتگوزاریی داهاتوو، لە کۆتاییدا، ئەمە نیشانەی پاشەکشەی دەوڵەتە لە ئەرکی سەرەکیی خۆی کە بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی و دابینکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان.

## بەراوردکردنی دۆخی کۆلێژەکانی پزیشکی ددان بە بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسکۆ

لە ڕوانگەی بنەمای پلاندانانی ستراتیژی بۆ هێزی مرۆیی تەندروستی، کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەختی لێ دەکاتەوە، دۆخی هەرێمی کوردستان تووشی هەڵاوسانێکی ناتەندروست بووە، بەپێی ستاندارده جیهانییەکان، دەبێت ژمارەی کۆلێژە پزیشکییەکان و وەرگرتنی خوێندکار هاوتەریب بێت لەگەڵ پێداویستیی ڕاستەقینەی دانیشتووان و توانای بازاڕی کار بۆ لە خۆگرتنی دەرچووان، بەراوردکارییەکەی ناو ڕاپۆرتەکە کە دەری دەخات لە هەرێم بۆ هەر (٦٠٠،٠٠٠) کەسێک کۆلێژێکی پزیشکی ددان هەیە لە کاتێکدا لە بەریتانیا بۆ هەر چوار ملیۆن کەسێک یەک کۆلێژ هەیە، نیشانەی شکستی قووڵی حکومەتە لە

ڕێکخستنی کەرتی خوێندنی باڵا، ئەم تێرکردنە زۆرەی بازاڕ بەبێ هەبوونی پلانی دامەزراندن، نەک هەر بەهەدەردانی سامانی مرۆیی و دارایی وڵاتە، بەڵکو دژ بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی یە بۆ دروستکردنی هێزێکی کاری بەردەوام و کارا.

سەبارەت بە ستانداردەکانی کوالێتی و یەکسانی لە خوێندندا، دۆخی هەرێم پێشێلکارییەکی ڕوونی بنەماکانی یەکسانیی دەرفەتە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونسکۆ جەخت دەکەنەوە کە دەبێت وەرگرتن لە بەشە پزیشکییەکاندا تەنها لەسەر بنەمای شایستەیی زانستی بێت، نەک توانای دارایی، بوونی جیاوازیی (١٢) نمرە لە کۆنمرەی وەرگرتن لەنێوان زانکۆ حکومی و تایبەتەکاندا، وەک کڕینی زیرەکی بە پارە وەسف دەکرێت، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو جۆر پزیشک لە یەک کۆمەڵگەدا کە ئاستی زانستییان جیاوازە، ئەمەش نەک هەر نادادییەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سەلامەتی نەخۆش، چونکە کوالێتیی خزمەتگوزاریی پزیشکی داهاتوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە و متمانەی گشتی بە سیستەمە تەندروستییەکە ناهێڵێت.

لە لایەکی دیکەوە، دیاردەی بازرگانیکردن بە زانست کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، پاشەکشەیەکی گەورەیە لە ئەرکی دەوڵەت وەک پارێزەری بەرژەوەندیی گشتی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێی وایە کاتێک لۆژیکی قازانج زاڵ دەبێت بەسەر لۆژیکی زانستدا، ئەخلاقی پیشەیی بەرەو داڕمان دەچێت. هەستی بێهیوایی لای ٩٨٪ی خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکان نیشانەی ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە نەک هەر نەیتوانیوە کادری لێهاتوو بەرهەم بهێنێت، بەڵکو بووەتە سەرچاوەی نائارامیی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، سیستەمێکی خوێندنی سەرکەوتوو ئەوەیە کە شکۆ بۆ پیشەکە بگەڕێنێتەوە، نەک بێکاریی بەکۆمەڵ بۆ پزیشکانی داهاتوو بەرهەم بهێنێت.

دۆخی پزیشکی ددان لە هەرێمی کوردستان نموونەی شکستی دیموکراسیی تەندروستییە لە ئاستی پەروەردە و پێگەیاندندا، کاتێک دەوڵەت ڕێگە دەدات کەرتی تایبەت بەبێ ڕەچاوکردنی ستانداردە زانستییەکان و پێداویستییە نیشتمانییەکان تەنها بۆ قازانجی مادی خوێندکار وەربگرێت، بە کردەوە دەستبەرداری بەرپرسیارێتیی خۆی بووە بەرامبەر بە تەندروستیی گشتی، ئەم پرۆسەیە سیستەمێکی چینایەتی دروست دەکات کە تێیدا تەنها ئەوانەی پارەیان هەیە دەتوانن نازناوی پزیشکی بەدەست بهێنن، ئەمەش وەک زنجیرەیەک کاریگەریی نەرێنی، لە داهاتوودا دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی چارەسەر و دروستبوونی کێبڕکێی ناتەندروست لە بازاڕدا، کە قوربانیی یەکەم و کۆتایی تێیدا هاووڵاتی و مافە بنەڕەتییەکانییەتی بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکی زانستی و سەلامەت.

# تەوەرەی حەوتەم:
# نەخۆشـــــانی دەروونـــــــی، لاوازتـرین تـوێژی کۆمەڵگـا لە بەردەم بـازاڕی بێبەزەیـی تەندروســــتی لە هەرێمـــــی کوردستان

توێژێک کە بە لاوازترین توێژی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێن، بە بێ دەنگی و لە بیرکراوی، بەردەوامن لە درێژەدان بە ژیانێکی پڕ لە چەوساندنەوە، ئەم توێژە لە ناو گێژاوی دڵ تەنگی و بێبەزەیی بازاڕی تەندروستیدا بە تەواوی لە ناو دەردەسەری ژیاندا رۆچوون و دۆسیەی ئەوان وەک ئەوەی خۆیان هێزی ئەوەیان نییە بیجوڵێنن وبیوروژێنن، لە لایەن ئەوەکانی تریشەوە لە بیر کراون و کەس ئاوڕێک لە دڵتەنگی و گرفتەکانیان ناداتەوە، ئەم توێژە هەر گیرۆدەی ئەوە نین کە خەمی نەخۆشیەکەیان بێت، بەڵکو گیرۆدەی ئەوەشن کە مانگانە بڕێکی زۆر پارە بدەن بە کڕینی دەرمان، دەرمانی نەخۆشیە دەرونییەکان لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا نرخێکی زۆریان هەیە و کڕینیان بۆ خەڵکی کەم درامەت قورسە، بەڵام جگە لە کڕین هیچ رێگایەکی دیکە نییە، نەخۆشانی دەروونی یان دەبێت بە تەواوی خۆیان هەژار بکەن بۆ کڕینی رەچتەیەک دەرمان یان دەبێت گیرۆدەی گرفتی دڵتەنگی و نەخەوتن بین.

لە هەرێمی کوردستان چەندین ناوەندی حکومی و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی هەن کە تایبەتن بە چارەسەری گرفتە دەروونییەکان، بەڵام زیاتر پشت بە کەرتی تایبەت دەبەسترێت، ئەمەش لەسەر گیرفانی نەخۆشەکان و کەسوکاریان، لە دیارترین نەخۆشخانە حکومییەکانی تایبەت بە چارەسەری دەروونی لە هەرێمی کردستان بریتین لە هەردوو نەخۆشخانەی دەروونی شەهید دکتۆر هێمن و سۆزی دروونی لە سلێمانی، نەخۆشخناەی هەولێری دەروونی و نەخۆشخانەی دهۆک بۆ چارەسەری دەروونی لە دهۆک، جگە لە ئەمە لە هەرێمی کوردستان (٤٦) کلینیک و ناوەندی چارەسەری دەروونی لە کەرتی تایبەدا هەیە، کە ساڵانە زیاتر لە (٣٣٠،٠٠٠) کەس سەردانیان ئەکەن، هاوکات رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش رۆڵیان هەیە لەم چارەسەرەدا، بەڵام ئەوان بێ هیچ پارەیەک بە خزمەتگوزاریەکی ١٠٠٪ بێبەرامبەرەوە کار دەکەن.

بە پێی ئەو بە دواداچوونانەی تیمەکانی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە کردویانە ئەوانەی سەردانی پزیشکی دەروونی دەکەن لە هەرێمی کوردستان زیاتر زیاتر گیرۆدەی ئەم گرفتە دەروونیانەی خوارەوەن:-

- نیگەرانی (Anxiety Disorders) کۆمەڵێک کێشەی دەروونییە کە تێیدا کەسەکە بە شێوەی بەردەوام هەستی ترس، نیگەرانی و ئاژاوەی ناوەکی هەیە، کە کاریگەری لەسەر ژیانی رۆژانە و ئارامی دەروونی هەیە.
- دڵتەنگی (Depression) یەکێکە لە زۆرترین کێشە دەروونییەکان کە لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و خەڵکێکی زۆر گیرۆدەی بوون.
- ترۆمای دوای ڕووداوی ناخۆش (PTSD) بە تایبەتی لە ناو ئەو کەسانەی تووشی شەڕ، ئاوارەیی، توندوتیژی و کارەساتەکان بوون.
- فشار و نائارامی دەروونی (Psychological Distress / Stress) کە پەیوەندی بە کێشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژیانی رۆژانە هەیە.
- هەڵچوون و کێشەکانی تێگەیشتن (Psychotic Disorders)
- دوو جۆری بارودۆخی دەروونی (Bipolar Disorder) کە بارودۆخی نەخۆش لەنێوان قۆناغی زۆر خۆشحاڵی و قۆناغی دڵتەنگی زوو زوو دەگۆڕێت.

## توێژێکی لاواز و بێ پشتیوان:-

بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاریی و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەم راپۆرتە تیمەکانمان سەردانی چەندین ناوەندی چارەسەری دەروونی کەرتی تایبەتیان کرد، لەوێ لەگەڵ چەندین نەخۆش و کەسوکاریاندا قسەیان کرد، وەک ئەوەی یەکەمجار بێت تیمێک پرسیار لە بارودۆخیان بکات، ئەوان زۆر پەرۆش بوون بۆ ئەوەی گرفتەکانی خۆیان باس بکەن، بە پێی ئەو یاداشتانەی تیمەکانمان لە شوێنی قسە کردنەکان واتا لە ناو هۆڵی چاوەڕوانی نەخۆش لە ناوەندەکانی کەرتی تایبەت نوسیویانە لە بارەی کەشی ناو هۆڵەکان

چەندین تێبینی تۆمار کراون کە جێگای سەرنج و تێڕامانن، کە تیمەکانمان دەچنە ئەوێ ژمارەیەکی زۆر کەسانی لاواز و بێ دەرەتان و دڵتەنگ و نیگەران دەبینن کە چەندین گرفتیان هەیە، ئەوانەی لەوێن بەسەر دوو جۆر خەڵکدا دابەش دەبن، جۆری یەکەم نەخۆشەکانن، جۆری دووەم کەسوکار یان یاوەری نەخۆشەکانن، هەمووان لە چاوەڕوانی خوێندنەوەی ناویاندان کە سەرەی بینینی دکتۆر بێت و بتوانن پزیشک ببینن، کلینیکە دەروونییەکان هاوشێوەی کلینیکەکانی دیکەن و سیمایان جیاوازیەکی ئەوتۆی تێدا نییە کە لەگەڵ دەروونی نەخۆشەکاندا بگونجێت، ئەوەی جیاوازە ئەوەیە لە هەر کلینیکێکدا ژمارەیەک کتێب و گۆڤاری دەروونی دانراون، بەڵام بە درێژایی هەموو ئەو کاتانەی تیمەکانمان سەردانی ئەو جێگایانەیان کرد کەس نەبینرا دەست بۆ کتێبێک یان گۆڤارێک ببات بە مەبەستی خوێندنەوە.

### چرپە چرپی نێوان نەخۆش و یاوەر و خەمی زۆری پارەی دەرمان:-

ئەگەر بە مەبەستیش نەتەوێ گوێ بگری ئەوا لەبەر داخراوی هۆڵەکان کاتێک نەخۆشێک و یاوەرەکەی پێکەوە چرپە چرپێک دەکەن گوێت لێیان دەبێت، جا ئەو چرپە چرپە بۆ ئەم راپۆرتە بابەتێکی گرنگ بوو، چونکە گوزارشتی لە خەمێکی قوڵ دەکرد، دوو خاڵ لەو چرپە چرپە جێگای سەرنج بوون کە تیمەکانمان پرسیاریان لە بارەوە بکەن، ئەویش یەکەم باسی پارەی زۆری دەرمان کە لەلایەن پزیشکی چارەسەرکاری دەرونییەوە بۆیان دەنوسرێت، دوەم ئایا ئەبێت چەند جاری تر سەردان بکەنەوە؟ ئایا دەبێت ئەم جارە دەرمانەکان سودیان هەبێت؟ ئەمە و چەندین بابەتی تر، بەڵام تیمەکانمان ئەم دوو خاڵەیان لەلا گرنگ بوو کە پرسیاری لە بارەوە بکەن.

### خەمی پارەی زۆر بۆ کڕینی دەرمان

تیمەکانمان روخسەتیان لە نەخۆشێک و یاوەرەکەی وەرگرت قسەیان لەگەڵدا بکەن، کە یاوەرەکە دایکی نەخۆشەکە بوو، ئەوەش دوای ئەوەی گوێیان لێ بوو کە دایکەکە زوو زوو لەگەڵ کوڕەکەیدا ئەوەیان لێک دەدایەوە ئەگەر دکتۆرەکە هەمان بڕی پێشتر دەرمان بنوسێت لەگەڵ ئەو بیست هەزار دینارەی دەیدەن بە کرێی بینینی دکتۆر ئەوا پارەکەیان بەش دەکات و هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی ئامادە بکات بە دکتۆر بڵێت ئەگەر کوڕەکەی باشتر بوە ئەوا ئەم مانگە بڕێکی کەمتر دەرمانی بۆ بنوسێت، نەخۆشەکە گەنجێک بوو کە لە سیەکانی تەمەنیدا بوو، لەبارەی کاتی سەردانی پزیشک تیمەکانمان پرسیاریان کرد و دایکی نەخۆشەکە وتی کە ئەوان دەبێت مانگانە سەردان بکەن، چونکە دەرمانەکە بۆ یەک مانگ دەنوسرێت و لە کاتی کڕینیدا رەچەتەکەیان لێ وەردەگیرێت و ئەم دەرمانە لە هەموو دەرمانخانەیەک دەست ناکەوێ، بەڵکو زیاتر لەم دەرمانخانەیە کە لەم بینایەدا هەیە لەگەڵ چەند دەرمانخانایەکی کەمدا ئەوانیش بە رەچەتەی تازە نەبێت دەرمانەکە نادەن، بۆیە دەبێت هەموو مانگێک سەردان بکەین و پزیشک نەخۆشەکە ببینێت و رەچەتەیەکی نوێی بۆ بنوسێت، دایکەکە لە وەڵامی پرسیاری تیمەکانمان کە ئایا نرخی دەرمانەکان چۆنن، وتی هەموو مانگێک بەلای کەمەوە بایی (١٧٠،٠٠٠) دینار دەرمانمان بۆ دەنوسێت، کە جاری وا هەبووە لەم عیادەیە دەرچووین هیچ پارەیەکمان پێ نەماوە، دایکی نەخۆشەکە باسی لەوە ئەکرد کە چەند هەست بە لاوازی و بێ کەسی ئەکەن، ئەو کە قسەی بۆ تیمەکانمان ئەکرد روخساری رەنگی لێ بڕابوو، لە لایەک خەمی ئەو نەهامەتیەی کوڕەکەی تیابوو لە لایەک خەمی گرفتی ئابوری کە بە هەزار حاڵ توانای ئەوەیان هەیە  دەرمانی چارەسەری کوڕەکە بکڕن، ئەو خەمی ئەوەی بوو کوڕەکەی بکەوێتە سەر شەقام، چونکە وەک خۆی دەیوت ئەوەی رێگەی گرتوە کوڕەکەی دوای تەواو کردنی خوێندن ببێت بە (بەخشراو) ئەم دەرمانانەیە، ئەگەرنا ئەم کوڕە خەو و خۆراکی نەماوە، بە درێژایی شەو خەوی لێ ناکەوێ بە تەنیا بۆ هیچ شوێنێک ناتوانێت بڕوا، بەڵام تا کەی ئێمە دەتوانین ماناگانە ئەم پارەیە پەیدا بکەین و بیدەین بە دەرمان بۆ ئەوەیان بەس چاومان لە دەستی خوایە.

## کلینیکە دەروونییەکانی هەرێمی کوردستان شوێنێک زیاتر بۆ نووسینی دەرمان

لە ناو کۆمەڵەی پرۆسەی چارەسەریی نەخۆشی دەروونی دەرمان یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەگیرێتە بەر، بەڵام نەک تەنیا ڕێگا و نە ڕێگای سەرەکیە، بەڵکو پسپۆرانی دەروونی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ڕێگا سروشتیەکانی دیکە بە چارەسەری گونجاو دەزانن، وەک ڕاهێنان و قسە کردن و هاندانی نەخۆش بۆ خۆبەهێزکردن و گەیشتن بە سەرچاوەی کێشە ناوەکیەکە، ئەگەر ئەمانە هیچ ئەنجامێکیان نەبوو ئەو کات پەنا بۆ دەرمان ببرێت، لە ناو کلینیکەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی جگە لە پزیشکی دەروونی ڕاوێژکاری دەروونیش دادەنیشێت و لەبەرامبەر بڕێک پارە ڕاوێژی دەروونی پێشکەش بەنەخۆشەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی زیاتر نەخۆش ڕوی تێدەکات پزیشکی دەروونییە کە دەرمان دەنوسێت و بە دەگمەن نەخۆشێک هەیە بەتەنیا سەردانی ڕاوێژکاری دەروونی بکات، بەڵکو بەشێک لە نەخۆشەکان سەدرانی هەردووکیان دەکەن، واتا لە یەک کاتدا دەرمانی بۆ دەنوسرێت و ڕاوێژی دەروونیشی پێشکەش دەکرێت، بەڵام بەشی هەرە زۆری نەخۆشەکان زیاتر ڕوو لە پزیشکە دەروونییەکان دەکەن و بە تەنیا دەرمانیان بۆ دەنوسرێت.

تێچووی زۆری کڕینی دەرمان لەسەر نەخۆش و کەسوکاری نەخۆش گەیشتۆتە ئاستێک لە گروپەکانی سۆشیال میدیا بانگەواز بکەن کە کامە دەرمانخانە نرخی هەرزانە یان کامە پزیشکی دەروونی دەرمان کەمتر دەنوسێت، ئەمە لە پێناو ئەوەی نەخۆشەکە سەردانی ئەو پزیشکە بکات کە دەرمانی کەم دەنوسێت بەڵام کاریگەر بێت تا کەمتر لەسەریان بکەوێت و بتوانن مانگانە پێداویستیەکانی خۆیان لە دەرمان دابین بکەن، ناوی چەند پزیشکێک دەهێندرێت کە بوون بە جێگای تێبینی نەخۆش و یاوەرەکانیان کە ئەم پزیشکانە بڕێکی زۆر دەرمان دەنووسن و زۆر گران لەسەر نەخۆش دەکەوێت، ئەم زۆر نووسینەی بڕە دەرمانەکە لە لایەن ئەو پزیشکانەوە بوە بە جێگای گومان لە لای نەخۆش و یاوەرەکانیان بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەخراوەتە ڕوو.

**ئەو دەرمانانەی لە هەرێمی کوردستان زۆرتر لە لایەن پزیشکانی دەروونییەوە بۆ نەخۆش دەنوسرێن:-**

دەرمانی دڵتەنگی و نیگەرانی (Antidepressants)

Fluoxetine
Sertraline
Escitalopram
Paroxetine
Venlafaxine
Duloxetine

دەرمانی سایکۆس و هەڵچوون(Antipsychotics)

Olanzapine
Quetiapine
Risperidone
Haloperidol
Clozapine
Aripiprazole

دەرمانی دوو جۆری بارودۆخی دەروونی(Mood Stabilizers)

Lithium

Sodium Valproate
Carbamazepine
Lamotrigine

دەرمانی ئارامکردن و خەو(Anxiolytics and Sedatives)
Diazepam
Lorazepam
Alprazolam
Clonazepam
تێبینی// ناوی ئەو دەرمانانە تەنیا ناوی زانستین و ئەم راپۆرتە خۆی بە دوور گرتوە لەوەی ناوی بازرگانی ئاماژە پێ بدات، ئەوەش لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی و خۆ لادان لە لەوەی بانگەشە بۆ هیچ جۆرە دەرمانێک بکرێت کە بەرهەمی کۆمپانیایەکی دیاری کراو بێت.

## نەگونجاوی شوێنی کلینیکە دەروونییەکان:-

زۆربەی زۆری کلینیکە دەروونییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەو باڵخانانەدان کە کلینیکی ئاسایی تێدایە، واتا زۆربەی کلینیکە دەروونییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی دیزاین و خزمەتگوزارییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کلینیکە پزیشکییە ئاساییەکان نییە، ئەمەش پرسیار لەسەر بوونی ستاندارد و چاودێری حکومی بۆ ژینگەی چارەسەری دەروونی دروست دەکات، کە پێچەوانەی ستاندارده نێودەوڵەتیەکانە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و زۆر لە سیستەمە پێشکەوتووەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە خزمەتگوزاری دەروونی دەبێت ژینگەکەی لەگەڵ پێویستییە دەروونییەکانی نەخۆش بگونجێت، هەستکردن بە ئاسایش و ڕێز و پاراستنی کەرامەت و نهێنی بدات بە نەخۆش، تەنها شوێنێک نەبێت بۆ نووسینی دەرمان، بە پێی ستانداردی نێو دەوڵەتی کلینیکی دەروونی باش دەبێت ئارام و بێدەنگ بێت، دوور لە قەرەباڵغی و دەنگ و هاوار، پاراستنی نهێنی تێدا ڕەچاوکرابێت، بۆ ئەوەی نەخۆش بە ئازادی قسە بکات ژووری چاوپێکەوتن فراوان و ئارام بێت، نەک تەنها مێز و دوو کورسی، ڕووناکی سروشتی و هەوای باشی هەبێت، چونکە کاریگەری لەسەر ئارامی دەروونی هەیە، شوێنی چاوەڕوانی گونجاوی هەبێت، کە نەخۆشەکان هەست بە فشار و شەرم نەکەن، ڕەنگی دیوار و جۆری دانیشتن و دیکۆری ناو ژوور بە پێی بنەماکانی تەندروستی دەروونی دیزاین کرابن.
ئەم ستانداردانە لە زۆربەی هەرە زۆری کلینیکە دەروونییەکانی هەرێمی کوردستاندا نین، هۆڵەکانی چاوەڕوانی زۆر قەرەباڵغن، زۆر جار دەنگە دەنگ لە نێوان نەخۆش یان یاوەری نەخۆش و سکرتێری پزیشکە دەروونییەکاندا روو دەدات لەسەر نۆرەگرتن یان بێزاربوونی نەخۆش لە چاوەڕوانی، لەبەرئەوە بە دەگمەن نەخۆشێک دەبیندرێت لە ناو کلینیکە دەروونییەکانی هەرێم هەست بە ئارامی بکات و لە دڵتەنگی و گرفتەکەی کەم ببێتەوە.

## دابەشبوونی ناوەندەکانی چارەسەری دەروونی بەسەر کەرتە جیاوازەکاندا:-

لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی ناوەندەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی بەسەر سێ کەرتی سەرەکیدا دابەش دەبن، ئەوانیش کەرتی گشتی، کەرت تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەم سێ کەرتە هەر یەکەو بە ئامانجێکی دیاری کراوە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکانی نەخۆش دەدەن، کەرتی گشتی وەک ئەرکی سەرەکی دەوڵەت بە خزمەتگوزاری پاڵپشتی کراو و بە توانایەکی دیاریکراوەوە هەوڵی چارەسەر کردنی نەخۆش دەدات، خزمەتگوزاریەکانی کەرتی گشتی

ئەگەر چی بە توانایەکی سنوردارەوە پێشکەش دەکرێن، بەڵام بێ بەرامبەر یان بە نرخێکی زۆر هەرزانی حکومی سیمبولیە، لە هەرێمی کوردستان پێنج نەخۆشخانەی سەرەکی تایبەت بە نەخۆشیە دەرونییەکان هەن، کە هەر یەک لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر هەر یەکەو دوو نەخۆشخانە، پارێزگای دهۆک یەک نەخۆشخانەی لێ یە، لە سلێمانی نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر هێمن وەک سەرەکیترین نەخۆشخانەی چارەسەری نەخۆشی دەروونی ساڵانە زیاتر لە (١٥،٠٠٠) نەخۆش سەردانی دەکەن، کۆی گشتی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (١٠٠،٠٠٠) نەخۆش سەردانی نەخۆشخانە حکومییە دەروونییەکان دەکەن، لە نەخۆشخانە حکومییە دەروونییەکان بە شێوەیەکی گشتی شوێنی مانەوەی درێژ خایەنی پیاوان و ژنان هەیە کە بە جیان لەگەڵ شوێنی مانەوەی کورت خایەن بۆ نەخۆش کە جۆرێکە لە خزمەتگوزاری فریا گوزاری، لە کەرتی حکومی جگە لە پێشکەشکردنی راوێژی دەروونی بێبەرامبەر هاوکات مانگانە دەرمان بەبێ بەرامبەر بەو نەخۆشانە دەدرێت کە لەوێ تۆمار کراون، ئەمەش جۆرێک بارسوکی بەخشیوە بە نەخۆشەکان، بەڵام هێشتا کەرتی تایبەت لە پلەی یەکەمدا دێت بۆ سەردانی کردنی نەخۆش، ساڵانە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٣٣٠،٠٠٠) نەخۆش سەردانی کلینیکە پزیشکیەکانی کەرتی تایبەت دەکەن، ئەمەش سێ ئەوەندی ئەو ژمارەیە کە ساڵانە سەردانی کەرتی گشتی دەکەن، گرفتەکانی کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی گشتی سێ گرفتی سەرەکین کە زۆرترین گلەیی نەخۆش و یاوەرانی نەخۆشی لەسەرە، ئەوانیش یەکەم پشت بەستن بە دەرمان و نووسینی بڕێکی زۆر دەرمان لەلایەن پزیشکانەوە کە تێچویەکی زۆر لەسەر نەخۆش دەکەوێ، دوەم نە گونجاوی بینا و شوێنی کلینیکەکان، سێەم گرانی نرخی دەرمان، ئەم سێ خاڵە گرفتی سەرەکی کەرتی تابەتن و تا ئێستا چارەسەر نەکراون و پێویستی بەوە هەیە وەزارەتی تەندروستی مەرجی زیاتر بسەپێنێت بەسەر کەرتی تایبەتدا تا ئاسانکاری زیاتر بۆ نەخۆشەکان بکرێت، بە تێروانین لەوەی کەرتی تایبەت پێشکەشی دەکات و بە دەستی دەهێنێت دەردەکەوێت ئامانجی سەرەکی کەرتی تایبەتی پزیشکی دەروونی قازانجە.

لە پاڵ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا کەرتێکی دیکە بێ هیچ تێچوو رسوماتێک رۆڵی هەیە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بەوکەسانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە، ئەم کەرتە چاوی لە قازانج نییە و لە بنەڕەتدا قازانج نەویستە، خزمەتگوزاریەکانی ١٠٠٪ بێبەرامبەرن، بەڵام بە توانایەکی زۆر سنوردارەوە، دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە دیارترین ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە زیاتر لە (٢٠) ساڵە لەم بوارە کار دەکات، دەزگای ژیان هەوڵیداوە رەچاوی بنەماو ستانداردە نێودەوڵەتیەکان بکات لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە نەخۆشانی دەروونی، بۆیە زیاتر هەوڵدەدات لە رێی راوێژی دەروونییەوە چارەسەریان بکات، بەڵام ئەگەر پێویست بکات ئەوا پزیشکی خۆشبەخش لە دەزگاکە هەیە و دەرمان بۆ نەخۆش دەنووسن و دەرمانەکەش بێ بەرامبەر دەدەن بە نەخۆش، دەزگای ژیان لە ماوەی (٢٠) ساڵی رابردوودا وەک خۆیان ئاماژەی پێ دەکەن زیاتر لە (١٠٠،٠٠٠) نەخۆشیان چارەسەر کردووە، لە ئێستاشدا سەرەڕای کەمبونەوەی پشتیوانییە نێودەوڵەتیەکان کە سەرچاوەی سەرەکی پشتیوانیی دەزگاکەیە ساڵانە نزیکەی (٣٠٠٠) نەخۆش دەبینن و خزمەتگوزاریان پێشکەش دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان بەلای کەمەوە زیاتر لە (٤٣٠،٠٠٠) کەس بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان سەردانی ناوەندەکانی چارەسەر کردن دەکەن کە بەسەر کەرتەکانی گشتی و تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا دابەش دەبن، زۆرترین ژمارە سەردانی کەرتی تایبەت دەکەن کە تێچویەکی زۆری هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی کۆمەڵگا ئاساییەکان واتا ئەوانەی لە جەنگ و کێشەی داراییەوە دوورن بەلای کەمەوە ٥.١٢٪ یان گرفتی دەروونیان هەیە، هەر بە پێی بنەماکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەو کۆمەڵگایانەی سەقامگیریان کەمە، کە جەنگیان تیدایە یان نزیکن لە جەنگەوەو بە قۆناغی قورسی ژیاندا تێپەڕیون و

قەیرانی داراییان هەیە بەلای کەمەوە ١٥- ٢٠٪ یان گرفتی دەروونیان هەیە، هەرێمی کوردستان ئەچێتە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە جەنگەوە نزیکە و بە قۆناغی قورسی ژیاندا تێپەڕیوەو قەیرانی دارایی هەیە و کۆمەڵگایەکی سەقامگیر نییە، بەم پێیەش ئەگەر کەمترین ڕێژەی ئەو کۆمەڵگایانەی بەسەردا جێبەجێ بێت ئەوا بە لای کەمەوە ١٥٪ کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان گرفتی دەرونیان هەیە کە ئەمەش دەکاتە (٩٥٥،٠٠٠) کەس لە کۆی (٦،٣٧٠،٠٠٠) کەس لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی دواین ئاماری سەرژمێری ساڵی ٢٠٢٤، بەڵام نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە سەردانی ناوەندەکانی چارەسەرکردن دەکەن و ئەوەکانی دیکە خۆیان وەک گرفتاری دەروونی نەناساندوە.

## بەراوردکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان بە بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە لایەن بۆردی تەندروستی ڕێکخراوی ئارانەوە

بەراوردکردنی ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ بنەما و ستانداردە جیهانییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی نیشانەی بوونی بۆشاییەکی گەورە و مەترسیدارە لە نێوان واقیعی هەرێمی کوردستان و ئەو ئامانجانەی کە جیهان بۆ تەندروستی دەروونی دایناوە، لە خوارەوە بە چەند خاڵێک ئەم بەراوردکارییە دەکرێت:-

**یەکەم:-** لە ڕووی بنەمای دەستڕاگەیشتنی گشتگیری تەندروستی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی جەخت دەکاتەوە کە نابێت وەرگرتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ببێتە هۆی کارەساتی دارایی یان هەژارکەوتنی نەخۆش، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، نەخۆشانی دەروونی لە هەرێم ناچارن مانگانە بڕێکی زۆر پارە بۆ نموونە (١٧٠) هەزار دینار تەنها بۆ دەرمان خەرج بکەن، ئەمە ڕێک پێچەوانەی بنەماکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییە، چونکە سیستەمەکە نەخۆشی خستووەتە نێوان دوو بژاردەی تاڵ، یان دەستبەرداربوون لە چارەسەر یان ڕووبەڕوبونەوەی هەژارییەکی سەخت، ئەمەش پێشێلکردنی مافی مرۆڤە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری شایستە و بێبەرامبەر.

**دووەم:-** سەبارەت بە مۆدێلی چارەسەری گشتگیر، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ستراتیژییە نوێیەکانی تەندروستی دەروونی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت دەرمان تەنها بەشێکی بچووک بێت لە پرۆسەی چارەسەر، و پێویستە جەختی سەرەکی لەسەر راوێژی دەروونی بێت، وەک چارەسەری ڕەفتاری و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی، بەڵام ڕاپۆرتەکە دەری دەخات کە کلینیکەکانی هەرێم بوونەتە شوێنێک تەنها بۆ نووسینی دەرمان، ئەمەش نەک هەر تێچووی دارایی زیاد دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆشەکان فێری پشتبەخۆبەستن نەبن و تەنها لەڕێی کیمیاوییەوە کۆنترۆڵی دۆخەکەیان بکەن، کە ئەمە لادانە لە ستاندارده زانستییە جیهانییەکان .

**سێیەم:-** لە ڕووی ژینگەی چارەسەر و کەرامەتی نەخۆش، ستانداردەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ نەخۆشخانە و کلینیکە دەروونییەکان (Quality Rights Tool Kit) داوا دەکەن کە ژینگەی چارەسەر دەبێت ئارام بێت، ڕووناکی سروشتی و هەوای پاکی هەبێت و تایبەتمەندی و نهێنی نەخۆشی تێدا بپارێزرێت، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کلینیکەکانی هەرێم قەرەباڵغ و ژاوەژاویان تێدایە و

هاوشێوەی کلینیکە ئاساییەکانن، ئەم جۆرە ژینگەیە نەک هەر یارمەتیدەر نییە، بەڵکو فشار و شەرمەزاری کۆمەڵایەتی لای نەخۆش زیاد دەکات، کە ئەمە دژ بە بنەماکانی پاراستنی کەرامەتی مرۆییە لە کەرتی تەندروستیدا.

**چوارەم:-** سەبارەت بە پێشبینی ڕێژەی تووشبوون و ئامادەیی سیستەمەکە، بەپێی پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ناوچەکانی دوای جەنگ و قەیران، دەبێت حکومەتەکان بودجەی تایبەت و هێزی مرۆیی زۆر بۆ تەندروستی دەروونی تەرخان بکەن چونکە ڕێژەی پێویستی بە چارەسەر دەگاتە ١٥-٢٠٪. ڕاپۆرتەکە دەری دەخات کە هەرێم خاوەنی نزیکەی یەک ملیۆن کەسی خاوەن گرفتی دەروونییە، بەڵام تەنها (٤٦) ناوەندی تایبەت لە کەرتی تایبەتدا هەن و کەرتی گشتیش زۆر لاوازە، ئەم ناتەباییە لە نێوان پێداویستی و خزمەتگوزاری نیشانەی ئەوەیە کە حکومەت تەندروستی دەروونی وەک ئەولەویەت نابینێت، کە ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵات لە داهاتوودا.

سیستەمی تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لە جیاتی ئەوەی پەناگەیەک بێت بۆ لاوازترین توێژی کۆمەڵگە، بووەتە بازاڕێکی بێبەزەیی کە تێیدا نەخۆش وەک کڕیارێک دەبینرێت و کەرامەت و مافە بنەڕەتییەکانی لەپێناو قازانجی دەرمانخانە و کلینیکەکان فەرامۆش کراون.

## دۆخی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دیموکراسی تەندروستیەوە

دیموکراسی تەندروستی پشت بە بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک، شەفافیەت و یەکسانی لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری و پەیوەندیەکی بەرپرسیارانە لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگا دەبەستێت، لەم ڕووەوە، لە هەرێمی کوردستان هەوڵێک هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە ڕێگەی کەرتەکانی گشتی و تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام بەشداری ڕاستەوخۆی نەخۆش و هاوڵاتیان لە دیزاینی سیاسەتی تەندروستی و چاودێری کردنی خزمەتگوزارییەکان هێشتا سنووردارە، هەروەها جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لەنێوان توانای دارایی خەڵک و دەستگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی، کە ئەمە پێچەوانەی بنەمای یەکسانییە لە دیموکراسی تەندروستیدا.

لە لایەکی دیکەوە، زیادبوونی گرنگیدان بە کەرتی تایبەت بەبێ کۆنترۆڵی بەهێزی حکومەت و نەبوونی سیستەمێکی شەفاف بۆ نرخ و کوالیتی خزمەتگوزاری، کاریگەری لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی و شەفافیەت هەیە، بە هەمان شێوە کەمی میکانیزمی گوێگرتن لە دەنگی نەخۆش و کۆمەڵگا لە هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییەکان، دیموکراسی تەندروستی لە ئاستی جێبەجێکردن بە شێوەیەکی زۆر کەم کردۆتەوە.

به گشتی دەتوانرێت بوترێت کە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هەندێک بنەمای دیموکراسی تەندروستی تێدایە، بە تایبەتی لە بوونی جۆرەکانی خزمەتگوزاری، بەڵام لە ڕووی یەکسانی و شەفافیەت و بەشداری کۆمەڵگا و کۆنترۆڵی گشتییەوە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایە و پێویستی بە پەرەپێدان و چاکسازیی بنەڕەتی هەیە.

# تەوەرەی حەوتەم:
# ڕێکخـــراوی ئـــاران و پــڕۆژە چاکسازییـەکانی

پرۆژەکانی ڕێکخراوی ئاران لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی و بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی و پەرلەمانتاران و سەندیکا پزیشکی و تەندروستیەکان و پسپۆرانی بواری تەندروستی، بۆ گۆڕانکاری ستراتیژی لە بەڕێوەبردنی سیستەمی تەندروستی هەرێمی کوردستان.

## یەکەم: پرۆژەی ڕێکخستنەوەی خزمەتی تەندروستی - هەوڵدان بۆ لێك جیاکردنەوەی کەرتی گشتی و تایبەتی تەندروستی.

لە چوارچێوەی پرۆژەی دیموکراسی تەندروستی و بە پشتیوانی سندوق نیشتمانی بۆ دیموکراسی، لەپێناو جیاکردنەوەی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتی تەندروستی لە یەکتر، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانە و بەرپرسی بەشەکانی تەندروستی سلێمانی کە بریتی بوون لە بەرێزان:-

- پەرلەمانتار د. فاتیح سەنگاوی.
- پەرلەمانتار د. ئومێد عەلی.
- هاوژین عوسمان، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی وجێگری بەرێوەبەری نەخۆشخانەی شۆڕش.
- د. سۆران عومەر حەمە، یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی.
- د. کۆیان زاهیر، بەرێوەبەری نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد رەشیدی منداڵان.
- د. ژوان شەریف، لێپرسراوی بەشی پشکنینی کەرتی تایبەت لە تەندروستی سلێمانی.
- د. ڤیان سەعدی شێخانی، سەرۆکی بەشی ژنان و منداڵبوون لە نەخۆشخانەی گشتی شۆڕش .

ڕۆژی 2025/08/19 لە هۆتێل تایتانیك لە شاری سلێمانی، ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی، گفتوگۆیەکی تایبەتی ڕێکخست.

ئامادەبوان گفتوگۆیان لەسەر چەند ڕێگایەك کرد بۆ جیاکردنەوەی هەردوو کەرتەکە لە یەکتر، کە ئێستا بەهۆی تێکەڵبونی هەردوو کەرتەکە، زیانی زۆر بە کەرتی گشتی و بەرژەوەندی هاووڵاتیان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە هاووڵاتیان گەیشتوە، ئامادەبووان، سەرنجی خۆیان لەبارەی پرۆژە بیرۆکەیەك خستە ڕوو، کە ڕێکخراوی ئاران ئامادەی کردبوو، لە کۆتاییدا پرۆژەکە بە چەندین ڕاسپاردەی ئامادەبووان دەوڵەمەند کرا و دوای چەند گفتوگۆیەکی دیکە دەکرێت بە پێشنیازە یاسایەك و پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت.

## پرۆژەی ڕێکخستنەوەی خزمەتی تەندروستی لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی نیشتمانی و پێداویستی گشتی.

## (لە کاتی قەیراندا، مافی گشتی بۆ تەندروستی لەپێش مافی تاکە کەسییەوەیە)

### 1 - سیستەمی کارکردنی نیوە بە نیوە یان نۆ مانگ بە سێ مانگ

**پێشەکی:-**

بەرپرسیارێتی نیشتمانی بەرامبەر خوێندنی بێبەرامبەر بۆ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی
دەوڵەت وەک بەرپرسیاری یەکەم، بڕێکی زۆر تێچوو لە بودجەی گشتی خەرج دەکات بۆ خوێندنی پزیشکێک یان کارمەندێکی تەندروستی لە ماوەی ساڵانی خوێندن و ساڵانی وەرگرتنی پسپۆڕی، ئەمە

وەبەرهێنانێکی گشتییە لە تاکێکدا لەبەرامبەردا ئەو پزیشکە یان ئەو کارمەندە تەندروستیە ئەرکی نیشتمانی دەکەوێتە سەر کە ئەو وەبەرهێنانە بە خزمەتکردنی کەرتی گشتی بگەڕێنێتەوە.
ئەم خاڵە دەبێتە پاساوی سەرەکی بۆ پاسای ناچارکردن، پیرۆکەکە هەرچەن ناچار کردنە بەڵام زۆر لێکردن نییە، بەڵکو داوای گەڕاندنەوەی ئەو مافە گشتییە دەکات کە لە خوێندندا خەرج کراوە ئەمە وا دەکات کەمتر وەک زوڵم و زیاتر وەک جێبەجێکردنی (گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی) دەربکەوێت.

**ناوەرۆکی پیرۆکەکە:-**

**یەکەم: خزمەتی ناچاریی بنەڕەتی (قۆناغی ئەرکی نیشتمانی) بۆ پزیشکان**

- ماوەی پێنج ساڵی یەکەمی دوای دەرچوون کە قۆناغی نیشتەجێی خولاو و دێرین و ساڵانی سەرەتای پسپۆڕی دەگرێتەوە.
- لەم پێنج ساڵەدا، هەموو پزیشکێک (بێ گوێدانە جۆری پسپۆڕی) ناچارە بە شێوەی 100% تەنها لە کەرتی گشتی کار بکات. (لە ئێستادا سێ ساڵە)
- پاساو: ئەمە ئەو ماوەیەیە کە پزیشکەکە قەرزەکەی بەرامبەر کۆمەڵگا دەداتەوە بۆ خوێندنە بێبەرامبەرەکەی، ئەمە قۆناغی بنیاتنانی ئەزموون و پتەوکردنی کەرتی گشتییە بە خوێنی تازە.

**دووەم :: جیاکردنەوەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە یەکتر**

- سیستەمی خولی کارکردنی نیوە بە نیوە (شەش مانگ بە شەش مانگ) یان نۆ مانگ بە سێ مانگ، دوای پێنج ساڵ خزمەت بۆ پزیشکان نۆ مانگ تەنیا لە کەرتی گشتی و سێ مانگ لە کەرتی تایبەت.
ئەم قۆناغە بۆ پزیشکانی خاوەن ئەزموونە (سەرو پێنج ساڵ خزمەت) هۆکارێکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت لە یەکتر.
دابەشکردنی پزیشکانی خاوەن ئەزموون:-
هەموو پزیشکێک کە پێنج ساڵ خزمەتی تەواو کردووە، لە هەر پسپۆڕییەکدا، دەکرێن بە دوو گرووپی یەکسانەوە گرووپی(A) و گرووپی.(B)
سیستەمی خولی نیوە بە نیوە (شەش مانگ بە شەش مانگ) یان نۆ مانگ بە سێ مانگ بۆکارمەندانی تەندروستی (نۆ مانگ تەنیا لە کەرتی گشتی و سێ مانگ لە کەرتی تایبەت):-
تەواوی پسپۆڕیە جیاوازەکانی کارمەندانی تەندروستی بکرێن بە دوو گرووپەوەو هاوشێوەی پزیشکان بەسەر هەردوو کەرتەکەدا دابەشبکرێن و کارکردن لە کەرتی گشتی ناچاری بێت و لە کەرتی تایبەت ئارەزوو مەندانە .

**چۆنییەتی کارکردنی سیستەمەکە ئەگەر شەش مانگ بە شەش مانگ بوو:-**

**شەش مانگی یەکەمی ساڵ (1/1 تا 6/30):-**

گرووپی(A) : ناچارن تەنها لە کەرتی گشتی کار بکەن، لەم ماوەیەدا مووچەی حکومیی خۆیان وەردەگرن. بۆیان نییە لە هیچ دامەزراوەیەکی تایبەت کار بکەن.
گرووپی(B) : تەنها لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، لەم ماوەیەدا مووچەی حکومییان ڕادەگیرێت.

**شەش مانگی دووەمی ساڵ (7/1 تا 12/31)**

سیستەمەکە پێچەوانە دەبێتەوە.
گرووپی(B) :دەگەڕێنەوە بۆکەرتی گشتی و مووچەی حکومییان بۆ دەبەسترێتەوە.
گرووپی(A) :دەچنە کەرتی تایبەت و مووچەی حکومییان ڕادەگیرێت.

**ئەگەر نۆ مانگ بە سێ مانگ بوو :**

نۆ مانگی یەکەمی ساڵ گرووپێک لە کەرتی گشتی بن و سێ مانگی کۆتایی لە کەرتی تایبەت، یان هەر جۆرە ڕێکخستنێک کە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی بگونجێت .

چونە کەرتی تایبەت ئارەزوو مەندانە بێت، واتا ئەگەر پزیشکێک یان کارمەندێکی تەندروستی نەیویست بچێتە کەرتی تایبەت ئەوا دەتوانێت هەر لە کەرتی گشتی بەردەوام بێت، بەڵام شەش مانگی مانەوە لە کەرتی گشتی ناچاری بێت.

## خاڵە بەهێزەکانی سیستەمی خولی کارکردنی نیوە بە نیوە

1. گرەنتی جیاکردنەوەی هەردوو کەرتەکە لە یەک:- لەم سیستەمەدا پزیشک و کارمەندی تەندروستی بۆ ماوەیەکی درێژ لە یەک کەرتدا کار دەکەن، بە تایبەت کەرتی گشتی، بواری ناردنی نەخۆش لە کەرتی گشتیەوە بۆ تایبەت نامێنێ، بەمەش پێکدادانی بەرژەوەندی نامێنێت.
2. ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تازە دەرچوان:- کاتێک تەنیا نزیکەی نیوەی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە یەک کاتدا موچە وەر دەگرن، حکومەت دەتوانێت بە ئاسانی موچەی تازە دەرچوانی بواری پزیشکی و تەندروستی دابین بکات و دایان بمەزرێنێت.
3. دادپەروەریی تەواو:- هەموو پزیشکێکی خاوەن ئەزموون وکارمەندێکی تەندروستی هەمان دەرفەت و هەمان ئەرکی دەبێت، هیچ کەس هەست بە غەدر ناکات کە بۆچی ئەو لە حکومەتە و هاوکارەکەی لە کەرتی تایبەتە.
4. پاراستنی کەرتی گشتی:- حکومەت بەردەوام و لە هەموو کاتێکدا نیوەی پزیشکە خاوەن ئەزموونەکانی لەبەردەستدایە، ئەمە مانای ئەوەیە نەخۆشخانە گشتییەکان هەرگیز لە پسپۆڕی باڵا بەتاڵ نابنەوە.
5. کەمکردنەوەی باری دارایی حکومەت:- حکومەت لە هەر ساتێکدا تەنها مووچەی نیوەی پزیشکە خاوەن ئەزموونەکان دەدات (لەگەڵ هەموو پزیشکانی ژێر پێنج ساڵ خزمەت)، ئەمەش بڕێکی باش لە بودجە دەگەڕێنێتەوە.
6. پێدانی دەرفەتی داهاتی زیاتر بە پزیشک:- پزیشکەکان دەرفەتی ئەوەیان دەبێت کە بۆ ماوەی شەش مانگ یان سێ مانگ لە کەرتی تایبەت داهاتێکی باشتر بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەمەش پاڵنەریان بۆ مانەوە لە وڵات زیاد دەکات و نارەزاییەتییەکان کەم دەکاتەوە.
7. چارەسەری کێشەی کۆچی ئەقڵ:- لەبەر ئەوەی پزیشکەکە دەزانێت دوای پێنج ساڵ دەرفەتی کارکردنی باشی لە کەرتی تایبەتدا دەبێت، کەمتر بیر لە جێهێشتنی وڵات دەکاتەوە.

## 2 - ڕێکخستنەوەی کەرتی تایبەت و هاندەرە ناداراییەکان

1. باجی خزمەتی گشتی:- ئەو پزیشکانەی کە دەچنە کەرتی تایبەت، باجێکی تایبەتیان دەخرێتە سەر بە ناوی (باجی بەشداریکردن لە خزمەتی گشتی) داهاتی ئەم باجە دەچێتەوە بۆ سندوقی پشتیوانیی کەرتی گشتی
2. هاندەری نادارایی بۆ پزیشکانی کەرتی گشتی:-

- پێشینەیی لە خوێندنی باڵا:- هەر پزیشکێک لە کەرتی گشتیدا بمێنێتەوە، مافی یەکەمی ببێت لە وەرگرتنی کورسی خوێندنی بۆرد و پسپۆڕی ورد لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، لە ناوخۆی وڵات لە زانکۆ حکومییەکان بێ بەرامبەر بێت.
- بەڵێنی داهاتوو:- بەڵێنێکی یاسایی کە دوای پێنج ساڵ خزمەت، مافی ئەوەیان دەبێت بچنە کەرتی تایبەت ئەگەر بیانەوێت.

**مەبەست لە کەرتی تایبەت کارکردنی پزیشک و کارمەندی تەندروستیە لە:-**
کلینیکی تایبەت، نەخۆشخانەی تایبەت، دەرمانخانە، نۆرینگە، تاقیگە و هەموو بەشەکانی تری کەرتی تایبەت.

**چۆنێتی بە یاسا کردنی ئەم پرۆژەیە**
-هەموار کردنەوەی یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2000 هەموار کراو. (یاسای پلەبەندی پزیشکی و تەندروستی)
-دەرکردنی یاسایەکی نوێی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.
یاسای پلەبەندی پزیشکی و تەندروستی (یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2000) چییە؟
ئەم یاسایە، کە ناوی فەرمی بریتییە لە (یاسای پلەبەندی پسپۆڕانی پزیشکی و تەندروستی) (قانون تدرج ذوي المهن الطبية والصحية): لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت .
یاسایەکی سەرەکییە لە عێراقدا بۆ ڕێکخستنی دامەزراندن و خزمەتی ناچاریی دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی و کارمەندانی زانستە تەندروستییەکان لە کەرتی گشتی.
**ئامانجی سەرەکی یاساکە:-**
دڵنیابوونەوە لەوەی کە دەرچووانی نوێی بواری پزیشکی و تەندروستی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خزمەت لە دامەزراوە تەندروستییەکانی حکومەتدا دەکەن، بەتایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکان، بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی کارمەندی پزیشکی لە سەرتاسەری وڵاتدا.
بەپێی دوایین هەمواری یاساکە کە ساڵی 2019 کراوە لە ئێستادا پزیشکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ماوەی خزمەتی ناچارییان سێ ساڵە.
هەموارکردنەوەکان:

- یەکەم (2007):- گونجاندن لەگەڵ دۆخی دوای 2003
- دووەم (2015):- هاندان بۆ خزمەت لە ناوچە دوورەدەستەکان.
- سێیەم (2019):- چارەسەرکردنی کێشەی دانەمەزراندن و ڕێگەدان بە کارکردن لە کەرتی تایبەت.

**کۆسپەکانی بەردەم بە یاسا کردی ئەم پرۆژەیە:-**
**یەکەم: کۆسپی یاسایی:-**
یاسای خزمەتی شارستانی:- ئەم پرۆژەیە دژ بەیەکی زۆری تێدایە لەگەڵ یاسای خزمەتی شارستانی عێراقی (یاسای ژمارە 24ی ساڵی 1976ی هەموار کراو) کە ئەرک و مافی فەرمانبەری دیاری کردووە، لە گرگترین خاڵە ناکۆکەکان:-

- ڕاگرتنی مووچەی فەرمانبەری هەمیشەیی:- بەپێی یاسا، فەرمانبەر مافی وەرگرتنی مووچەی هەیە تاوەکو لەسەر میلاکی هەمیشەیی بێت و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات.
- ناچارکردنی فەرمانبەر بە کارنەکردن: یاسای خزمەتی شارستانی مافی کارکردنی بە فەرمانبەر داوە، ناچارکردنی پزیشکێک کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە کەرتی گشتی کار نەکات، هەرچەندە بۆی هەیە لە کەرتی تایبەت کار بکات، دەکرێت وەک پێشێلکردنی مافی کارکردنی لە وەزیفە گشتییەکەیدا لێکبدرێتەوە.
- یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عیراق:- یاسای ژمارە 19ی ساڵی 2014 ی هەموار کراوە جەخت لەوە ئەکاتەوە کە فەرمانبەر دەبێت بە درێژایی ساڵانی خزمەتی لێبڕینی خانەنشینی بۆ بکرێت.
- بەپێی ئەم پرۆژەیە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە ماوەی ئەو شەش یان سێ مانگەدا لە ئەرکدا نین.

### دوەم: کۆسپی کارگێڕی:-

- گرفتی ئەو پزیشکانەی لە زانکۆ ئەهلیەکان خوێندن تەواو دەکەن و وا خۆیان دەبینن خزمەتی نیشتمانی نایانگرێتەوە چونکە لەسەر ئەرکی خۆیان خوێندویانە.
- نیگەرانی پزیشکان بە تایبەت پزیشکانی خاوەن ئەزمون کە وای دەبینن دژی بەرژەوەندی تایبەتیانە.
- دژایەتی کردن لە لایەن خاوەن نەخۆشخانە تایبەتەکانەوە کە زیان بە بەرژەوەندییان ئەگەیەنێت
- کەمیی ژمارەی هەندێک پسپۆری پزیشکیی لە کاتی دابەشکردنیان بەسەر دوو گروپدا گرفت دروست دەکات، بۆ نموونە لە شارە بچوکەکاندا هەندێک جار بۆ پسپۆریەک تەنیا یەک پزیشک هەیە.
- دروستکردنی گرفت لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە بە تایبەت بۆ لیستی موچە کە ڕەنگە تێ نەگەن لەم سیستەمە

### ڕێگەچارەی یاسایی و کارگێڕی:-

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت دەربکات بە ناوی یاسای ڕێکخستنی پیشەی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان یان یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2000ی عێراق هەموار کراو جارێکی تر هەموار بکاتەوە .

- حوکمی تایبەت دابنێت کە لەسەروو یاسا گشتییەکانەوە بێت (بنەمای یاسای تایبەت، یاسای گشتی سنووردار دەکات)
- بە شێوەیەکی ڕوون میکانیزمی خزمەتی ناچاری و سیستەمی خولی کارکردنی نیوە بە نیوە و ڕاگرتنی مووچە بە یاسایی بکات.
- چوارچێوەی یاسایی بۆ باجی خزمەتی گشتی و هاندەرەکان دابڕێژێت.
- لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لێکتێگەیەشتن بکات لە بارەی لیستی موچەو ڕاگرتنی موچە لە ماوەی شەش یان سێ مانگەکەدا.

نموونەی ئەم جۆرە یاسا تایبەتانە زۆرن، وەک یاسای خزمەتی زانکۆیی کە ماف و ئەرکی مامۆستایانی زانکۆ بە شێوەیەکی جیاواز لە فەرمانبەری ئاسایی ڕێکخستووە.

## دووەم: پرۆژەی ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی تایبەتی تەندروستی

## بیرۆکەی گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی کەرتی گشتی تەندروستی

### یەکەم کەرتی تایبەت::-

لە هەرێمی کوردستان کەرتی تایبەتی تەندروستی گەشەیەکی بێ پێشینەی کردووە، کە گەیشتۆتە ئاستێک کەمتر نییە لە وڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی دەوروبەر، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی قازانجێکی زۆریشی بۆ ئەوکەسانە هەیە کە خاوەنی دامەزراوەکانی ئەم کەرتەن، لەبەرامبەردا حکومەت تا ئێستاش لە قەیرانی دارایی گەورەدایەو لە چەندین لاوە فشاری ئابوری گەورەی لەسەرە، کە بێگومان کاریگەری لەسەر خزمەتگوزاریەکان بە گشتی و کەرتی تەندروستی بە تایبەتی هەبووە، ئەم بارودۆخەش وادەخوازێت کەرتی تایبەت جۆرێک لە بەرپرسیارێتی نیشتمانی هەڵبگرێت و هاوکار بێت کە لە کۆتاییدا هاووڵاتیان سودمەند دەبن و خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی دەکات، لە سۆنگەی بەرپرسیارێتی هەمە لایەنەوە پێشنیازی گۆڕینی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی تایبەتی تەندروستی دخەیەنە ڕوو، کە بگۆڕدرێت بۆ هەڵگرتنی بەشێک

له بەرپرسیارێتی کە خۆی لە پابەندی کۆمەڵایەتی نیشتمانی لەبەرامبەر ڕێگەپێدان دەبینێتەوە.**سیستەمی پابەندی کۆمەڵایەتی نیشتمانی لە بەرامبەر ڕێگەپێدان** (National Social Obligation in Exchange for Licensing) **( سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار)**

ئەم سیستەمە لە وڵاتانی ئەفریقای باشور و بەرازیل و هندستان کاری پێدەکرێت و لە تورکیاش بە هەندێک دەستکاریەوە جێبەجێ دەکرێت و لەهەموو ئەو وڵاتانەی سەرەوە بە یاسا و ڕێنمایی چەسپێندراوە و ریکخراوەو سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

وردەکاری سیستەمەکە:- بە پێی ئەم سیستەمە نەخۆشخانەو دامەزراوە جیاوازەکانی کەرتی تایبەتی تەندروستی بەرپرسیاریەتیەکیان دەکەوێتە ئەستۆ بە ناوی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نیشتمانی، بە مەرجی جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیاریەتیە مۆڵەتی کارکردنیان پێ دەدرێت و لە کاتی خۆ دزینەوە یان جێبەجێ نەکردن سزا دەدرێن تا دەگاتە وەرگرتنەوەی مۆڵەت.

**وردەکاری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نیشتنمانی بۆ هەرێمی کوردستان:-** بریتییە لە تەرخان کردنی ڕێژەیەک لە خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تایبەتی لە نێوان ٪٥ بۆ ٪١٥ (بەنموونە) لە کۆی خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تایبەت بە بێ بەرامبەر بۆ هاووڵاتیان لە ژێرچاودێری وەزارەتی تەندروستیدا، بە تایبەت بۆ هاووڵاتیانی کەم درامەت، ئەم خزمەتگوزاریە وەک بەرپرسیاریەتیەکی کۆمەڵایەتی نیشتمانی دەکەوێتە سەر دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی تایبەت کە وەزارەتی تەندروستی سەرپەرشتی دەکات و ئەو کەیسانەی لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی توانای چارەسەرکردنیان نییە، یان بە هۆی دوری نۆرە گرتنەوە کاتێکی زۆریان دەوێت بەڵام لە هەممان کاتدا زەرورن بۆ چارەسەرکردن و نەخۆشەکە کەم درامەتە، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی حکومیەوە ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت دەکرێن و لە چوارچێوەی باڵانسی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نیشتمانی بێ بەرامبەر چارەسەریان بۆ دەکرێت بەپێی بارودۆخی کەیسەکەو تایبەت مەندی نەخۆشخانەکەی کەرتی تایبەت .

### بنەماکانی ڕەوایەتی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستان:-

بە پێی فەلسەفەی گرنگیی بوونی کەرتی تایبەت، پێویستە هاوکاربێت لە پێشخستنی وڵات و گەیاندنی سود بە هاوڵاتیان، نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی گشتی سود لەو پزیشکانە دەبینن کە لە زانکۆ حکومییەکان خوێندویانە و حکومەت مەسرەفێکی زۆری لەسەر بودجەی گشتی کردووە تا پێگەیشتوون، دواتر نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت سود لە توانای ئەو پزیشکانە دەبینن، کە لەسەر ئەرکی حکومەت هەموو قۆناغەکانی پسپۆریان بڕیوە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە ئەو دامەزراوانە هاوکار بن لە سوککردنی ئەرکی سەرشانی حکومەت و سود گەیاندن بە هاووڵاتیان و بەرژەوەندی گشتی، هاوکات ئەو دامەزراوانە زەوی وڵات بە کار دەهێنن و ڕۆڵیان هەیە لە پیسکردنی ژینگە و زیادبوونی قەرەباڵغی، لە بەرامبەریشدا قازانجێکی زۆر دەکەن، بۆیە جێی خۆیەتی کە بەشێک لەبەرپرسیارێتی هەڵبگرن، کە دەکرێت ناچار بکرێن ئەم سیستەمە جێ بەجێ بکەن و بەمەرجی جێبەجێکردن مۆڵەتیان پێبدرێت یان نوێبکرێتەوە، لە کاتی سەرپێچیشدا بە پێی یاسا سزا بدرێن، جێبەجێکردنی سیستەمەکە دژی هیچ یاسایەکی هەرێمی کوردستان و عێراق نییەو کۆکە لەگەڵ دەستوری هەمیشەیی عێراقدا .

## گرنگی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستان:-

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، هەرێمی کوردستان لە ژێر فشارێکی ئابوری قورسدایە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر تواناکانی حکومەت، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر رەوتی خزمەتگوزاریەکان بە گشتی و کەرتی تەندروستی بە تایبەتی هەبووە، جگە لەمەش لە هەرێمی کوردستان رێژەی هەژاریی نزم نییەو تەنیا لە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی زیاتر لە (٢٥٠،٠٠٠) کەس وەک کەم درامەت تۆمارکراون، بە سەدان هەزار کەس موچەیان نزمە و لە وژمارەیە زیاتریش بێ داهاتن، هەموو ئەمانە توانای چارەسەرکردنیان لە کەرتی تایبەت نییە، فشارێکی زۆریش لەسەر کەرتی گشتی هەیە، ئەمەش وا دەخوازێت هەموو لایەک بەشداربن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و کەمکردنەوەی فشارەکان لە پێناو تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە کە لەکۆتاییدا هەمووان لێی سودمەند دەبن بە تایبەت چینی کەم درامەت، لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی کەرتی تایبەتی تەندروستی قازانج ویست هەن، کە ئەگەر بێت و هەر یەکەو بە رێژەیەک بەشدار بن لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نیشتمانی ئەوا لە کۆتاییدا سودێکی یەکجار زۆر بە کەرتی گشتی دەگات و فشارەکانی سەری کەمدەبنەوەو خەڵکانی کەم درامەت سودێکی زۆر دەبینن، کە ئەمەش زیادبوونی ئینتمای نیشتمانی خەڵکی لێدەکەوێتەوە .

### کێ سودمەنی ئەم سیستەمە دەبێت و چۆن ئاراستەی سیستەمەکە دەکرێن؟:-

بە شێوەیەکی گشتی خەڵکانی کەم درامەت کە بەپێی پێوەرەکانی حکومەت دەچنە ناو خانەی کەم درامەتانەوە، کە زیاتر سودمەندبوانی چاودێری کۆمەڵایەتی و ئەوانەی موچەیان کەمە و ئەوانەی هیچ داهاتێکیان نییە، هەروەها دانیشتوانی سنوری کارگێری هەرێمی کوردستانن سودمەند دەبن، لیژنەیەکی پسپۆری حکومی کە دەگاتە ئەو بڕوایەی کەیسەکە مەرجەکانی سەرەوەی تێدایە و لە کەرتی گشتی توانای چارەسەرکردن و ئەنجامدانی کاری پێویست نییە، یان کەیسەکە بە پەلەیە و نۆرەی بەرکەوتن دورە رەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتی دەکات .

## رێژەی بەشداریی کۆمەڵایەتی نیشتمانی چەندە و خزمەتگوزاریەکانی چین؟:-

وردەکاری زۆر لەو روەوە هەیە، لە هەر وولاتێک و بە پێی سروشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری جیاوازە، بەڵام هەمووی لەوەدا یەکە کە رێژەیەکی دیاری کراو لە نێوان ٥٪ بۆ ١٥٪ بێ بەرامبەر بێت، رەنگە لەهەمووی گونجاوتر مۆدێلی وڵاتی هەندستان بێت لە ناو رێژەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نیشتمانی تەواوی چارەسەرکردنی نەخۆشێک بێبەرامبەرە نەک داشکاندنی رێژەی ٥٪ یان ١٥٪، چونکە لە حاڵی داشکاندندا نەخۆشەکە دەبیت بەشێکی زۆرلە تێچوی کارەکە بدات کە ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ باری دارایی خەڵکانی کەم درامەت، بۆیە بابەتی وردەکاریی جۆری خزمەتگوزاریەکە باشترە لە کۆنفراسدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و چەندین راسپاردە بخرێنە روو دواتر باشترینیان هەڵبژێردرێن.

## چۆنێتی دڵنیابونەوە لە پابەندبوونی دامەزروەکانی کەرتی تایبەتی تەندروستی:-

بۆ دڵنیابونەوە لە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە وەک خۆی، سیستەمێکی دیجیتاڵی پێویستە کە لەرێگایەوە ژمارەوجۆری خزمەتگوزاریە پیشکەشکراوەکانی دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتی تەندروستی بە وردی تیایدا تۆماربکرێت و رەچاوی تایبەتمەندی کەسێتی بکرێت بگات بە وەزارەت بۆ ئەوەی دەربکەوێت هەر دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت چەند کار دەکات و لەسەر بنەمای ئەوە پشکی هەر

دامەزراوەیەک دیاری بکرێت، هەروەها ڕێکارێکی کارگێڕی دیاری بکرێت کە ئەوە بسەلمێنێت دامەزراوەکەی کەرتی تایبەت پابەندی خۆی جێبەجێ کردووە .

### گرنگی بەشداریی وەزارەتی تەندروستی لە کۆنفراسی تاوتوێکردنی ئەم ستراتیژیە و ڕۆڵی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم جۆرە پێشنیازانەدا:

گرنگی بەشداریی وەزارەتی تەندروستی:- وەزارەت لایەنی پەیوەندیداری سەرەکی و خاوەن بڕیاری کۆتایی و خاوەن تەواوی زانیاریەکان و دیاریکردنی کێشەکانە، بۆیە گرنگی بەشداریی وەزارەت زۆرە، نوێنەری وەزارەت ڕۆڵی گەورەی دەبێت لەوەی ڕاسپاردەکان واقعی بن و قابیلی جێبەجێکردن بن و لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستاندا گونجاوبن.

ڕۆڵی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی:- ئێمە وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی مافی ئەوەمان نییە ستراتیژیەت بۆ وەزارەتێکی وەک تەندروستی دیاری بکەین، بەڵام لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانی و چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری و ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هاوکاربێت لە دارشتنی سیستەمی گونجاو بۆ خزمەتی هاووڵاتیان بەم کارە هەڵدەسین و ئێمە تەنیا لایەنێکی بەشدارین لە پێشنیازکردنی ئەم ستراتیژیەتەدا .

### لایەن و کەسایەتیەکانی بەشدار :

ئەو لایەن و کەسایەتیانەی بەشداریی دەکەن لەم کۆنفراسەدا بریتین لە نوێنەری وەزارەتی تەندروستی، نوێنەری وەزارەتی پلاندان، پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرێوەبەرایەتیەکانی تەندروستی لە هەندێک لە قەزاکان، پسپۆرانی بواری بەرێوەبردنی کەرتی تەندروستی کە لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەکانن بە شێوەیەکی نیشتمانیانە، نوێنەری کۆلێژەکانی پزیشکی و تەندروستی، نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، سەندیکاکانی پزیشکی و تەندروستی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی .

### دووەم کەرتی گشتی :-

یەکێک لە کێشە دیارەکانی کەرتی گشتی بریتیە لە تێکوڵبوون لەگەڵ کەرتی تایبەتدا، کە لە زۆر شوێندا هەردوو کەرتەکە لەلایەن یەک جۆر کەسەوە بەرێوە دەبرێن، لە نموونەی ئەوەی کەسانێک لە هەیکەلی وەزارەتی تەندروستیدا پێگەی گرنگیان هەیە و بەشی هەستیار بەرێوەدەبەن لە هەمان کاتدا لە کەرتی تایبەتیشدا بەرژوەندی گەورەیان هەیە، کە ئەمەش بەریەک کەوتنی بەرژەوەندی بەرژەوەندی دروست کردووە، کە دیاردەیەکی خوازراو نییە لە زانستی کارگێڕیدا، هەروەها لە ڕوی خزمەتگوازریەوە یەکێک لە کێشە باوەکانی ناو نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی گرنگی پێدانی پزیشکانە بەکەرتی تایبەتی خۆیان زیاتر لە کەرتی گشتی، ئەمەش نیگەرانی زۆری خەڵکی لێکەوتۆتەوە، جگە لەمەش ئاڵۆزیەکی زۆر لە نێوان تایبەت مەندی سەندیکاکان و وەزارەتی تەندروستیدا هەیە، لە زۆر شوێن سەندیکاکان سنوری فەلسەفی وجودی خۆیان تێپەڕاندوە و خزاونەتە ناو تایبەت مەندی وەزارەتی تەندروستیەوە، بە تایبەت لە ڕوی پێدانی مۆڵەتەوە، کە فرەسەرچاوەیی پیدانی مۆڵەت بە کلینیک و دەرمانخانەو نۆرینگەو جۆرەکانی تر وای کردووە لێ پرسینەوە لاوازبێت یان ڕۆتینێکی زۆری تێبکەوێت بۆیە پرسی بیرکردنەوەو دەرچوونی ڕاسپاردە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو کەرتەکە لە یەکترو یەکخستنی سەرچاوەی پێدانی مۆڵەت بە دامەزراوەکان (باشترە تەنیا وەزارەت بەو کارە هەڵبسێت) تەوەرێکی دیکەی سەرەکی کۆنفراسەکە دەبێت.

ڕێکخراوی ئاران کاری بنکۆڵکاریی کردووە بۆ ئەوەی دەربکەوێت کە ئایا پرسی جیاکردنەوەی ئەم دوو کەرتە لە یەکتر تا چەند ڕێی تێدەچێت و زەمینەی بۆ رەخساوە، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە زەمینەی لە بار هەیە سەراپای هەردوو کەرتەکە لە یەکتر جیا بکرێنەوە، لە میانی کاری بنکۆڵکاریی ڕێکخراوی ئاران ژمارەیەکی یەکجار زۆر پزیشکی پسپۆری جیاواز خواستی خۆیان نیشانداوە دەست لە کەرتی تایبەت هەڵبگرن و خۆیان تەرخان بکەن بۆ کەرتی گشتی لەبەرامبەر بەدەل عیادەیەکی دیاری کراودا، لە هەممان کاتدا ژمارەیەک پزیشک خواستی خۆیان نیشانداوە دەست لە کەرتی گشتی هەڵبگرن و بە یەکجاری بڕۆنە کەرتی تایبەت، دەکرێت چەندین ڕاسپاردە لەم ڕووەوە لە کۆنفراسەکەدا بخرێنە ڕوو، کە گرنگترینیان ئەوەیە پزیشکانی دەستهەڵگرتوو لە کەرتی گشتی ببنە بەشداریی سندوقێکی تایبەت بە بەدەل عیادەی پزیشکانی تەرخان کراو بۆ کەرتی گشتی، کە ئەمە فشاری دارایی سەرشانی حکومەت کەم دەکاتەوە، ئەمەو چەندین تەوەری تر لەم ڕووەوە دەخرێنە بەر گفتوگۆ.

ڕێکخراوی ئاران پێشتر بە وردی رەشنوسی پرۆژە یاسای گۆڕینی یاسای وەزارەتی تەندروستی خوێندوەتەوەو پشتیوانی خۆی بۆ دەربڕیوە، دەکرێت ڕەشنوسەکە دەوڵەمەند تر بکرێت و ئامادە بکرێتەوە تا ئەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان دەکەوێتە کار.

## وەڵامی وەزارەتی تەندروستی:-

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان
بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة
المديرية العامة للتخطيط
مديرية التطوير المهني المستدام

ژمارە: ٣٧٢٤
ڕێکەوت: ١٩ / ٤ / ٢٠٢٦

No.:
Date: / 4 / 2026

حکومەتی هەرێمی کوردستان
دەرکرده

بۆ/ ڕێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی

بابەت/ کۆنفرانس

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٨) لە ڕێکەوتی(١٩/ ٤/ ٢٠٢٦) سەبارەت بە ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرانی پەرەپێدانی پیشەیی و پلانی ستراتیژی بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ڕێکخراوەکەتان لە ڕۆژی چوارشەممە (٢٩/ ٤/ ٢٠٢٦) لە شاری سلێمانی، کە شوێنی مانەوە لەلایەن ڕێکخراوەکەتانەوە دابین دەکرێت، بە بەڕێزتان ڕادەگەیەنین کە ئەم جۆرە چالاکیە بە باش دەزانین و لاریمان نیە. بۆیە ئەم دوو بەڕێزەی خواەوە بەشدار بن بۆ مەبەستی ئاماژە بۆکراو....لەگەڵ ڕێزدا.

١.د. سوزی احمد صالح
٢.د. باواجی کریم صالح

پسپۆڕی تەندروستی کۆمەڵ
پسپۆڕی کارگێڕی تەندروستی

لەجیاتی بەڕێوەبەری پلانی ستراتیژی
بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پیشەیی

د.سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی
١٩/٤/٢٠٢٦

وێنەیەک بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری تەندروستی/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان /ب.پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام/بەرایەکان/بەدواداچوون..... لەگەڵ ڕێزدا
- بەرێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا
- خولاو

هەرێمی کوردستان – هەولێر/ چوارپانی جاهید
تەلەفۆن : ٠٦٦٢٢٣٨٠١٤ - ٠٦٦٢٢٣٨٠١٥

https:www.gov.krd/moh/
contact@moh.gov.krd

Kurdistan Region – Erbil/ Jihad.Int.
Tel: 0662238014 - 0662238015

## سێیەم: کۆنفراسی داڕشتنەوەی ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

وەك بریار بوو رێکخراوەکەمان لە 29-04-2026 بە بەشداری نێردراوی وەزارەتی تەندروستی د. باواجی کەریم ساڵح، بەرێوەبەری پەرەپێدانی پیشەیی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی کۆنفراسی پێداچونەوە بە ستراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی تایبەتی تەندروستی کە بەجۆرێك سود بگەیەنێت بەخەڵکانی کەم درامەت و باری گرانی کەرتی گشتی کەم بکاتەوە .

بەشداربوان تاوتوێی چەند سیستەمێکیان کرد کە لە وڵاتانی دیکە کاری پێدەکرێت و سەرکەوتوو بوە، لەوانە سیستەمی بەشداری کۆمەڵایەتی نیشتمانی کە لەوڵاتانی بەرازیل و ئەفریقای باشور و تورکیا کاری پێ دەکرێت و سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار کە لە هندستان کاری پێدەکرێت، هەردوو سیستەمەکە لە هەر چوار وڵاتی ئاماژە پێدراو هاوبەشن لەوەی کەرتی تایبەت رێژەیەکی سەدی لە کۆی خزمەتگوزاریەکانی بخاتە خزمەت کەرتی گشتیەوە و وەزارەتی تەندروستی بتوانێت بەکاری بهێنێت بە هەممان نرخی خزمەتگوزاری هاوشێوە لە کەرتی گشتی، کە ئەمەش وا دەکات هاوتەریب لەگەڵ گەشەی کەرتی تایبەتی تەندروستی هاووڵاتیانی کەم درامەت زیاتر سودمەند بن .

دوای هەڵسەنگاندنی هەردوو سیستەمەکە لە هەر چوار وڵاتە ئاماژەپێدراوەکەی سەرەوە، دەرکەوت سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار بۆ هەرێمی کوردستان گونجاوترە، لەبەر ئەوەی ئەم سیستەمە هیچ بارگرانیەك ناخاتە سەر شانی حکومەت، هەروەها سیستەمەکە شوێنی باج ناگرێتەوەو پێویست ناکات لەبەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریە کە کەرتی تایبەت پێشکەشی دەکات بە هەممان نرخی کەرتی گشتی باجوپابەندیە داراییەکانیان کە بەسەریاندا سەپێندراوە لەسەر کەمبکرێتەوە، بەڵکو ئەمە دەبێتە یەکێك لەمەرجەکانی پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەت، لە هەممان کاتدا حکومەت دەتوانێت هاوکار بێت بە پێشکەشکردنی چەند جۆرێکی هاوکاری بە کەرتی تایبەتی تەندروستی لە پێناو بەردەوامیدان بە سیستەمەکە، وەك پێدانی زەوی بە بێ بەرامبەر یان بە نرخی رەمزی و داشکاندن لە کرێی کارەبا و ئاو، کە ئەمە بارگرانی لەسەر حکومەت دروست ناکات.

### وردەکاری سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار:-

بەپێی ئەم سیستەمە وەزارەتی تەندروستی یان لایەنی بەرپرس لە پێدانی مۆڵەت مەرجێك بۆ داوکاری مۆڵەت دائەنێت، کە رێژەیەکی سەدی لە نێوان 5% بۆ 15% لەکۆی خزمەتگوزاری کەرتی تایبەتی تەندروستی بەهەممان نرخی خزمەتگوزاری هاوشێوە لەکەرتی گشتی پێشکەش بەکەسانی کەم درامەت بکات، کە بەپێی پێوەرەکانی حکومەت کەم درامەتن، ئەم رێژە سەدیە واتای ئەوە نیە کە داشکاندن بۆ نرخی خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو بکرێت، بەڵکو بۆ نمونە ئەگەر نەخۆشخانەیەکی تایبەت لە ساڵێکدا (١٠٠) نەشتەرگەری ئەنجامدا، ئەوا لە هەممان ساڵدا (5 بۆ 15) نەشتەرگەری بەنرخی کەرتی گشتی بۆ کەسانی کەم درامەت ئەنجام بدات، کە لیژنەیەکی تایبەتمەندی پزیشکی حکومی دیاریان دەکەن .

## گرنگی ئەم سیستەمە بۆ هەرێمی کوردستان:-

هەرێمی کوردستان ساڵانێکە بە ئێستاشەوە لە قەیرانێکی دارایی قورسدایە، ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر خزمەتگوزاریەکانی کەرتی گشتی هەبوە، کە توانای حکومەتی سنوردار کردوە بۆ پاڵپشتی کردنی کەرتی گشتی، هاوکات کاریگەری هەبوە لەسەر باری دارایی هاووڵاتیان و خەڵکانێکی زۆر توانای چارەسەرکردنیان نیە لەکەرتی تایبەت و کەرتی گشتیش کەوتۆتە ژێر فشارێکی زۆرەوە، کەرتی تایبەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی کردوە، هاوکات کەرتێکی پڕ قازانجە، جگە لەمەش بە پێی بنەمای یاسای کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق و لە وڵاتانی جیهان، یەکێك لە ئاماناجەکانی دامەزراندنی کۆمپانیا گەیاندنی سودی دارایی ئابوریە بە وڵات، سەرجەم نەخۆشخانە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستانیش بەپێی یاسای کۆمپانیاکان دامەزراون، بۆیە ئێستا کاتێکی گونجاوە کەرتی تایبەت وەك گەیاندنی سودی دارایی و ئابوری بەخەڵك بەشداریی بکات لە سوککردنی باری گرانی سەرشانی کەرتی گشتی.

## چۆنێتی جێبەجێکردنی سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار لە هەرێمی کوردستان:-

جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستان دابەشی سەر چوار قوناغ بکرێت کە رەنگە قۆناغەکانی دوەم تا چوارەم پێویستی بە هەمواری یاسای وەزارەتی تەندروستی یان پەسەندکردنی رەشنوسی یاسای وەزارەتی تەندروستی هەبێت، بەو پێیەی سەرچاوەی پێدانی تەواوی مۆڵەتەکان یەکبخرێت و بخرێتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستیەوە:-

**قوناغی یەکەم:** نەخۆشخانە تایبەتەکان:- لە قوناغی یەکەمدا مەرجی پابەندبوون بەم سیستەمە بۆ پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی نەخۆشخانە تایبەتەکان زیاد بکرێت، هەموو نەخۆشخانە تایبەتەکان ناچار بکرێن مانگانە ئاماری خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکانیان بە شێوەی دەوری بدەن بە بەشەکانی پشکنین و بەدواداچوونی کەرتی تایبەت لە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتواندرێت رێژە سەدیەکەی دیاری بکرێت، دواتر هەر نەخۆشخانەیەك بەپێی خزمەتگوزاریەکانی و جۆری ئەو خزمەتگوزاریەی دەتوانێت پێشکەشی بکات بالانسێکی بۆ دیاری بکرێت، هاوکات وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانە تایبەتەکان ناچار بکات، خاڵێك بۆ گرێبەستی نێوان نەخۆشخانە تایبەتەکە و پزیشکی تایبەتمەند کە لەنەخۆشانەکە نەشتەرگەری ئەنجام دەدات زیاد بکرێت کە بە رونی پزیشکەکە پابەند بکات بەوەی وەك بەشێك لە نەخۆشخانەکە پابەند بێت بە پابەندیی نەخۆشخانەکە بە سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار کە بەهەمان نرخی کەرتی گشتی ئەنجامی بدات هاوکات نەخۆشخانەکەش پابەند بێت بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی دیکەی پێویست بە نەخۆشەکە وەك چاودێری و ژوری مانەوەو پێداویستیەکانی دیکە بەهەمان دۆخی کەرتی گشتی بەیانیان.

**قۆناغی دوەم:** کلینیکە پزیشکیە تایبەتەکان:- لەم قۆناغەدا سەرجەم کلینکە پزیشکیە تایبەتە ئێوارانەکان مەرجی ئەوە بۆ پێدانی مۆڵەت یان نوێکردنەوەی زیاد بکرێت کە رێژەیەکی سەدی لە خزمەتگوزاریەکانیان بە پێی پسپۆری کلینکەکە بکرێت بە نرخی هەممان خزمەتگوزاری هاوشێوەی کەرتی گشتی بەیانیان.

**قۆناغی سێیەم:** دەرمانخانەکان:- لەم قۆناغەدا سەرجەم دەرمانخانەکانی کەرتی تایبەت ناچار بکرێن سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار جێبەجێ بکەن و رێژەیەکی سەدی لە خزمەتگوزاریەکانیان هاوشێوەی کەرتی گشتی بەیانیان بێت.

**قۆناغی چوارەم:** تاقیگەکانی کەرتی تایبەت:- لەم قۆناغەشدا سەرجەم تاقیگەکانی کەرتی تایبەت ناچار بکرێن رێژەیەکی سەدی پشکنینەکان هاوشێوەی هەممان نرخی پشکنینی هاوشێوە لێبکەن لەکەرتی گشتی بەیانیان

بە گەیشتن بە جێبەجێکردنی هەرچوار قۆناغەکەی سەرەوە دەبین بە خاوەنی سیستەمێکی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان کە کەرتی تایبەتیش رۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە خەڵك و بارگرانی سەر کەرتی گشتی کەمبکاتەوە، بە جۆرێك ئەو نەخۆشانەی ئەم سیستەمە دەیانگرێتەوە بتوانن لە کەرتی تایبەتیش بەهەمان شێوەو نرخی کەرتی گشتی بەیانیان تەواوی پێداویستیەکانی چارەسەر کردنی نەخۆشیان بۆ دابین بکرێت، کە ئەمەش خۆشحاڵیەکی زۆری خەڵکی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە ژیان رزگار کەر بۆ هەزاران هاووڵاتی هەرێمی کوردستان لەساڵێکی دیاریکراودا، هاوکات دەبێتە هۆی زیادبوونی ئینتمای نیشتمانی لای خەڵك کە هەست دەکەن حکومەت بڕیارەکان لەبەرژەوەندی ئەوان دەردەکات و کەرتی تایبەت تەنیا بۆ خەڵکانی دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایە نیە، بەڵکو بە بڕیاری حکومەت خەڵکانی کەم درامەتیش دەتوانن لە کەرتی تایبەت سودمەند بن .

## ڕاسپاردەی بەشداربوانی کۆنفراسەکە بۆ جۆری ئەو خزمەتگوزاریەی ئەم سیستەمە لە هەرێمی کوردستان بیگرێتەوە:-

بەشداربوان جگە لە پێباشبوونی بیرۆکەی سیستەمی مۆڵەتی مەرجدار بە کەرتی تایبەت هاوکات پێشنیازی کۆمەڵێك خزمەتگوزاریان کرد کە رۆژانە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان پێویستیان پێی هەیە و کەرتی گشتی توانای سنوردارە بۆ روماڵکردنی تەواوی خواستەکانی خەڵك لەوانە:-

### یەکەم: نەشتەرگەری بە هەموو جۆرەکانیەوە

دوەم: تیشکەکانی MRAY و CT-Scan کە پێویستیەکی زۆری خەڵکە وەك بەشێك لە هەوڵدان بۆ دیاریکردنی گرفتە تەندروستیەکان و توانای کەرتی گشتی سنوردارە بۆ جێبەجێکردنی داوای سەرجەم هاووڵاتیان لەکاتی دیاری کراودا، هاوکات رۆژانە هەزاران هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان بۆ گرتنی ئەو جۆرە تیشکانە ناچارن سەردانی کەرتی تایبەت بکەن .

### سێیەم: چارەسەری نەخۆشیەکانی شێرپەنجە بە هەموو جۆرەکانیەوە

**چوارەم: چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە،** کە بواری چاوەرێکردنی نیە و توانای کەرتی گشتی سنوردارە

### پێنجەم: دەرمان

### شەشەم: هەربوارێکی دیکە کە وەزارەتی تەندروستی بە پێویستی بزانێت

**بەشداربوان:-**

بۆ ئەم کۆنفراسە جگە لە وەفدی وەزارەتی تەندروستی بانگهێشت ئاراستەی سەرجەم بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەرێوەبەرایەتیە تەندروستیەکان کرا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هاوکات تەنیا لایەنی حکومی بانگهێشتکرا، ئەوەش لەبەر ئەوەی گرفتی فشار تەنیا روبەرووی لایەنی تەندروستی حکومی

(کەرتی گشتی) دەبێتەوەو ئەوان دەزانن چارەسەری گونجاو بۆ ئەم گرفتە چیە، بەداخەوە بەهۆکاری لۆجستی هەروەها بەهۆی سەرقاڵی بەکاری رۆژانەی خۆیان، نوێنەرانی کەرتی گشتی لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و ئیدارە سەربەخۆکانی سۆران و زاخۆ و راپەڕین، هەروەها قەزای کۆیە نەیانتوانی بەشدار بن، بەڵام نوێنەرانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و قەزای چەمچەماڵ بەشدارییان کرد بەمجۆرە -:

**یەکەم: وەزارەتی تەندروستی:-** د. باواجی کەریم ساڵح، بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام لە دیوانی وەزارەت وەك وەزارەتی تەندروستی لەسەر راسپاردەی بەڕێز وەزیری تەندروستی بەشداریی کرد، بەڵام د. سوزی ئەحمەد ساڵح، کە بڕیاربوو لەجێی بەڕێوەبەری گشتی پلانی ستراتیژی بەشداری بکات، بەهۆکاری تایبەتی خۆی بەشداری نەکرد و داوای لێبوردنی کرد کە ناتوانێت بەشداریی بکات .

**دووەم: دکتۆر سامان حەمە خورشید،** راوێژکاری وەزارەتی تەندروستی، لەسەر بانگهێشتی رێکخراوی ئاران وەك پیسپۆرێکی تەندروستی بەشداریی کرد .

**سێیەم: د. سەنگەر محەمەد رەفیق،** جێگری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە.

**چوارەم: شەریف رحیم محمد،** جێگری بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ

**پێنجەم: ئازاد حەمە فەرەج،** نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

**شەشەم: د. زەردەشت بەکر،** نوێنەری نەخۆشخانەی هیوا/ سلێمانی

**حەوتەم: محەمەد عەلی،** جێگری بەڕێوەبەری سەنتەری بوژانەوەی دڵ/ سلێمانی

**هەشتەم: د. ژوان شەریف عبدالرحمن،** لێپرسراوی بەشی پشکنینی کەرتی تایبەت/نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

**نۆیەم: د. بنار سەردار سەیدا،** نوێنەری سەنتەری چارەسەری نەخۆشیەکانی گورچیلە/ سلێمانی .

## کێن ئەو کەسانەی ئەم خزمەتگوزاریە دەیانگرێتەوە؟

ئەم خزمەتگوزاریە چەند توێژێکی دیاری کراوی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، کە بەپێی پێوەرەکانی حکومەت دەچنە خانەی کەم درامەتانەوەو بریتین لەمانەی خوارەوە-:

**یەکەم: لە روی داهاتەوە-:**

- سودمەندبوانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی
- کەم ئەندامان
- ئەوانەی موچەیان نزمە

- ئەوانەی هیچ داهاتێکیان نیە

- هەر توێژێکی تر کە دەرکەوت پێویستە

**دوەم: لە روی جوگرافیای نیشتەجێبوونەوە:-**

هاووڵاتیانی سنوری کارگێڕی هەرێمی کوردستان دەتوانن لەم سیستەمە سودمەند بن، هەروەها دەکرێت میکانیزمێکیش بۆ هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دابنرێت و ئەوانیش سودمەند بن .

***چۆن سودمەندبوانی ئەم سیستەمە دیاری دەکرێن؟**

لیژنەیەکی تایبەتمەندی حکومی لە سەر ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی یان بەرێوەبەرایەتی تەندروستی لە پارێزگاو ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دروستبکرێت، دوای ئەوەی لیژنەکە بۆی دەر ئەکەوێت نەخۆشەکە یەکێك لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدایە و لە کەرتی گشتی بە هەر هۆیەکەوە بێت ناتوانرێت چارەسەرەکەی بۆ بکرێت، ئەوا لیژنەکە بریاری ئاراستەکردنی دەدات بۆ یەکێك لە نەخۆشخانە تایبەتەکان.

## لە بارەی ڕێکخراوی ئارانەوە

ئاران بۆ پەرەپیدانی کلتوری مەدەنی، رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە، ساڵی ٢٠١٣ لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی پرۆژەیەکی دامەزراوەی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی، کە لە لایەن دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدنییەوە جێبەجێ دەکرا دامەزراوەو لە فەرمانگەی رێخراوە ناحکومییەکانی هەرێم تۆمار کراوە، ساڵی ٢٠١٧ لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی بەغدا گونجاندنی بۆ کراوە.

رێکخراوی ئاران، لە پێناو بەدیهێنانی شەفافیەت و گەیشتن بە حکومڕانی باش و سەروەری یاسا و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی کار دەکات و لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئاژانسەکانی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان و رێکخراوە ناوخۆییەکان کار دەکات.